ئامۆژگاری

لە (١٠٠٠) چیرۆکی ڕاستەقینەدا

مەلا عەبدوالخالق حەسەن شوانی

Scanned with CamScanner

238 posts | 19.2k followers | 7 following

Promote | Edit Profile

📚 PDF کتێبی 📚 پەرەی فەرمی

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

📩 Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_

Ktebi_PDF



Scanned with CamScanner

ئامۆژگاری

لە(1000)چیرۆکی راستەقینەدا

Scanned with CamScanner

ناسنامەی کتێب

ناو: نامۆژگاری لە (1000) چیرۆکی راستەقینەدا

بابەت: نامۆژگاری ئایینی

نووسەر: مەلا عەبدولخالق حەسەن شوانی

چاپخانە: هێڤی -هەولێر

چاپ: چوارەم

تیراژ: 1000

بەرهەم: 18

کتێبخانەی
حاجی قادری کۆیی
دیزاین - چاپکردن - بڵاوکردنەوە
٠٦٦ ٢٢٣٣٨٦٨
٠٦٦ ٢٦٤٨٩٠٧
عێراق - کوردستان - هەولێر

مافی چاپ پارێزراوە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (142)ی ساڵی (2007)ی پێدراوە.

07504671394
07501181919
07504885903
hawler.chap@gmail.com

Scanned with CamScanner

ئامۆژگاری

لە

(1000)

چیرۆکی راستەقینەدا

دانـــانی

مەلا عەبدولخالیق حەسەن شوانی

چوارەم چاپ

2012

Scanned with CamScanner

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحدة والصلاة و والسلام علي من لا نبي بعدة و علي الة وأصحابة الي يوم لا يوم بعدة، أما بعد:

خوشکان و برایانی موسوڵمان ! من ناوم مەلا عەبدولخالق حەسەن مستەفا حاجی شەریف قادر نەحمەد (جانگان)، لە هۆزی شوانی خاسەم. لە بنەڕەتا خەڵکی دێی تلیان بووینە. بەڵام لەمێژە هاتوینەتە دەڤەری هەولێر. من نوسینم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1984، بەڵام لەبەر نەوەی چاپەمەنی نەو کات وەك ئێستا ئاسان نەبوو. بۆیە نووسەرانیش ژمارەیان کەمتر بوو. من لە دوای راپەڕینی 1991. تا ئێستا پتر لە 21 پەرتوکم داناوە. لەسەر کیسەی خۆم بە چاپم گەیاندوون. نومێدم هەیە لە بارەگای خوداو ئێوەش نزام بۆ بکەن خودا یارمەتیم بدات، بۆ خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و شارەزا بوونی گەلی کورد لە زانستە جۆرا و جۆرەکانی ئیسلام!

نەوەی راستی بێت موژدەتان پێدەدەم دوو پەرتوکم لەم (21) پەرتوکەمدا، پتر گەشەیان پێبدەم نومێدم هەیە ژمارەی بەرگ و زنجیرەیان بگاتە 100 بەرگ. نەوانیش جووتە پەرتوکی بەناو، (نەوەتانە پۆپەی مەرام بۆ سەرجەم پرسیار و وەڵام) تا ئێستا 6 زنجیرەی لێ چاپ کراوە. زنجیرەی یەکەم و دوهەم و سێهەم (760) پرسیاری جۆراو جۆری بە خۆیەوە گرتووە لە هەموو بوارێکدا پرسیارێکی کورت و واتادارم دارشتوە، وەڵامێکی پوختەم داوەتەوە. هەمدیس زنجیرەی چوارەم و پێنجەم و شەشەم لە لاپەڕە 31 ی زنجیرەی چوارەم ژمارەی پرسیارەکان دەگاتە هەزار پرسیار. سەر لە نوێ لە لاپەڕە (32) ی زنجیرەی چوارەم لە پرسیاری یەکەمەوە دەست پێدەکات تا کۆتایی زنجیرەی شەشەم دووبارە پرسیارەکان ژمارەیان دەگاتە 999 پرسیار دەگەڵ وەڵامیان، جا بزانە هەموو جارێك لە هەزارەوە دەوەستم و سەر لە نوێ لە پرسیاری یەکەمەوە دەست پێدەکەم کەواتە تا ئێستا ژمارەی پرسیار و وەرامەکانی پۆپە دوو هەزارن، بە یارمەتی خودا ئەمساڵ هەزار پرسیاری ترتان بۆ ئامادە دەکەم، ئەگەر خودا یار بێت. بۆیەش تیشك دەخەمە سەر ئەم نهێنیانەم تا وەکو ئاگادار بن و ئەوەی لە دڵم دایە لێتانی نەشارمەوە. کەواتە ان شا الله بەم نزیکانە چاوەڕێی زنجیرەکانی تری پۆپەی مەرام بن. پەرتووکی دووهەمیش کە نیازم هەیە.

لە پاشەڕۆژدا ژمارەی بەرگەکانی بگاتە پانزە بەرگ ئەویش پەرتووکی (ئامۆژگاری) یە کە تایبەتە بە ئامۆژگاری و چیرۆك و قسەی زانا و دانا و پێغەمبەران و سەرگوزشتەی دلگیری ئەوان.

ژمارەی ئامۆژگاریەکان تا ئێستا گەیشتۆتە هەزار ئامۆژگاری، ئیدی پشت بە خودا، لەسەر ئێمەیە نزا، لەسەر خوداش وەرام و گیرابوون.

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان، درود لەسەر گیانی پاکی پێغەمبەرمان (ص)، هەروەها سەرجەم باوەڕداران، ئەی موسڵمانی دڵ ڕەوشەن، ئەم پەرتووکەی بەردەستت، دەرم هێناوە لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەر و پەرتووکە چیرۆکیەکان.

مەلا عەبدولخالیق شوانی

Scanned with CamScanner

- 1- **قسه نەکردن و دڵ شکان: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: دەرگەی بەهەشت لە هەموو ڕۆژانی دوشەمە و پێنج شەمەیەك دەکرێتەوە، داوای لێ خۆشبون دەکا بۆ ئەوانەی هاوبەشیان بۆ خوا دانەناوە، جگە لە بەندەیەك کە تاکو چاك دەبێتەوە لەگەڵ برادەرەکەی ! بنوارنە ئەم دوو ناکۆکە تا چاك دەبنەوە ! ... بنوارنەوە ئەم دووە تاکو چاك دەبنەوە.
- 2- **لێ خۆشبوون: دەگێڕنەوە:** ڕۆژێ پێغەمبەر (ﷺ) ئامۆژگاری یارانی دەکرد فەرمووی: لە پێش ئێوە پیاوێکی دەوڵەمەند هەبوو، هەرکەسێ داوای، پارەی قەرزی لێ بکردبوایە مۆڵەتی بۆ دادەنا، ئینجا کەساتی وەرگرتنەوە دەهات لێی خۆش دەبوو، خودا حیسابی لەگەڵ کرد فەرمووی: ئەی فیسار ! مادەم تۆ لە ژین لەبەندەکانی من خۆش دەبووی ! ئەوا منیش هەنوکە لێت خۆش بووم ! ....
- 3- **عەتا لە ئیبن عەباس دەگێڕێتەوە:** دەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) ڕابوورد بەلای دەستەیێك لە یارانیدا، حەزرەتی عومەریشیان تیادابوو، فەرمووی: ئایا ئێوە بە ڕاستی خاوەن باوەڕن،؟ کەسێ وەڵامی نەدایەوە، عومەر فەرمووی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا ! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دروشمی بڕواتان چیە ؟ فەرمووی لە کاتی خۆشی سوپاسی خودا دەکەین و لە تەنگانە ئارام دەبین، ڕەزامەندین بە قەزا و قەدەر، پێغەمبەر فەرمووی سوێند بەخودا بڕواداران.
- 4- **پشت بەستن بە خوا:** ترمزی دەڵێ: عەرەبێ هاتە خزمەتی پێغەمبەر

Scanned with CamScanner

(ﷺ) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا ! بەوشتر هاتوم، پشت بە خودا بەرەڵام کردوە وازی لێ نەهێنم ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: نەی ببەستەوە: ئینجا پشت بە خودا ببەستە! ... (گفتەی . ت.).

- 5- **نان بدەیی: دەگێڕنەوە:** پیاوێ لە پێغەمبەری (ﷺ) پرسی: چ شتێ لە ئایینی ئیسلامدا زۆر چاکە،؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: نان بدە و سلاوِیش لە هەموو کەسێ بکە، بیناسی، یا نەیناسی . (گفتەی . ب . م .).
- 6- **کارکردن: دەگێڕنەوە:** جارێ کۆمەڵە کەسێ هاتنە خزمەتی پێغەمبەر یەکێکیان عەرزی کرد: فیسارەکەس هەمیشە خەریکی نوێژ و ڕۆژو و قورئان خوێندن و ناوبردنی خودایە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ئەی کێتان نان و ئاوێکی بۆ پەیدا دەکات ؟ خەڵکەکە گوتیان هەموومان: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: هەمووتان لەو باشترن!
- 7- **کردەوەی چاك: دەگێڕنەوە:** یاران گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ! چ کردەوەیەك باشە،؟ فەرموی: بڕوا بە خوا و پێغەمبەر، گوتیان لە پاش ئەمە چی، ؟ فەرمووی: خەبات لە پێناوی ئایین، گوتیان پاش ئەمە چی،؟ فەرمووی: چوون بۆ ماڵی خوا بە پارە و دراوێکی ڕەوا....
- 8- **درۆکردن: دەگێڕنەوە:** گوتیان: ئەی پێغەمبەری (ﷺ) خوا ! ئایا بڕوادار ترسنۆك دەبێ،؟ فەرمووی: بەڵێ، گوتیان: ئایا بڕوادار ڕژد دەبێ ؟ فەرمووی: بەڵێ، گوتیان ئایا بڕوادار درۆزن دەبێ ؟ فەرمووی نەخێر!.

Scanned with CamScanner

- 9- **چاکترین دۆست: دەگێڕنەوە:** پیاوێ هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی پێغەمبەری خوا ! شایەنترین کەسێ کێ یە بۆ دۆستایەتیم،؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دایکت، فەرمووی لە پاشان، فەرمووی: دایکت، فەرمووی لە پاشان ؟ فەرمووی باوکت، فەرمووی لە پاشان ؟ فەرمووی: ئەوبەرتر و ئەم بەر تر. (گفتەی . ب . م .)
- 10- **نزیکترین هاوسێ: دەگێڕنەوە:** عائیشە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ! من دوو هاوسێم هەیە دیاری بۆ کامەیان بەرم ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: بۆ ئەوەیان کە دەرگەکەی نزیکترە لێت . (گفتەی . ب . م.)
- 11- **زەکات بەسەید ناشێ: دەگێڕنەوە:** جارێ حەسەنی پێشەوا عەلی دەنکە قەسپێکی هەڵگرتەوە لە قەسپی زەکات، بردیە نێو دەمی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: کخ، کخ، تفی کەرەوە ئایا نازانی زەکات بە ئێمە ناشێ !!!!..... (گفتەی . ب . م).
- 12- **بێ دڵی نەکردنی نەخۆش: دەگێڕنەوە:** جارێ پێغەمبەر (ﷺ) بۆ دیدەنی نەخۆشێ چوو فەرمووی: مەرەقت لە چی یە،؟ فەرموی مەرەق و ئارەزووم نانی گەنمە. فەرمووی: هەر کەسێ نانی گەنمی لایە بابۆی بهێنی . لە پاشان فەرمووی: نەخۆشەکانتان ئارەزووی شتێکیان کرد بۆیان پەیدا بکەن ! ..... (گفتە . ابن ماجە).
- 13- **ئارەق دەردە: دەگێڕنەوە:** جارێ پزیشکێ فەرمووی: ئەی پێغەمبەری (ﷺ) خوا ! دەمەوێ ئارەق بکەمە نێو دەرمانی نەخۆشان بۆ چارەسەریان ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئارەق دەرمان نیە ! بەڵکو

Scanned with CamScanner

دەردە! (گفتەی م . ب).

- 14- **جوێن دان بە گرانەتا تاوانە : دەگێڕنەوە:** جارێ باسی گرانەتایان کرد لە لای پێغەمبەر پیاوێ جوێنی بە گرانەتا دا ! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: جوێن بە گرانەتا نەدەن، چونکە گرانەتا لەناو بەری تاوانە، هەروەك ئاگر لەناوبەری ژەنگو پیسی ئاسنە.... (گفتە . م .)
- 15- **کرنۆش بردن بۆ خوایە : دەگێڕنەوە:** جارێ سەلمانی فارسی ویستی کرنۆش بۆ پێغەمبەر (ﷺ) بە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی نابێ کەس کرنۆش بۆ کەس بە. ئەگەر فەرمانیشم پێ بکرابوایە، یەکێ کرنۆش بۆ یەکێ بە، ئەوا فەرمانم ئەکرد، ژن کرنۆش بۆ مێردەکەی بە! (گفتە. ب).
- 16- **خزمەت کردنی خێزان : دەگێڕنەوە:** جارێ پێغەمبەر (ﷺ) بە ئەبو هورەیرەی فەرموو: دینارێ بەخت بکەی لە پێناوی خودادا . دینارێ بەخت بکەی لە پێناوی هەژارێدا و دینارێ بەخت بکەی لە پێناو خێزانەکەتدا. ئەوەی لە پێناوی خێزانەکەت بەختت کردووە پاداشتی لە هەمووان پترە . (گفتە . ب .).
- 17- **چرای شەو : دەگێڕنەوە** لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) مالێك لە مەدینەدا ئاگری گرت و سووتا . کاتێ ئەم هەواڵە بە پێغەمبەر گەیشت فەرمووی: بەڕاستی ئاگر دوژمنە. جا ئەگەر کاتێ خوازتتان بخەون بیکوژێننەوە. (گفتەی . ب.)
- 18- **مەلای نوێژ درێژ:** دەگێڕنەوە: پیاوێ هاتە لای پێغەمبەر سکالای

Scanned with CamScanner

نوێژ درێژی مەلایەکی کـرد لـە نوێـژی بەیانیـدا، فـەرمووی: لەترسـی درێژی نوێژەکەی خۆم دوا دەخـەم. پێغەمبـەر ڕق و قینـی ئـاوای لـێ نەدیترا بوو فـەرمووی: ئـەی خەڵکینـە ! کـە پـێش نوێـژی دەکـەن بـا نوێژەکان کورت بن، چونکە پاش نوێـژەکان هەمـەڕەنگن، تەمەنـدارن، کاردارن، زامدارن.

19- **گەورەیی قل هو الله احد: دەگێڕنـەوە:** جارێ پیاوێ یـادی خـوای دەکرد بە سورەی (الاخلاص) یەکێ گوێی خۆی لـێ ڕاگرتبوو بـەیانی بـۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) چوو فەرمووی: فیسار هەمیـشە خـەریکی خوێنـدنی (قل هو الـلـه احد)ە، پیاوەکەش لەناکاو پەیدا بوو خەریکی خوێندنی (قـل هو الـلـه احد) بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەو خودایەی کـە گیـانی منی لـە دەستایە بە ڕاستی (قل هو الـلـه احد) سێ یـەکی قورئـانی پـیرۆزە. (گفتە . ب . م .)

- 20- **پێغەمبەر** ئامۆژگاری عەلی دەکا: دەگێڕنـەوە، پێغەمبـەر (ﷺ) جارێ بە پێشەوا عەلی گوت: ئەی عەلی ! سێ شت کە کات و ساتیان هات دوایان مەخە: نوێژ کە کاتی هات، تەرم کە ئامادە بوو، کـچ کـە هاوچەشنی بۆ پەیدا بوو.
- 21- **خێر کردن: دەگێڕنـەوە:** عائیـشە دەڵـێ: کاوڕێکمـان سـەربڕی هەموو گۆشتەکەمان بۆ خەڵك نارد: جگە لە شان و پیلـی کاوڕەکـە . پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: چیتان بۆ خۆمان جـێ هێـشتووە ؟ عائیـشە گوتی: تەنها پیلەکە، پێغەمبەر فەرمووی: نـەخێر هـەمووت بـۆ خۆمـان

Scanned with CamScanner

گێڕایەوە پیلەکە نەبێ! . (گفتە . ب).

- 22- **تورەو توندی: دەگێڕنەوە:** پیاوێ فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا: ببە ڕاسپێری چاکەم، پێغەمبەر فەرمووی: تورە و توند مەبە، پیاوەکە چەند جارێ ئەم پرسیارەی دووبارە و سێ بارە دەکردەوە، بەڵام قسەی پێغەمبەر (ﷺ) هەر ئەمە بوو کە دەیوت: تورە و توند مەبە. (گفتە .ت.)
- 23- **خۆش ویستنی خوا و پێغەمبەر: دەگێڕنەوە:** پیاوێ فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ! کەی جیهان وێران دەبێ ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: چیت بۆ ئامادە کردووە ؟ پیاوەکە فەرمووی: خۆشەویستی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) . پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: تۆ لەگەڵ خۆشەویستەکانتی کە خواو پێغەمبەرن. (گفتە م).
- 34- **دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر ڕۆژێ حەسەنی ئیمامی عەلی لە ماڵ بردە دەرێ سەری خستە سەر مینبەر، فەرمووی: ئەمە کوڕی منە، سەیدە، گەورەیە، ئومێدەوارم کە خوا بەهۆی ئەمەوە مەسرەتی بخاتە نێوان دوو دەستەی موسوڵمان . (گفتە . ب)
- 25- **نوستنی پێغەمبەر (ﷺ): دەگێڕنەوە** لە پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ دەیویست بخەوێ دەستی ڕاستی لە ژێر روخساری دادەنا، لە پاشان دەیفەرموو: (اللهم قنی عذابك یوم تبعث عبادك)....گفتە . ت . ابن ماجە.)
- 26- **زکری سبحان الله: دەگێڕنەوە** پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: کەسێ

Scanned with CamScanner

هەموو بەیانی و ئێوارەیەك سەد جار بڵێ (سبحان الله و بحمده) کەسێ چاکەیەکی چاکتری لانییە وەك چاکەی ئەو. مەگەر ئەوەی ئەم زکرەی کردبێ یا پتر لە ژمارەی ئەم زکرە! (گفته . م .)

- 27- **رایەخی پێغەمبەر: دەگێڕنەوە** جارێ پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر رایەخێکی حەسیر پاڵی دابووەوە، کەلەکەی شووی بەست بوو، لەبەر دڕی حەسیرەکە، عەبدوڵلای کوڕی مەسعود گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا: بۆچی ڕایەخێکی نەرمت بۆ دروست نەکەین! پێغەمبەر فەرمووی: من چ کارم بە جیهان نییە ! من لە جیهان وەك سوارێکم لە ژێر سێبەری درەختێ پشووبدا و لە پاشان جێی بهێڵێ. (گفته . ت .)
- 28- **خۆراکی پێغەمبەر: دەگێڕنەوە**: جارێ ئەبو هورەیرە بە کەناری هەندێ پیاو تێپەڕی خەریکی خواردنی گۆشت بوون. بانگیان کرد وەلامی نەدانەوە. فەرمووی پێغەمبەری خوا کە لە جیهان دەرچوو تێری نانە جۆ نەخوارد ! جا چۆن من خەریکی گۆشت خواردن بم !!! (گفته . ب-.
- 29- **ڕاستە لە ئیسلامەتی دا : دەگێڕنەوە**: جارێ هەندێ شەربەتیان دا پێغەمبەر (ﷺ) نۆشی کرد، منداڵێ لە دەستە ڕاستی بوو هەندێ جوامێر و پیرەمێرد لە دەستە چەپی بوون، پێغەمبەر بە منداڵەکەی فەرموو: ئایا ڕێم دەدەی ئەم شەربەتە بدەمە ئەم جوامێرانە؟ منداڵەکە گوتی: نەء ئەی پێغەمبەر: بەشی خۆم نادەم بە کەس، جگە لە خۆت، پێغەمبەریش دایە دەستی.

Scanned with CamScanner

- 30- **بێ فیزی پێغەمبەر: دەگێڕنەوە:** (ئەنەسی کوڕی مالیك) کاتێ بەلای منداڵان تێدەپەڕی سلاوی لێ دەکردن، دەیفەرموو: ئەمە کردەوەی پێغەمبەر بوو. (گفتەی ب).
- 31- **هەڵس و کەوتی پێغەمبەر لە ماڵ دا: دەگێڕنەوە:** پرسیاریان لە عائیشە کرد ئایا پێغەمبەر لە ماڵ دا چی دەکرد ؟ فەرمووی: خەریکی خزمەت کردنی خێزان دەبوو تا کاتی نوێژ، کاتی نوێژ بۆ نوێژ دەچوو.
- 32- **دەعیە چۆنە: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: یەکێ ئەندازەی توسقاڵە زەڕەیەك فیزی لە دڵ بێ ناچێتە بەهەشت . پیاوێ گوتی: ئەی پێغەمبەر، پیاو پێی خۆشە پۆشینە و پێتاوی جوان بن؟. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی خوا جوانە و جوانانیشی خۆشدەوێ، فیز و دەعیە سەرکێشی یە لە هەق و بێ نرخ کردنی مرۆڤە . (گفتە . م . د. ت).
- 33- **ئایین سانایە: دەگێڕنەوە:** جارێ عەرەبێ میزی لەناو مزگەوت دا کرد، خەڵکەکە لێی هەڵسانە سەر پێیان، پێغەمبەر فەرمووی: لێی گەڕێن هەڕەشە و گوڕەشەی لێ مەکەن، شوێنی میزەکە بەئاو خاوێن بکەنەوە، خوا منی بۆ ئاسانکاری ناردووە . نەك بۆ گرانکاری و سەختکاری.
- 34- **ئەوانەی شیاوی گەورایەتی نین: دەگێڕنەوە:** جارێ (ئەبو موسای ئەشعەری) و دوو ئامۆزای چوونە لای پێغەمبەر (ﷺ) یەکێکیان فەرمووی: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) هاتومە لات بمکەی بەکار

Scanned with CamScanner

بەدەست، ئەوی تریش هەمان پرسیاری کرد پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: سوێند بەخودا یەکێ داوای کاربەدەستایەتی بکا، یا ڕشت و سوور بێ لەسەری ناهێڵم توخنی کار بە دەستایەتی بکەوێ.

- 35- **ئەندازەی نوێژ و وتاری هەینی: دەگێڕنەوە** پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: نوێژی درێژ، وتاری کورت، نیشانەی مەلایەتی یە، فەرمووی نوێژتان درێژکەن و وتار تان کورت بکەن.
- 36- **سوپاسی پێغەمبەر بۆ خۆراك: دەگێڕنەوە:** جارێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بە خێزانەکانی: چیمان هەیە ؟ گوتیان: جگە لە سرکە چیترمان نییە. فەرمووی بیهێنن. هێنایان پێغەمبەر (ﷺ) سرکەکەی دەخوارد و دەیگوت: چاکترین پێ خۆر، سرکەیە، چاکترین پێ خۆر سرکەیە . (گفتەی م. د.ن.ت)
- 37- **چۆنیەتی چوونە مالآن: دەگێڕنەوە:** (کیلدەی کوری حەنبەل) جارێ چووە مالێ پێغەمبەر، بەلآم سەلامی نەکرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بگەڕێوە بلێ (السلام علیکم) . بێمە ژوورەوە کەواتە چۆنییەتی چوونە مالآن بەم جۆرە یە.
- 38- **چۆنیەتی چاوپێکەوتنی برادەران: دەگێڕنەوە:** پیاوێ گوتی:ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ): یەکێ چاوی بە دۆست و برادەری کەوت: ئایا لەبەری بچەمێتەوە ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: نەء، پیاوەکە فەرمووی: ماچ ماچ و دەس لەملانە بکەن؟ فەرمووی: نەء ، پیاوەکە فەرمووی تەوقە لەگەڵ یەکتر بکەن ؟ پێغەمبەر فەرمووی:

Scanned with CamScanner

(بەڵێ) .(گفتەی ت. ماجە . ئەحمەد).

- 39- **مافی موسوڵمانان: دەگێڕنەوە پێغەمبەر (ﷺ)** فەرمووی: مافی موسڵمان لەسەر موسڵمان پێنج شتە وەڵام دانەوەی سڵاو، سەردانی نەخۆش، بەدواکەوتنی تەرم، وەڵام دانەوەی بانگی نان خواردن، نزاکردنی بۆ پێ کژیوو. (گفتەی . ب.م.).
- 40- **بەزەیی هاتنەوە: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) (حەسەنی ئیمامی عەلی) ماچ کرد، (ئەقرەع) گوتی: من دە منداڵم هەیە، تا ئێستا یەکێکیانم ماچ نەکردوە، پێغەمبەر لە وەڵامی دا فەرمووی: یەکێ بە زەیی بە خەڵکا نەیەت، خوداش بەزەیی پێ نایەت . (گفتەی. ب .م).
- 41- **نزایە گیراکان: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: سێ نزا و پاڕانەوە بەبێ گومان گیران: نزای زۆر لێ کراو، نزای ڕێبوار و نزای باوك بۆ منداڵ. (گفتەی . ت. د).
- 42- **چاکترین کەس: دەگێڕنەوە** لە (عەبدوڵڵای ئیمامی عومەر) لە سەردەمی پێغەمبەردا لە نێوان خۆیان کاتێ باسی چاترین کەسیان دەکرد لە پێشیدا، ئیمامی ئەبوبەکریان ناودەبرد . ئینجا ئیمامی عومەر، ئینجا ئیمامی عوسمان، ئینجا ئیمامی عەلی (ر . خ) . (گفتەی ب)
- 43- **گەورەیی ژن لە ئیسلامەتی دا: دەگێڕنەوە**،عائیشە فەرمووی: (ژنێ لەگەڵ دوو کچ هاتە لام بۆ دەرۆزە،جگە لە دەنکە خورمایێ چیترم لانەبوو، خورماکەشم پێدا، ئەویش خورماکەی بەش کرد لە نێوان دوو کچەکەدا، پاشان هەڵساو ڕۆیشت، پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوە

Scanned with CamScanner

ئەم هەواڵەم بۆ گێڕایەوە، فەرمووی یەکێ خوا کچی پێ بدا و لەگەڵیان جوان هەڵس و کەوت بکا، دەبنە پەردە لەنێوان و ئەو و ئاگردا.

- 44- **هاوسێ ی خراپ: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەخوا بێ بڕوایە، بەخوا بێ بڕوایە، بەخوا بێ بڕوایە! وتیان: کێ ئەی پێغەمبەری خوا !؟ فەرمووی ئەو هاوسێیەی خەڵك دڵنیانییە لە هەڵس و کەوتی ! (گفتەی .ب. م).
- 45- **چۆنیەتی هەڵس و کەوتی موسوڵمان و کافر:** دەگێڕنەوە: لە ئەسمای کچی ئەبوبەکر، دایکی هاتە سەردانی لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) بەڵام بێ بڕوا بوو، فەرمووی چوومە لای پێغەمبەر گوتم: دایکم بۆ دیدەنیم هاتووە، چاکە و هاوکاری لەگەڵا بکەم ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەڵێ چاکەی لەگەڵا بکە . (گفتە .ب. م).
- 46- **قسە شکاندنی باوك: دەگێڕنەوە:** عەبدوڵڵای ئیمامی عومەر ژنێکی هەبوو زۆری خۆشدەویست، بەڵام باوکی ڕقی لێ دەبووەوە، فەرمووی: ئەی عەبدوڵڵا بەڕەڵڵای بکە، عەبدوڵڵاش دەڵێ گوتم: بەڕەڵڵای ناکەم، ئیمامی عومەر چووە لای پێغەمبەر و، پێغەمبەر فەرمووی، با بەرەڵڵای بکا . (گفتەی . د. ت.).
- 47- **خۆش ویستن لەبەر خودا: دەگێڕنەوە:** پیاوێ لەتەك پێغەمبەر بوو (ﷺ) پیاوی بەلایان ڕابوورد، پیاوەکەی تەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی پێغەمبەر: ئەی پێغەمبەر ! من ئەو پیاوەم زۆر خۆش دەوێ، پێغەمبەر فەرموی: خۆش ویستنەکەت لادرکاندوە ؟ فەرمووی:نەء ، پێغەمبەر فەرمووی: بڕۆ پێ ی بڵێ، ئەویش چوو پێ ی گوت، پیاوەکەش گوتی خوا خۆشتی بوێ، کە منت لەبەر ئەو خۆش دەوێ.

Scanned with CamScanner

• 48- **قووڵی دۆزەخ: دەگێڕنەوە:** جارێ یاران لە تەك پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبون کاتێ دەنگێکی گەورە هات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا دەزانن ئەم دەنگە چی بوو ؟ گوتیان خوا و پێغەمبەر شارەزاترن، فەرمووی: ئەمە دەنگی بەردێك بوو هەفتا ساڵە تێیان هەڵداوەتە نێو دۆزەخ و هەنووکە گەیشتە بنی، ئەمەش دەنگەکە بوو.

• 49-**سێ نزای پێغەمبەر** (ﷺ) **لە خودا: دەگێڕنەوە:** لە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی داوای سێ شتم لە خوا کرد، دوانیانی پێ بەخشیم، یەکێکیانی پێ نەبەخشیم، بەخشراوەکان: پاڕامەوە لەخوا گەلی من بە گرانی گشتی گیرۆدە نەکا، پێی بەخشیم . پاڕامەوە لە خودا گەلی من لەناو نەبا بە لافاوی گشتی پێی بەخشیم: پاڕامەوە خوا جەنگ و فرتێنە نەهێڵی لەناو گەلی من پێی نەبەخشیم.

• 50- **زۆرترینی نزای پێغەمبەر: دەگێڕنەوە:** پرسیاریان لە ئوموسەلەمە کرد زۆرترین نزا و پاڕانەوەی پێغەمبەر (ﷺ) چی بوو کاتێ کەلای تۆ دەمایەوە ؟ فەرمووی (یا مقلب القلوب ثبت قلبي علي دينك- (گفتەی . ت).

• 51- **زانستی موسڵمانان: دەگێڕنەوە:** هارونە ڕەشیدی پاشای عێراق، کات ژمێری دەستکردی خۆیانی بۆ پاشای وڵاتی ئینگلیز بە دیاری ڕەوانە کرد، کاتێ ئینگلیزەکان سەیری کات ژمێرەکەیان کرد گوتیان: ئەم کاتژمێرە شەیتانۆکەی تیادایە!!!

• 52- **لێبووردنی پێغەمبەر** (ﷺ)**:دەگێڕنەوە:** جارێك پێغەمبەر لە یەکێك لە جەنگەکان لەژێر سایەی درەختێ پشوو دەدات و جلەکانی

Scanned with CamScanner

بەلق و پۆپی درەختەکەوە هەڵدەواسێت، لەپاش کەمێك بێ باوەڕێ بەخۆ و بە شمشێرەوە دەردەکەوێت دەڵێت: ئەی محەمەد ! کێ هەیە لە دەست من ڕزگارت بکات، پێغەمبەر دەڵێت: خودا!. بێ باوەڕەکە شمشێرەکەی لە دەست دەکەوێتە خوارەوە و پێغەمبەر (ﷺ) شمشێرەکە هەڵ دەگرێتەوە و دەڵێت: تۆ کێ ڕزگارت دەکات لە دەست من ؟ بێ باوەڕەکە دەڵێت: بەزەییت، پێغەمبەر لێی دەبووڕێت، ئەویش موسوڵمان دەبێت.

- 53- **هیچ شت لە خودا بزر نی یە :دەگێڕنەوە:** جارێك پێشەوا عومەر بە شوانێکی گوت: مەڕێکم پێ بفرۆشە و بە گەورەکەت بڵێ گورگ خواردی، شوانەکە گوتی: ئەی لەلای خودا چی بڵێم ؟ ئەی پێشەوا عومەر، هیچ شت لە خودا بزر نیە، ڕۆژی دووهەم بۆلای گەورەی شوانەکە چوو و ئازادی کرد!
- 54- **ترسی پێشەوا عومەر لە قورئان: دەگێڕنەوە** جارێك پێشەوا عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) هاتووچۆ دەکات لەنێو ماڵە هاوەڵەکان، لەپاش کەمێك گوێی لە دەنگی قورئان خوێندنێك دەبێت، کە سورەتی (الطور) دەخوێنێ، ئەویش گوێی بۆ شل دەکات، تا دەگاتە ئایەتی (ان عذاب ربك لواقع- لەبەر ترسی ئەم ئایەتە پیرۆزە لەرز دەیگرێ و بۆ ماڵەوە دەچێتەوە، لەبەر هەڕەشەی ئەم ئایەتە مانگێك لە ماڵەوە نەخۆشی دەکەوێت!!!

Scanned with CamScanner

- 55- **باوکی بووخاری ڕەوا خۆر بووە: دەگێڕنەوە:** ئیسماعیلی باوکی پێشەوا بوخاری لەسەرە مەرگیدا ڕووی لە ئامادە بووەکان کرد و گوتی: بەخودا، گومان نابەم کە خۆراکی نارەوام خواردبێت.
- 56- **خۆگرتنی بوخاری لەکاتی نوێژدا: دەگێڕنەوە:** جارێك پێشەوا بوخاری نوێژ دەکات لەناو نوێژەکەیدا زەنگە سۆرەیەك (17) جار پێوەی دەدات، بەلام ئەو نوێژەکەی نابڕێت.
- 57- **بەزەیی هاتنی عومەر بە گیانداران: دەگێڕنەوە:** جارێك پێشەوا عومەر(خوای لێ ڕازی بێت) لە قرچە قرچی گەرمادا، لەبەر هەندێ ئاژەڵ دەبێت، بەلام لەبەر سەختێتی گەرماکە ئاژەڵەکان دەباتە بەر سێبەرێك و دەڵێت: سوێند بە خودا ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) مابوایە ئاوای دەکرد.
- 58- **زگی پێشەوا عەلی سەری خۆراکە و ژێری زانستە:** دەگێڕنەوە: جارێك پێشەوا عەلی لە نێو باژێڕدا دەسوڕێتەوە هەندێ کەس پێی دەڵێن (بزرك شکم) واتا: زگ گەورە، ڕستەیەکی فارسیە، پێشەوا عەلیش دەڵێت: سەری خۆراکە و ژێری زانستە !!!
- 59- **یەکێ لەنازناوەکانی پێشەوا عەلی ئەبوتورابە: دەگێڕنەوە:** جارێك پێشەوا عەلی دڵی لە فاتیمەی خێزانی تۆزێ دەرەنجێ، لە ڕکان دەچێتە ژێر دیواری کەعبە، سەر زگی پڕ خۆڵ دەکات، پێغەمبەریش ئەم هەواڵە دەزانێت، دەچێتە لای و دەڵێ: هەستە ئەبو توراب.
- 60- **گۆڕستان چاترین دانیشگایە: دەگێڕنەوە:** جارێك کۆمەڵێك پیاو

Scanned with CamScanner

بۆ گلەیی و گازاندە دەچنە لای هارونە ڕەشیدی پاشای عێراق،لەبەر ئەوەی بە هلولی برای هەمیشە لەسەر گۆڕستانە، هارونە ڕەشیدیش بانگی بەهلول دەکات و دەڵێت: باشە لەبەر چی هێندە دەچیە سەر گۆڕان ؟ ئەویش دەڵێت: ئەگەر لە لایان دانیشم ئازارم نادەن، ئەگەر بڕۆم بە خراپە باسم ناکەن!!!

- 61- **بەهەشت بەنۆرەیە : دەگێڕنەوە**: جارێك بایەزیدی بەستانی بۆ گەرماوێك دەچێت بەبێ ئەوەی نۆرە بگرێت، کابرای گەرماو چی دەڵێت برا چوونە ژوورەوە بە نۆرەیە ؟ بایەزید دەڵێت: ئەی هاوار ! بەهەشت چۆن بێ نۆرە دەبێت.
- 62- **مەزەندەی چاك : دەگێڕنەوە**: مالیکی کوڕی دیناریان لە خەودیت خودای گەورە چی لەگەڵ کردی ؟ گوتی: لە تاوانەکانم خۆشبوو لەبەر مەزەندەی چاکم بەرامبەریان.
- 63- **یاد کردنی مەرگ دڵ نەرم دەکا :دەگێڕنەوە**: ژنێك هاتە لای عائیشە سکالای دڵ ڕەقی خۆی بۆ کرد، عائیشەش گوتی: زۆر یادی مەرگ بکە دڵت نەرم دەبێت، ئەویش بە گوێی کرد لە پاش ماوەیەك دڵی نەرم بوو.
- 64- **خەباتی ژنە موسڵمان : دەگێڕنەوە**: عائیشە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ژن خەباتیان لە سەرە !؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ خەباتی بێ جەنگە، حەج و عەمرەیە.
- 65-**حەجی پەك کەوتە : دەگێڕنەوە** پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ)

Scanned with CamScanner

گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ! باوکم پیرە ؟ دروستە بۆم لە جیاتی ئەو حەجی بۆ بکەم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ . (گفتە. ت. ن).

- 66- **چاکێتی پێشەوا حەسەن لەگەڵ دایکی دا : دەگێڕنەوە:** حەسەنی کوڕی پێشەوا عەلی خواردنی لەگەڵ دایکی نەدەخوارد، ڕۆژێك دایکی پرسیاری لێ کرد، بۆچی نانم لەگەڵ ناخۆیت ؟ گوتی: دایە دەترسم لەکاتی خواردنمان دەست بۆ شتێ ببەم، تۆ دڵت لەسەری بێت.
- 67- **عائیشە و جولەکەیەك: دەگێڕنەوە:** عائیشەی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: جارێك جولەکەیەك کاری پێم بوو، منیش بۆم ئەنجامدا، ئەویش گوتی: خودا لە سزای گۆڕ دەت پارێزێ ! منیش ئەم قسەیەم بۆ پێغەمبەر (ﷺ) گێڕایەوە، پێغەمبەر فەرمووی ڕاست دەکات.
- 68- (**سبحان الله**) **یەك لە سامانی سولەیمان چاکترە : دەگێڕنەوە:** جارێك پیاوێك بەلای سامانی سولەیمان پێغەمبەر (ﷺ) تێپەڕی، لەبەر زۆری سامانەکە گوتی: سبحان الله، (با) ئەم قسەیەی بردە ناو گوێی سولەیمان و سولەیمان گوتی: بەخودا ئەمە چاکترە لە سامانی سولەیمان !!!
- 69-**دەرۆزەکەری بازرگان : دەگێڕنەوە:** جارێك دەرۆزەکەرێك هاتە لای پێشەوا عومەر و کۆمەڵێك یار، گوتی کامەتان ئیمشەو ڕام دەگرن ؟ پێشەوا عومەر فەرمووی: من، بەڵام ئەو تورەگەیەت چی تیادایە ؟ گوتی خۆراك، ئەویش هەمووی لە پێش وڵاخی زەکات ڕووکردوو

Scanned with CamScanner

گوتی تۆ بازرگانی، نەك هەژار !!.

- 70- **دەگێڕنەوە کاتێ** (سەعدی مەعاز) مەرگی خودای بەجێ هێنا (70) هەزار فریشتە ئامادەی ناشتنی تەرمەکەی بوون، تەختی خودا لەرزی، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: هێشتا لە گوشینی گۆڕ ڕزگاری نەبووە.
- 71- **ئازایەتی پێشەوا عەلی: دەگێڕنەوە**: لە جەنگی خەیبەردا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی عەلی ! تۆ ئاگات لە ماڵ بێت ؟ پێشەوا عەلی فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا ! لەنێو ژن و منداڵان بم.
- 72- **وەرعی پێشەوا ئەحمەد :دەگێڕنەوە**: پێشەوا ئەحمەد کاڵەکی نەدەخوارد پرسیاریان لێ کرد قوربان بۆچی کالەك ناخۆیت ؟ گوتی: نازانم پێغەمبەر چۆنی خواردووە، بە پەلکەوە یا بێ پەلك!.
- 73- **سەرزەنشت دەریا پیس دەکات: دەگێڕنەوە**: عائیشەی خێزانی پێغەمبەر لەلای پێغەمبەر باسی کورتە باڵایی سەفیەی کرد، پێغەمبەر فەرمووی ئای، ئای، عائیشە ئەم تاکە قسەیەی تۆ، ئەگەر تێکەڵ بە ئاوی دەریا بکرێت گەندە دەبێت.
- 74- **هەر عومەری جارانم: دەگێڕنەوە**: جارێك عومەری کوڕی عەبدولعەزیز تیشکی چرا کز دەبێت، دەچێت زیادی دەکات و دێتەوە جێی خۆی خەڵکەکەی دەوروبەری دەڵێن: قوربان بۆچی خۆت هەستای بە ئێمەت نەوت، ئەویش دەفەرموێ تیشکی چرا زیاد بکەم، یاکەم، هەر عومەری جارانم.

Scanned with CamScanner

- 75- **ترسی ئەبوبەکر لە خودا: دەگێڕنەوە:** ئەبوبەکری سدیق (ر.خ) ئەوەندە دەگریا سەری کولمەی خەتدار بوو بوو، بگرە جارێك باڵندەیەکی لە ئاسمان دیت گوتی: خۆزگە باڵندە دەبووم، رزگارم دەبوو لە دۆزەخ !!
- 76 - **ئەبوبەکر لە پێش مەرگدا جێنشینی خۆی دا عومەر: دەگێڕنەوە:** ئەبوبەکری سەدیق لە دەوروبەری سەرە مەرگیدا، ڕووی لە یاران کردو گوتی: ئایا ڕەزامەند نابن کە لە پاش خۆمدا عومەر ببێتە جێنشینتان؟ گوتیان بەڵێ: گوتی: کەواتە لە قسەی دەرنەچن.
- 77- **ڕێزی گەوران پێویستە: دەگێڕنەوە:** جارێك ئەبودەردا لە کاتی ڕۆیشتنیدا لە پێش ئەبوبەکر دەڕۆیشت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی (ئەبو دەرڕدا) چۆن پێش یەکێك دەکەویت، جگە لە پێغەمبەران کەس لەئەو گەورەتر نی یە .
- 78- **گزی هۆی چوونە دۆزەخە: دەگێڕنەوە:** جارێك هاوەڵێکی گەنج لە غەزادا تیرێکی پێدەکەوێت و شەهید دەبێت، یاران لەناو خۆیان دەڵێن لە خۆی خەنی شەهید بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (وا لە نێو سزای گۆڕە) چونکە عەبایەکی بەگزی (خیانەت) کردووەتە هی خۆی !!!!!!
- 79- **پاشماوەی پشیلە پاگژە:** پێشەوا مالیك لە پێغەمبەر (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە پرسیاریان لێ کرد، ئایا پاشماوەی پشیلە پیسە ؟ پێغەمبەر فەرمووی نەخێر.

Scanned with CamScanner

- 80- **سیواك كردنی بێ ددانـان: دەگێڕنـەوە** عائیـشە فـەرمووی: ئـەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگـەر یـەكێك ددانـی نـەمابێت چـۆن سـیواك بكات ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بە پەنجە سیواك بكات واتا : پەنجـەی لە زاری وەربدات.
- 81- **دوو نەفرەت لێ كـراو: دەگێڕنـەوە**: پێغەمبـەر فـەرمووی (ﷺ): خۆتان لە دوو نەفرەت لێ كراو دوور بكەنەوە ، یـاران گوتیـان: ئـەی پێغەمبەری خودا دوو نەفرەت لێ كراوەكە چـین ؟ پێغەمبـەر فـەرمووی ئەو كەسەی لەسەر ڕێگە و بەرسێبەر پاشەڕۆ دەكات.
- 82- **مشكی نـاوڕۆن: دەگێڕنەوە**: یاران گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ؟ حوكمی ئەو ڕۆنە چی یە كە مشكی كەوتۆتە ناو؟ پێغەمبـەر فـەرمووی (ﷺ) ئەگەر ڕۆنەكە توند بوو، ئەوە تـەنها دەوروبەرەكـەی فڕەبـدەن، ئەگەر شلیش بوو ئەوا هەمووی فڕە بدەن.
- 83- **حوكمی ژنـی بـێ نوێـژ: دەگێڕنـەوە**: ئـبن مەسـعود دەفـەرموێ: پرسیارم لە پێغەمبەر كرد، ئەی پێغەمبەری خودا ! ژنێـك لـەبێ نوێژیـدا بێت چیم بۆ دروستە لەگەڵیدا ؟ پێغەمبـەر فـەرمووی: تـەنها دروسـت بوون دروست نی یە.
- 84- **حوكمی جولەكە لەگەڵ ژنی بێ نوێژ: دەگێڕنەوە**: ئەنەس دەڵـێ: جولەكـە داب و نـەریتیان ئـاوا بـوو، لەگـەڵ ژنـی بـێ نوێـژ نانیـان نـەدەخوارد، لەگـەڵیان دانەدەنیـشتن . پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی كارەكەیان هەڵەیە، هەموو شتێ بكەن جگە لە دروست بوون.

Scanned with CamScanner

- 85- **کەفارەی چوونە لای بێ نوێژ: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر فەرموویەتی: ئەگەر یەکێك بچێتە لای ژنی بێ نوێژی خۆی، لە سەرەتای خوێنەکەدا کەفارەکەی میسقالە زێڕەکە، ئەگەر لە کۆتایی خوێنەکەش بوو ئەوا نیو مسقاڵە.
- 86- **قەلەمی خودا لەسەر سێ کەس هەڵگیراوە:** دەگێڕنەوە: پێغەمبەر فەرموویەتی پێنووسی خودا لەسەر سێ کەس هەڵگیراوە:

1 – نوستو تا لەخەو هەڵدەستێت.

2– منداڵ تا هەرزەکار دەبێت.

3– شێت تا چاك دەبێت.

- 87- **دەنگ بەرزکردن بۆ بانگ خێرە: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر بە (ئەبو سەعیدی خودری) گوت: بەڕاستی من تۆ دەبینم کە زۆر ئارەزووت لە دەشتە، جا ئەگەر بۆ نوێژ بانگت دا دەنگت زۆر بەرز بکە، چونکە ئەوەندەی دەنگت بەرز بکەیت، هەرشتێ گوێی لە دەنگت بێت لە دواڕۆژداشایەتیت بۆ دەدەن.
- 88- **وازهێنان لە خودا پەرستی: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) بە عەبدوڵلای عەمری عاسی گوت: ئەی عەبدوڵلا وەك فیسار مەبە، ماوەیەك نوێژ دەکات، دوایی وازی لێ دەهێنێت.
- 89- **جەستەی ژن هەموو شەرمگەیە جگە لە روخسار و دەست: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) بە (ئەسمای کچی ئەبوبەکری سدیقی) گوت: ئەی (ئەسماء) ئەگەر ژن هەرزەکار بوو، دروست نی یە، هیچ ئەندامێکی جەستەی دیار بێت جگە لە ڕوخسار و دەستەکان.

Scanned with CamScanner

- 90- **کاتی نوێژی جەژنەکان: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر نامەیەکی بۆ (عەمری حەزم) نوسی کە ئەوکات (عەمر) لە (نەجران) بوو، ئەی عەمر ؟ نوێژی جەژنی ڕەمەزان درەنگ بکە و نوێژی جەژنی قوربان زوو بکە.
- 91- **ئەبوبەکر ئارەقی بە خەیاڵیدا نەهاتووە: دەگێڕنەوە:** ئەبوبەکری سەدیق نە لە سەردەمی نەفامی، نە لە سەردەمی ئیسلامەتیدا ئارەقی نەخواردۆتەوە، چونکە جارێك بەلای ئارەق خۆرێ تێ پەڕی، ئارەق خۆرەکە لەبەر سەرخۆشی دەستی لەنێو پیسایی نابوو، بۆ نێو زاری دەبرد، لەبەر ئەوە ئارەقی بە خەیاڵیشیدا نەدەهات.
- 92- **ئەیوب پێغەمبەر و گرفتی: دەگێڕنەوە:** کاتی خودای گەورە ئەیوب پێغەمبەری بەهۆی نەمانی منداڵی و سامانی تاقی کردەوە ، جارێك ژنەکەی گوتی: بۆچی داوا لە خودا ناکەیت ئەم گرفتەمان لەسەر لابات و دەرکەی خۆشیمان لێ بکاتەوە ؟ ئەیوب پێغەمبەر فەرمووی: ماوەی چەند ساڵە لە شادی داین ؟ ژنەکە گوتی ماوەی (60) ساڵە ئێ کەواتە چۆن شەرم نەکەم کە شادیەکەمان گەلێك پترە لە گرفتەکەمان.
- 93- **خودا بەبەزەیی ترە بۆ بەندەی لە باوك و دایك: دەگێڕنەوە:** جارێ ژنێ منداڵێکی لێ بزر دەبێت، ئەویش بەدوایا دەگەڕێ، تا دەیدۆزێتەوە، ئینجا ماچی دەکا و بۆنی دەکات، پێغەمبەریش چاوی لێ دەبێت و بە هاوەڵەکان دەڵێت، خودا بە سۆزترە بۆ بەندەی لەم دایکە بۆ منداڵەکەی !
- 94- **چاکە لەگەڵ گیانداران: دەگێڕنەوە:** جارێ پیاوێ لە بیابانێکدا زۆر پەرۆشی ئاو دەبێت و بە دوای ئاودا دەگەڕێت، تا بیرە ئاوێ

Scanned with CamScanner

دەدۆزێتەوە، دەچێتە ناو بیرەکە و تێر ئاو دەخواتەوە، کە دێتە دەرەوە وا سەگێك لە دەوروبەری بیرەکەدا کزو مەلول بووە لەبەر تێنوێتی، بەڵام ناتوانی دەمی بباتە ناو بیرەکە، کابرا دڵی نەرم دەبێ و دەچێتە ناو بیرەکە، پێڵاوەکەی پڕ ئاو دەکا و دەیداتە سەگەکە بەهۆی ئەم چاکەیە خودا لێ ی خۆش دەبێت.

- 95- **خراپە لەگەڵ گیانداران: دەگێڕنەوە:** ژنێ زۆر چاك بوو، ڕۆژیگرو زکر کار بوو، بەڵام جارێ لە جاران لەسەر هیچ و بەلاش پشیلەیەکی تۆپاند، خودای گەورە بەهۆی ئەم کارە بردیە دۆزەخ.
- 96- **سەردان ناوە ناوە بێ: دەگێڕنەوە:** ئەبو هورەیرە زۆر لەسەر یەك دەچووە سەردانی پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی ئەبو هورەیرە ناوە ناوە وەرە . خۆشەویستیەکەمان زۆرتر دەبێت.
- 97- **ترسی عوسمان لە گۆڕ: دەگێڕنەوە:** پێشەوا عوسمان کاتێ باسی گۆڕی لەلا دەکرا، زۆر دڵتەنگ و غەمبار دەبوو، جا پرسیاریان لێ کرد ئەمەت لەبەر چی یە ؟ فەرمووی: پێغەمبەر فەرموویەتی: گۆڕ یەکەم قۆناغە، ئەگەر مەردوم لەگۆڕ دەربچێت، لە قیامەتیش دەردەچێت.
- 98- **موسوڵمانی ئازا: دەگێڕنەوە** (جارێ پێشەوا عومەر وتار دەدات دەڵێت: ئەی موسوڵمانینە گوێ بگرن ! سەلمانی فارسی دەڵێت گوێ ناگرین دوێنێ جلێکت لەبەر دابوو، ئیمڕۆش یەکێکی تر، پێشەوا عومەریش ڕوو لە عەبدوڵلای کوڕی دەکات و دەڵێت: عەبدوڵلا کوڕم جلێکیان هی تۆنی یە ؟ عەبدوڵلاش دەڵێت: بەڵێ، سەلمان دەڵێت: ئێستا گوێ دەگرین.

Scanned with CamScanner

• 99- **چاکێتی جەستە لە دڵەوەیە: دەگێڕنەوە:** جارێ (لوقمانی حەکیم) شوانی دەوڵەمەندێ دەبێ، دەوڵەمەندەکە دەڵێت: لوقمان مەڕێکم بۆ سەربڕە چاکترین گۆشتم بۆ بهێنە، ئەویش مەڕێ سەر دەبڕێت و دڵ و زمانەکە لای دەوڵەمەندەکە دادەنێت، دەڵێت قوربان ئەمە چاترین گۆشتە . ئینجا دووبارە فەرمانی کوشتنەوەی مەڕێکی تری پێ دەکات، بەڵام ئەمجارە دەڵێت: خراپترین گۆشتم بۆ بهێنە لوقمان دووبارە، زمان و دڵەکەی لەپێش دادەنێت، کابرا دەڵێت: تێت ناگەم ؟ گوتم باشترین گۆشت زمان و دڵت هێنا، گوتم خراپترین گۆشت زمان و دڵت هێنا، لوقمان دەڵێت گەورەم گەر ئەمانە چاك بن جەستەش چاك دەبن!

• 100- **لەخەو هەڵسان وەك زیندووبونەوەیە: دەگێڕنەوە:** جارێ لوقمانی حەکیم بە کوڕەکەی دەڵێت: مەخەوە لە خەویش هەڵمەستە، کوڕەکە دەڵێت: باوکە ناتوانم، لوقمان دەڵێت: چۆن دەخەوی ئاوها دەمریت، چۆنیش لەخەو هەڵدەستیت ئاوا زیندوو دەبیتەوە!؟

• 101- **شوێنی تاوان: دەگێڕنەوە:** جارێك (داودی تائی) بەلای شوێنێ تێپەڕی لەخۆ چوو . کە بەخۆی هاتەوە . پرسیاریان لێ کرد بۆچی وات لێ هات ؟ گوتی: لەو شوێنە جارێك باسی پیاوێکم هێنا، داواکەیم بە بیر هاتەوە لە ڕۆژی کۆتاییدا لەبەرامبەر خودا.

• 102- **هەموو شتێ لە دەست خودایە: دەگێڕنەوە:** جارێك هارونە ڕەشید پیاوێکی بەند کرد، لە پاشان دەرگەی بەندیخانەکە گوشاد بوو .

Scanned with CamScanner

خەبەر گەشتە هارۆنە ڕەشید گوتی: کێ بەریدای ؟ کابرا گوتی: ئەوەی گرتمی، هارون گوتی: کێ تۆی گرت .کابرا گوتی: ئەوەی بەریدام . مەبەستی خودا بوو.

- 103- **بێ باوەڕی گەورەترین نەخۆشیە : دەگێڕنەوە** . جارێك عیسا پێغەمبەر (ﷺ) بەلای پیاوێکی کوێرو بەلەك و پەککەوتە تێپەڕی دەیگوت: ئەی خودا: زۆر سوپاس کەمنت لە نەخۆشیەك ڕزگار کردووە زۆر کەس گیرۆدەی ئەو نەخۆشیەیە، عیساش گوتی: بۆ هێشتا لەتۆ نەخۆشتر هەیە ؟ کابرا گوتی: بەلێ پیاوی بێ باوەڕ . عیسا گوتی: ڕاست دەفەرمووی.
- 104- **سێ تاوان : دەگێڕنەوە**: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (لا تدخل الملائکه بیتا فیه صوره ولا کلب ولا جنب- د. ن ـــ فریشتەی خودا نایەتە ماڵێك وێنە و سەگ و لەش پیسی تیابێ.
- 105- **نابیە چاك تا بە گوێی شەرع نەکەی : دەگێڕنەوە** جارێك لای بایەزید باسی پیاوێکیان کرد .کەوا زۆر چاك و خودا ناسە. بایەزیدیش بۆ لای چوو، یەکسەر گەڕایەوە لەبەر ئەوەی کابرا تفی بەرەو ڕووگە ڕووکرد بایەزید گوتی: ئەگەر چاك بوایە ئەدەبی دەبوو بەرامبەر ڕوگەی خودا (قیبلە).
- 106- **ڕێزی پێغەمبەر لەلای عباس : دەگێڕنەوە**: جارێك بە عەباسی مامی پێغەمبەریان گوت: تۆ گەورەتری یا پێغەمبەر ؟ گوتی: ئەو گەورەترە، بەڵام من لە پێش ئەو لە دایك بوومە!.
- 107- **فریشتەکان لەسەر پیاو چاکان دەکەنەوە : دەگێڕنەوە**: جارێك

Scanned with CamScanner

زەیدی حاریسە لەگەڵ پیاوێکی مونافیق دەردەچێت لە چۆلیەك مونافیقەکە دەست و پێی زەید دەبەستێ و دەڵێت: دەتکوژم دەنگێك دێت دەڵێ: مەی کوژە لەپاش دەنگەکە دووبارە مونافیقەکە دەیەوێ بیکوژێ دووبارە دەنگێ دێت دەڵێ: مەی کوژە، لە پاش دەنگەکە سێ بارە مونافیقەکە دەیەوێ بیکوژێ. بەڵام یەکێك حەربەیەکی لێ دەدا و مونافیقەکە دەکوژی و دەست و پێی زەید دەکاتەوە و دەڵێت: من جبریلم لە جاری یەکەم لە سیدرە بووم. لە جاری دووهەم لە ئاسمانی دونیا بووم، لە جاری سێهەم گەیشتمە لات.

- 108- **گیاندار لە قسەی پیاوچاکان دەرناچن: دەگێڕنەوە:** جارێك سەلمانی فارسی میوانی هات، ئەو میوانەکەی لەگەڵ خۆی بردە دەشت، ڕووی لە باڵندە و ئاسك کرد، ئەوانیش هاتن سەلمان سەری بڕین کابرای میوان گوتی: سبحان الله ! سەلمان گوتی: ئایا دیوتە یەکێك خوداناس بێ، خودا لەگەڵی نەبێ!.
- 109- **نزای شەو: دەگێڕنەوە:** پرسیاریان لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد چ کاتێ بۆ نزا و پاڕانەوە چاکە ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: نیوەی شەو و لەپاش نوێژدا . (ت).
- 110- **نوێژ قەدەغەکاری تاوانە: دەگێڕنەوە:** جارێك پیاوێك ویستی زینا لەگەڵ مەلاژنێك بکات، مەلاژن گوتی: بەمەرجێ چل نوێژی بەیانی لە پشت پیاوەکەم بکەیت، واتا چل ڕۆژ ــ لەپاش چل ڕۆژەکە مەلاژن باسی داوای کابرای کرد، کابرا گوتی: تۆبەم کردووە!.
- 111- **دەست نوێژ لابەری تاوانە: دەگێڕنەوە:** جارێك عیسا پێغەمبەر بەلای ڕووبارێك تێپەڕی باڵندەیەك پێنج جار خۆی لەنێو قوڕ دەنا و دەچووە ناو ئاوەکە، حەزرەتی عیساش. ئەم پرسیارەی لە جوبریل کرد،

Scanned with CamScanner

ئەویش گوتی ئەمە شێوەی ئومەتی پێغەمبەرە، قورەکە تاوانـە، ئاوەکـەش لابەریەتی.

- 112- **گـەورێتی نوێـژی کۆمـەڵ لـەلای عومـەر: دەگێڕنـەوە:** جارێـك پێشەوا عومـەر نوێـژێکی بەکۆمـەڵی لـە دەسـت چـوو . لـە تۆڵەیـدا زەویەکی سەد هەزار درهەمباوی کردە خێر !!!
- 113- **خێری نوێژی بە کۆمـەڵ: دەگێڕنـەوە:** جارێـك پیـاوێکی چـاك نوێژێکی بە کۆمەڵی لە دەست چوو . ئەویش 25 پێنج نوێژی بـە جیـا جیای کرد. چونکە پێغەمبەر فەرموویەتی: نوێژی کۆمەڵ خێری یـەك بـە (25) یا بە (27)ە.
- 114- **گەورێتی الله اکبری نوێـژ دابەسـتان: دەگێڕنـەوە:** جارێـك دز چوار سەد وشتر و بەندەی ئەبوبەکریان دزی . پێغەمبەریش گوتی: ئـەی ئەبوبـەکر بۆچـی خـەمباری؟ وام زانـی یەکـەم (اللـه اکـبر)ی نوێـژ دابەستانت لە دەست چووە. ئەویش گوتی: بۆ ئەوەندە سەختە، ئەگـەر (اللـه اکبری) یەکەمم لە دەست بـچێت؟ پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی: بەڵێ، بەڵێی لەگەڵ پڕ بە زەویش.
- 115- **سێ نـزا لـە پاش نوێـژی بـەیانی: دەگێڕنـەوە** . پێغەمبـەر کـە نوێژی بەیانی دەکرد ئەم سێ نزایەی دەکرد. زانستی بەسوود و کـاری گیراو، ڕۆزی ڕەوا.
- 116- **مـار لـە زەکـات نـەدەر جیـا نـابێ: دەگێڕنـەوە:** لـە سـەردەمی عەبدوڵڵای عەباس پیاوێك مرد، هەفت گۆڕیان بۆ هەڵ کەنـد مـارێکی

Scanned with CamScanner

تیادابوو، عەبدوڵلا گوتی: ئەم پیاوە لە دونیا چی دەکرد ؟ گوتیان: زەکاتی نەدەدا!.

- 117- **هاوکاری: دەگێڕنەوە:** جارێك پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ هەندێ هاوەڵ لە گەشت دەبن، یەکێك دەڵێ من کاوڕەکە سەر دەبڕم. یەکێکی تر دەڵێ من کەوری دەکەم. یەکێکی تر دەڵێ من دەیکوڵێنم پێغەمبەریش دەڵێ من دارتان بۆ خڕ دەکەمەوە.
- 118- **ئەموستیلەی کوڕی خەلیفەی ئیسلام: دەگێڕنەوە:** جارێك کوڕێکی عومەری عەبدولعەزیز، ئەموستیلەیەکی بە هەزار درهەم کڕی، باوکی گوتی: کوڕم ئەموستیلەکەت بفرۆشە هەزار هەژاری پێ تێر بکە، ئەموستیلەیەکی تر بکڕە بە دوو درهەم لە سەری بنوسە (بەخشندەی خودا لەو کەسەی، دەروونی خۆی دەناسی).
- 119- **نوێژی تاك: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی نوێژی تاك (وتر) لەسەر هەموو موسوڵمانێکە، جا پێنج رەکات دەکات، یا سێ، یا یەك ڕەکات، بە حەزی خۆی .(د.ت).
- 120- 10 **ڕۆژی پیرۆز:** لە کاتی (10) ڕۆژە پیرۆزەکە رێبوارێ لە نێو گۆڕستان دەبێ، لەنێو گۆڕێك ڕوناکی دەردەچێت، ئەویش بیر دەکاتەوە دەنگێك دێت دەڵێت: ئەگەر دەتەوێت گۆڕەکەت ئاوا ڕوناك بێتەوە وەك ئەو کابرایە لەم دە ڕۆژە بە ڕۆژووبە.
- 121- **گەورێتی ڕۆژی عەرەفە: دەگێڕنەوە:** جارێك پیاوێکی چاك دۆستێکی خۆی لەخەو دیت، (10) روناکی لەپێش بوو، بەڵام ئەو دوو

Scanned with CamScanner

ڕووناکی لە پێش بوو، پرسیاری کرد: بۆچی من دوو ڕووناکیم هەیە دۆستەکەم (10) ڕۆناکی هەیە ؟ گوتیان: ئەو 10 ساڵە لە ڕۆژی عەرەفە بە ڕۆژووە. تۆ دووساڵە بەڕۆژی.

- 122- **گەورێتی عاشورا : دەگێڕنەوە:** نەسەفی دەڵێ: پیاوێکی دیل لە ڕۆژی عاشورا لە دەست کافران هەڵات گوتی: خودایە بۆ خاتری ئەم ڕۆژە ڕزگارم بکەی دەڵێت: خوا چاوی کافرەکانی کوێر کرد، کەشەو داهات فریشتەی خودا نان و ئاوی پێدا، ئەم پیاوە بۆ ماوەی (10) ساڵ هەتا مرد نان و ئاوی نەخوارد.!
- 123- **ڕقی شەیتان لە ئێمە : دەگێڕنەوە:** پیاوێك هەموو ڕۆژێ هەزار جار نەفرەتی لە شەیتان دەکرد، ڕۆژێك لەبەر سێبەری دیوارێ پاڵی دابوو،یەکێك هات گوتی: هەستە ئەم دیوارە بەسەرتا دەکەوێت . قسەکەی تەواو نەکرد . دیوارەکە ڕما. ئەویش گوتی: تۆ کێ ی ؟ گوتی: شەیتانم، گوتی: بۆ پێت ناخۆشە بمرم ؟ گوتی مەبەستم ئەوە بوو شەهید نەبی.
- 124- **گەورێتی خۆڵی جەنگ: دەگێڕنەوە:** جەنگاوەرێکی ئیسلام هەموو جارێ کە لە جەنگ دەهاتەوە، جلە بە تۆز و خۆڵەکەی دا دەوەشاند. تا ئەندازەی خۆڵەکە بووە خشتێکی بچوك گوتی: کە مردم ئەم خشتە لە ژێر سەرم دابنێن. لە پاش ماوەیەك لە خەویان دی گوتی: بە بەرەکەتی ئەم خشتە، خودا لێم خۆشبوو.
- 125- **ئەوەی بە زیندوو دەکرێ بە مردوو ناکرێ: دەگێڕنەوە:** جارێك

Scanned with CamScanner

پیاوێك بەلای گۆڕستان تێپەڕی دوو ڕكات نوێژی كرد و پاڵی دایەوە، یەكێك لە گۆڕەكان هاتە ئاخافتن و گوتی: تۆ دەتوانی زۆر نوێژان بكەی، بەڵام وەك ئێمە لە خێرەكەی ناگەیت، ئێمە لە خێرەكەی دەگەین، بەڵام ناتوانین بیكەین.

- 126- **گەورەترین نوێژ: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر فەرمووی (افضل الصلاة بعد الفريضة صلاة الليل- گەورەترین نوێژ لە پاش فەرزەكان شەو نوێژە. (م).
- 127- **جنێودان بە دایك: دەگێڕنەوە:** جارێك پیاوێك بەلای گۆڕێكی شەق بوو تێپەڕی، پیاوێكی لێ هاتەدەر سەری سەری كەربوو، سێ جار زەڕی، پرسیاری كرد، گوتیان: ئەم پیاوە هەموو ڕۆژێك وادەكات، ئەوە ئارەق خۆر بوو، دایكی دەیگوت ئارەق مەخۆ دەیگوت بزەڕە!!!
- 128- **پەیوەندی كوڕ و باوك بەیەكەوە: دەگێڕنەوە:** لە سەردەمی سولەیمان پێغەمبەر، كوڕێك ئارەقی دەخوارد . باوكەكە خۆی لێ تورە كرد . ئەویش چاوی باوكی دەرهێنا، كە بە خۆی هاتەوە، دەستی قوت كرد لە داخان، لە پاشاندا هەردووكیان چوونە لای سولەیمان پێغەمبەر، ئەویش دوعای بۆ كردن و گوتی: خودایە لەبەر رەحمی ئەو باوكە بۆ منداڵەكەی كە دەڵێ ئەگەر هەزار چاوم هەبوایە، كوڕەكەم هەمووی دەرهێنابوایە، نەك دەستی بڕابوایە، هەروەها لەبەر ڕێزی ئەم منداڵە بۆ باوكی چاكیان بكەیتەوە. یەكسەر چاك بوونەوە.
- 129- **خێر تەمەن درێژ دەكات: دەگێڕنەوە:** دوو پیاو لەلای داود

Scanned with CamScanner

پێغەمبەر دانیشتبوون، عزرائیلیش لەوێ بوو، عزرائیل گوتی: ئەم پیاوە تەمەنی هەفت ڕۆژ ماوە، لە پاش هەفت ڕۆژەکە پیاوەکە نەمرد و داود پێغەمبەر گوتی: سەردانی خزمێکی کرد خوا تەمەنی (10) ساڵ زێتر کرد.

- 130- **بەخشندەیی عەلی: دەگێڕنەوە:** جارێك پێشەوا عەلی سێ جار بانگی بەندەیەکی کرد وەڵامی نەدایەوە، چوو لێی بدات، بەندەکە پێ دەکەنی عەلی گوتی: بۆ وەڵامت نەدامەوە گوتی: ترسم لێت نەبوو.
- 131- **خێر خێری لەدوایە: دەگێڕنەوە:** کابرایەك و ژنێکی چاك هەبوون، یەك مەڕیان هەبوو، ڕۆژی جەژنی قوربان پیاوەکەی ویستی سەری ببڕی، ژنەکەی نەی هێشت لەپاش چەند ڕۆژێك میوانیان هات ژنەکە گوتی: بۆ ئەم میوانە سەری ببڕی باشە، سەریان بڕی پاشان مەڕێك هاتە حەوشەیان وایانزانی مەڕەکەی خۆیتیان، کەچی لە گوانێکی شیر دەهات لەوی تر هەنگوین.
- 132- **پاداشتی سلاو قەسرە: دەگێڕنەوە:** هەموو جارێك کە ئەبوبەکر و عەلی بەیەك دەگەیشتن، عەلی سلاوی لە ئەبوبەکر دەکرد، جارێك سلاوی لێ نەکرد، ئەبوبەکر ئەم قسەی بە پێغەمبەر (ﷺ) ڕاگەیاند، پێغەمبەر فەرمووی: بۆ سلاوت لێ نەکردووە ؟ عەلی گوتی: لەخەوما قەسرێکم دیت. گوتم ئەم قەسرە بۆ کێ یە ؟ گوتیان بۆ یەکێکە کە سلاو بکات . پێم خۆشە قەسرەکە بۆ ئەبوبەکر بێ نەك بۆ من.
- 133- **دوو خێری سانا: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر فەرموویەتی: کەسێك

Scanned with CamScanner

دەستنوێژێك بشوا و دوو ڕكات نوێژی لە دوادا بكات بە دڵێكی بێ خەیاڵ جگە لە بەهەشت پاداشتەكەی چیتر نییە.

- 134- **پاشە كەفت: دەگێڕنەوە:** جارێك سولەیمان پێغەمبەر مێروولەیەكی لەنێو شووشە كرد و گوتی: سالانە خۆراكت چەندە ؟ گوتی: دەنكە گەنمێك كە ساڵ سوڕایەوە نیو دەنكی خواردبوو، سولەیمان گوتی: ئەی بۆوتت سالانە دەنكێك دەخۆم وتی: بەڵێ، بەڵام وتم ئەگەر بەرم نەدەی دەمرم، لەبەر هەندێ ئاوام گوت: ترسام بمرم پاشە كەفت باشە.
- 135- **خودا ڕۆزی دەرە: دەگێڕنەوە:** جارێك سلێمان پێغەمبەر بۆ خواردن بوونەوەرەكانی خودای كۆكردەوە، حوتێ هات هەمووی خوارد، سلێمان (ﷺ) گوتی: هەموو ڕۆژێك ئەوە خواردنتە گوتی: بەڵێ پتریش.
- 136- **چاكترین خێری پێغەمبەر: دەگێڕنەوە** جارێك پێغەمبەر (ﷺ) بۆ باژێر چوو، هەشت درهەمی لابوو، كەنیزەیەكی دیت دەیگوت: لە ماڵەوە دوو درهەمیان پێداوم شت بكڕم لێم بزر بووە، پێغەمبەر دوو درهەمی پێدا، ئەمجارە پیاوێكی ڕووتی دیت دەیگوت، ئەوەی بەرگم بكات خودا بەرگی بكات، پێغەمبەر كراسێكی پێدا بەچوار درهەمی كڕیبوو، ئەمجارە سێ بارە بۆ باژێر چوو سێ بارە كراسێكی بۆ خۆی بە دوو درهەم كڕی هەر لە ڕێگەدا كەنیزەیەكی دیت دەگریا گوتی: بۆ دەگریت ؟ گوتی: لەمێژە لەماڵ هاتوومەتە دەر، ناوێرم بچمەوە پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵی چوو سێ جار سلاوی كرد، ماڵەكە سلاویان لێ

Scanned with CamScanner

وەرنەگرتـەوە، پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی: بـۆ سـلاو وەرناگرنـەوە؟ گوتیان: هـیچ رووی نـەداوە، لەبـەر بەرەکـەتی پـیرۆزی تـۆ وەلامـان نەدایەوە، لەبەر ڕیزی پێغەمبەر، ئەوانیش کەنیزەکەیان ئازاد کرد.

- 137- **خێـر دوور کەرەوەیـە لـە دۆزەخ: دەگێڕنـەوە:** جارێـك عائیـشە جاریەکی کڕی جبریل هاتە لای پێغەمبەر فـەرمووی: ئـەم جاریـە ئـازاد بکەن، چونکە دۆزەخیـە عائیـشە دەنکـە قەسـپێکی پێـدا، لـە پاشـاندا جاریەکە تووشـی هـەژارێك بـوو کـەرتێکی پێـدا، جبریـل هاتـەوە لای پێغەمبەر گوتی: ئەم جاریە بە کەرتە قەسپێك ڕزگاری بوو لە دۆزەخ.
- 138-**گرژینەوە لـەکاتی ناخۆشـی: دەگێڕنـەوە:** عەبـدوڵلای عومـەر لەکاتی ناشتنی ڕۆڵەکەی دەگرژیەوە، بزە خەنەی دەکـرد، گوتیـان بـۆ وادەکەی؟ گوتی: لەڕکی شەیتان.
- 139- **ئەندازەی خێری دیاری نەکراو: دەگێڕنەوە:** موتەوەکیل تووشی نەخۆشیەك بوو، گوتی: ئەگەر چاك بوومەوە خێر دەکەم، کە چاك بـوو لە نەخۆشیەکە، بۆ لای زانا محەمەد موسـا چـوو، گـوتی: لـە خێرەکـە چیت لە دڵدا بوو گوتی:تەنها خێر، گوتی: مادام (80) دینار، یادرهـەم بکە خێر، چونکە خودا فەرموویەتی: (ولقـد نـصرکم اللـه في مـواطن کثیرة) واتا: ئەی محەمەد . لە زۆر شوێن تۆمان سەرخستووە شـوێنەکانم ژماردووە نزیکەی (ﷺ) شوێنە.
- 140- **هـەژاری یـا بازرگـان: دەگێڕنـەوە:** نەسـەفی دەڵێـت: پێـشەوا عوسمـان وشـوە ترێیـەکی بـۆ پێغەمبـەر هێنـا، هـەژارێك گـوتی: ئـەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەم وشوەم بدێ پێغەمبـەر پێیـدا. پێـشەوا عوسمـان لێی

Scanned with CamScanner

کڕیەوە تا سێ جار، ئینجا پێغەمبەر بە هەژارەکەی گوت: تۆ بازرگانی یا هەژاری؟ لەسەر ئەوەش هێشتا دڵی نەشکاند!.

- 141- **خێر ڕزگارییە: دەگێڕنەوە:** پیاوێك هاتە لای ئەبوهورەیرە گوتی: کوڕەکەم لەنێو کەشتیە، لافاو هەڵساوە نزامان بۆ بکە گوتی: خێری بۆ بکە، کوڕەکە کاتێ هاتەوە گوتی: باوکە دەنگێ هات گوتی: مەترسن خودا خێرەکەی لێ گیرا کردوون. ڕزگارن.
- 142-**هەجەل لەکوێ بی لەوێ دەمری: دەگێڕنەوە:** پیاوێك هاتە لای سلێمان پێغەمبەر گوتی: فەرمان بە با بکە بم باتە هند، عزرائیلیش پێدەکەنی سلێمان گوتی: بۆ پێدەکەنی گوتی: خودا فەرمانی پێ کردووم لە پاش کەمێکی تر گیانی لە هند بکێشم.
- 143- **سێ کاری چاك: دەگێڕنەوە:** جارێك پێغەمبەر مێوانی هات، چوو دەست نوێژی شۆرد، مێوانەکان ئاوی دەست نوێژی پێغەمبەریان (ﷺ) بەخۆدا دەکرد بە نیازی تفەڕك پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: بۆ وادەکەن گوتیان خودا و پێغەمبەرمان خۆش دەوێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەم سێ شتە بکەن: 1 – ڕاست گۆ بن 2–ئەمانەت مەخۆن 3 – لەگەڵ هاوسێ چاك بن.
- 144- **جۆتیار و سولەیمان پێغەمبەر: دەگێڕنەوە:** جارێك سولەیمان پێغەمبەر، بەلای جۆتیارێك تێپەڕی، جۆتیارەکە لەبەر خۆی گوتی: خۆزگە سێ قسەم لەگەڵ سولەیمان پێغەمبەر دەکرد، (با) ئەم قسەیەی بردە ناو گوێی سولەیمان و سولەیمان گوتی: قسەکان چین؟ جوتیار

Scanned with CamScanner

گوتی: خۆشی دوێنێت و ناخۆشی دوێنێم تامیان نەما، هەردووکمان دەمرین. هەردووکیشمان بە ئەندازەی سامان لێ پرسینەوەمان لەسەر دەکرێت، سولەیمان گوتی: ئەگەر خودا لە بەخششی خۆی پەشیمان بوایەوە، مالّم نەدەویست!.

- 145- **خۆشی و ناخۆشی: دەگێڕنەوە:** دوو فریشتەی خودا لە ئاسمانی چوارەم بەیەك گەیشتن، یەکێکیان بەوی تری گوت: بۆ کێ دەچیت گوتی: بۆلای پیاوێك دەچم هەر چاکەیەکی کردبێ خودا پاداشتی داوەتەوە لە دونیا، ئێستا ئەو پیاوە یەك چاکەی هەیە، زۆریشی حەز لە ماسییە ماسیشی چنگ ناکەوێ، بەلاّم ماسی بۆ نێو ڕوبارەکەیان دەبەم تا ئەو چاکەیشی نەمێنێ بۆ قیامەت: ئەی تۆ بۆ کوێ دەچیت ؟ گوتی پیاوێ خراپەی کردبێ خودا تۆلەی لێ سەندووە، تا لە دوا ڕۆژ ئازاری نەدات، ئێستا هەندێ ڕۆنی زەیتی هەیە وا دەچم لێی دەڕێژم، هەتا دلّ تەنگ بێ لەدوا ڕۆژ پلەی بەرز بێ.
- 146- **ئامۆژگاری سەر ئەموستیلە : دەگێڕنەوە:** شێخ حسن بەصری ئەموستیلەیەکی هەبوو، نەیدەزانی چی لەسەر بنووسێ عیسا پێغەمبەری هاتە خەون و گوتی: بنوسە (لااله الا الله الملك الحق المبين) چونکە خەم و پەژارە لادەبات.
- 147- **ژیانی پێغەمبەر: دەگێڕنەوە:** حەفصەی کچی عومەر بە باوکی گوت: بۆ بەرگی چاك لەبەر ناکەیت گوتی: باشە پێغەمبەر(ص) جاری وابووە ساڵێ تێری نەخواردوو، بەیانی تێر، ئێوارە برسی، یا بە پێچەوانەوە، یا جلی تەڕبوو، بیلال بانگی دەدا جلی نەبوو لەبەری بکا،

Scanned with CamScanner

جگە لە جلی خێزانەکانی .... هەر قسەیەکی بۆ دەکرد هەمووی بە سوێند، حەفصەش هەر دەیگوت وایە.

- 148- **ڕۆزیی خودا: دەگێڕنەوە**: زەنونی مصری دەڵێت: جارێك بەدوای ڕۆزی دەگەڕام، باڵندەیەکی کوێرم دیت دەنوکی لە زەوی دەدا دان و ئاو دەهاتنە دەر کەتێری خوارد دان و ئاوەکە چونەوە ژێر خاك.
- 149- **خودا ڕۆزیی بە کەسێك بدات باڵندەی بۆ مسەخەر دەکا: دەگێڕنەوە**: مالیکی دینار دەڵێت: باڵندەیەکم دیت کولێرەیەکی بە دەنووکەوە بوو، بە دوای کەوتم سەیرم کرد پارو پارو لەدەمی پیاوێکی پیر دەنێت، پاشان ئاویشی پێدا، گوتم: خاڵە تۆ بۆچی بەسترایەوە گوتی: من لە ڕیی حەج هاتمەوە دز قۆڵ و پێیان بەستم منیش هاوارم کرد: خودایە فریام کەوە شلەژاوم، ئەوە ماوەی پێنج ڕۆژە لێرەم.
- 150- **نابێ لە فەرمانی مێردی دەربچێ: دەگێڕنەوە**: جارێك ژنێك بەبێ پرسی پیاوەکەی لەماڵ دەردەچوو، پیاوەکەش تەلاقیدا گوتیان بۆ تەلاقتدا گوتی: پێغەمبەر(ص) فەرموویەتی هەر ژنێ بەبێ پرسی پیاوەکەی لەماڵ دەرچێ فریشتە نەفرەتی لێ دەکات، بۆچی بەبەر ئەم نەفرەتە بکەوم و بکەوێت!
- 151- **نێربازی: دەگێڕنەوە**: جارێك عیسا پێغەمبەر (ﷺ) لەشوێنێ ئاگرێکی دیت پیاوێکی دەسوتاند، ویستی بەئاو بیکوژێنێتەوە ئاگرەکە بوو بەمێرد منداڵێك، ئەویش لەبارەگای خودا دەپاڕایەوە کە ئەوە هۆی چیە؟ پیاوەکە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) من نێربازیم لەگەڵ

Scanned with CamScanner

ئەو منداڵە دەکرد.

- 152- **سەگ ڕاگرتن بۆ پاسەوانی دروستە: دەگێڕنەوە:** نوح پێغەمبەر کاتێ کەشتی دروست دەکرد، گەلە مل هورەکەی بەشەو لێیان تێك دەدا، ئەویش لەبەر خودا پارایەوە، خودا فەرمووی سەگ ڕابگرە بۆ پاسەوانی . زانایان دەڵێن نوح پێغەمبەر یەکەم کەس بوو، کە سەگی بۆ پاسەوانی ڕاگرتبێ.
- 153- **جوانی تەقوا: دەگێڕنەوە:** یەکێك لە پیاوە چاکەکان دەڵێت: لەخەودا گەنجێکی جوانم دی، گوتم تۆ کێ ی ؟. گوتی: من تەقوام، گوتم: جێت لە کێ یە ؟ گوتی: لەنێو دڵێکی بە خەم و چاوێکی بە فرمێسك، ژنێکی ناشرینم لەخەو دیت گوتم تۆ کێیت جێت لە کوێ یە گوتی: دڵێکی بێ ئاگا و زارێکی بە پێکەنین.
- 154- **شەیتان و پیاو خراپان: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لە شەیتان کرد: تۆ لەگەڵ کێ دەخەوی؟ گوتی: مەی خۆر، لەگەڵ کێ هاونشینی؟ گوتی: ئەوەی نوێژ دوا دەخا، کێ میوانتە، گوتی: دز، کێ هۆگرتە؟ گوتی: شاعیری خراپ، کێ گلێنەی چاوتە، گوتی: ئەوەی سوێند بە تەلاق دەخوات، کێ خۆشەویستتە؟ گوتی: نوێژ نەکەر، کێ بەرێزترین کەسە لەلای تۆ؟ گوتی: ئەوەی جنێو بە ئەبوبەکر و عومەر دەدات.
- 155- **ئەبو حەنیفە و جولەکە: دەگێڕنەوە:** جارێك پێشەوا حەنیفە چوو قەرزی وەربگرێتەوە لە جولەکەیەك، لە پێش دەرگەی جولەکەکە پێی ڕادەوەشاند، تۆپە قورێك بە دیوارەکەوە لکا، لە خەیاڵی خۆیدا

Scanned with CamScanner

گـوتی:ئەگـەر لێـی بکەمـەوە دیوارەکـە ناشـیرین دەبـێ، ئەگـەر لێـی نەکەمەوە نابێ، ناوەڵا پێی دەڵێم، جولەکەکە هات گوتی: جارێ قەرزم لێ مەسێنە، پێشەوا حەنەفی گوتی: تۆ مەسرەتی ئەم دیوارەم لەگەڵ بکە، جولەکەکە گوتی: قوربان (اشهد ان لا اله الا الله و اشـهد ان محمـدا رسول الله) خۆم پیسم، نەك دیوار .....

- 156- **بەخـشندەیی موسـا** (ﷺ)**: دەگێڕنـەوە:** خـودای گـەورە فەرمووی، ئەی موسا: دەزانی بۆچی تۆم کردە کـەلیم ؟ لەبـەر ئـەوەی تۆ جارێك لەبەر مەڕ بووی، مەڕێك هەڵات چەند کەند و دۆڵت لەدوا کرد، پاشان لێت نەدا بەزەییت پێ هاتەوە.
- 157- **سید ئەحمـەدی رفـاعی: دەگێڕنـەوە:** جارێـك شـێخ ئەحمـەدی رفاعی پاڵی دابۆوە لە ڕۆژی هەینی، پشیلەیەك لەسەر هەنگوچـکەکەی خەوتبوو، ئەویش دڵی نەهات هەڵی بـستێنێ یەکـسەر هەنگوچـکەکەی قوت کرد، لەپاش نوێژی هەینی، پـشیلەکە نـەمابوو، هەنگوچـکەکەی دووریەوە.
- 158- **پیری ئـاخر خێـر: دەگێڕنـەوە:** جارێـك سـلێمان پێغەمبـەر بـە پیرێکی گوت: پێت خۆش نیە بمریت گوتی: نەخێر، چونکە گـەنجیم لـە خراپە خەرج کرد، پیریش بە چاکە تا ئێستا.
- 159- **بەشەکانی هۆش: دەگێڕنەوە:** قەتادە دەڵێـت: سـێ پیـاو هەیـە یەکێکیان پیاوە واتا عاقڵە، دووهەمیان نیوە پیاوە واتـا عاقـڵ نیـە بـەڵام پرسیان پێ دەکات، سێهەم هیچ نییە واتا نە عاقلە نـە پـرس بـە عـاقلان

Scanned with CamScanner

دەکات.

- 160- **مردنی ئەمانە: دەگێڕنەوە**: لقمانی حەکیم لە گەشت هاتەوە بە بەندەکەی گوت، باوکم لەکوێیە، گوتی: مرد، گوتی: ئەی دایکم،گوتی: مرد گوتی: خەمم نەما گوتی ئەی خێزانەکەم؟ گوتی: مرد گوتی: خەوگام نوێ بۆوە، گوتی ئەی خوشکەکەم؟ گوتی: مرد گوتی عەیب و عارم داپۆشرا، گوتی: ئەی برام؟ گوتی: مرد گوتی پشتم شکا.
- 161- **گەورێتی هۆش: دەگێڕنەوە**: کاتێ ئادەم پێغەمبەر هاتە سەر زەوی جبریل هاتە لای و گوتی: خودا ئازادی کردی لە (ئایین و پیاوەتی و عەقڵ) کامەیان هەڵدەبژێری؟ ئادەم گوتی: عەقڵ، جبریل بە ئایین و پیاوەتی گوت بڕۆنەوە ئاسمان، گوتیان بە فەرمانی خوا ئێمە نابێ لە عەقڵ جیا ببینەوە!!
- 162- **گەورەترین شت: دەگێڕنەوە** فریشتەی خودا گوتیان: خودایە چ شتێکت دروست کردووە لە عەرشی خۆت گەورەتر ؟ خودا فەرمووی: عەقڵ گوتیان: ئەندازەی گەورەییەکەی چەندە ؟ خودا فەرمووی: ئایا دەزانن ژمارەی قوم (رمل) چەندە گوتیان نەخێر، گۆتی عەقڵم دابەش کردووە بە هەمەڕەنگی، پیاو هەیە دەنکێك، دوو دەنك، سێ دەنك، چوار دەنك.
- 163- **سەردانی زانا: دەگێڕنەوە**: پێغەمبەر فەرموویەتی خودا شارێکی هەیە لە ژێر تەختی خۆی، ئەم شارە لە میسك دروست کراوە، لە دەرگەی شارەکە فریشتە یەك ڕاوەستاوە هەموو ڕۆژێك دەڵێت: هەر

Scanned with CamScanner

کەسێك سەردانی زانایەك بكات، سەردانی خودای كردووە! كە سەردانی خودای كردبێ، دەچێتە بەهەشت.

- 164- **جوانی ئاسمان و زەوی: دەگێڕنەوە:** جوانی ئاسمان بەسێ شتە ڕۆژ – مانگ – ئەستێرە، جوانی زەویش بەسێ شتە: زانا– باران– سەرۆكی چاك.
- 165- **باوەڕ نوێ كردنەوە: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی باوەڕتان نوێ بكەنەوە، یاران گوتیان: باوەڕ چۆن نوێ دەبێتەوە ؟ پێغەمبەر فەرمووی (لااله الا الله) زۆر بكەن. (الحاكم).
- 166- **سێ وەسیەت: دەگێڕنەوە:** ئەبو دەرداء گوتی: پێغەمبەر سێ وەسیەتی كردم:

1- هاوبەشی بۆ خودا دانەنێم، هەر چەند ببڕێم و بسووتێم.

2- نوێژ نەچوێنم، چونكە كەسێك نوێژ بچوێنێ لە ئایین دەردەچێ.

3- ئارەق نەخۆم، چونكە سەرچاوەی هەموو تاوانێكە، (ابن ماجەو البیهقی).

- 167- **سامان و زانست: دەگێڕنەوە:** خودا حەزرەتی سلێمانی ئازاد كرد لە سامان و زانست كامە یانت دەوێ؟ گوتی: زانست، بۆیە خودا هەردووكی پێ بەخشی.
- 168- **نوێژی بێ دەست نوێژ: دەگێڕنەوە:** فریشتە 100 جەڵدەیان لە مردوویك دا تا كردیانە خاك و خۆڵ گوتی: لەبەرچی لێم دەدەن؟ گوتیان نوێژێكت بێ دەست نوێژ كردووە و بەلای بێ دەسەلاتێ داچووی لەسەرت نەكردۆتەوە.
- 169- **زكری پاش دەست نوێژ: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر فەرموویەتی كەسێك دەست نوێژ بشوا لەپاش دەست نوێژەكەی بڵێ (اشهد ان لا

Scanned with CamScanner

الـه الا الـلـه وحده لاشريك له واشهد ان محمدا عبـده و ورسـوله اللـهم اجعلنى من التـوابين واجعلنـى مـن المتطهـرين) هـەر هەشـت دەرگـەى بەهەشتى لـێ دەكرێتەوە، لـە كامەيان بخوازێ دەچێتە ناوى.

- 170- **چوونە لاى نەخۆش: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر فەرموويەتى: خودا لـە ڕۆژى دوايى دەڵێتە مرۆڤ بۆچى كاتێ نەخۆش كەوتم نەهاتيـە سـەردانم، بەندەش دەڵێ ئەى خودايە تۆ چۆن نەخۆش دەكەويت تۆ پەروەردگارى ؟ خودا پێى دەڵێ ئەگەر سەردانت بكردبوايـە مـن لـەوێ بـووم، واتـا پاداشم لەوێ بوو.

- 171- **شەقيقى بەڵخى و هاروون: دەگێڕنەوە:** جارێك شەقيقى بەڵخى چووە لاى هارون رەشيد گوتى: ئامۆژگاريم بكـە گـوتى: خـودا تـۆى لـەجێى ئەبوبەكر داناوە جا ڕاستگۆبە، تۆى لـە جێى عومەر داناوە هـەق خواز بە، تۆى لـە جێى عوسمان داناوە شەرمن بە، تۆى لـە جێـى عـەلى داناوە دادوەر و زانا بە، ماڵ و قامچى و شيرى پێداوى ماڵ بدە هەژار و ئامۆژگارى خەڵك بكە بە قامچى هەق وەربگرەوە بـە شمـشێر، چـونكە خودا دوو ماڵى هەيە، تۆ دەرگەوانى دۆزەخى هـاروون گـوتى: هێـشتا ئامۆژگاريم بكە گوتى: تۆ دەريای ئەوان ڕووبار، تۆ تـاكو شـێلو نـەبى ئەوان شێلو نابن.

- 172- **پێشەوا عـەلى و جولەكەيـەك: دەگێڕنـەوە:** جولەكەيـەك بـە پێشەوا عەلى گوت: خودا لـە كوێيە ؟ پێشەوا عەلى فـەرمووى: خـودا پرسيارى كوێى لـێ ناكرێت، چـونكە خـۆى كـوێى دروسـت كـردووە گوتى: خودا چـۆنە ؟ پێـشەوا عـەلى گـوتى: خـۆى چـۆنى دروسـت كردووە، چۆن بە چـۆن پرسـيارى لـێ دەكرێـت. گـوتى: لـە كەيـەوە هەبووە، پێشەوا عەلى گوتى: هاوار لەخۆت لـە كەيەوە نەبووە.

Scanned with CamScanner

- 173- **تـاوان نەخۆشیە: دەگێڕنـەوە:** جـارێ عیـسا پێغەمبـەر (ﷺ) یەکێ لە هاوەڵەکانی دیت لەماڵی ژنێکـی خـراپ دەهاتـە دەر، عیـسا پێغەمبەر گوتی: برا ! بۆ لـەو ماڵـە هاتیـەدەر گـوتی: پزیـشك چـارەی نەخۆش دەکات!!
- 174- **زیانەکانی بـت: دەگێڕنـەوە:** جـارێ ژنـێ هاتـە لای ئیـبراهیم پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: دەمەوێ بت لە باوکت بکڕم ؟ ئیبراهیم (ﷺ) گوتی: بە بتەکە ئاو بێنە و شیو لـێ بنێ و نان دروسـت بکـە، ژنەکـەش بتەکەی بە خودا دەزانی گـوتی: ئـەی چـی بپەرسـتم: بلـێ: لاالـە الا الـلە!!
- 175- **وازهێنـانی ئەبو زەڕ لـە بـت: دەگێڕنـەوە:** ئـەبو زەڕی غـەفاری لەسەرەتا بت پەرست بوو، جارێ بـۆ کـاری پێویـست دەرچـوو، کـە هاتەوە سەیری بتەکەی کرد تەڕبووە گوتی: باشە باران نەباریوە، سەری بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و گوتی خودایە بە ڕاستی تۆ خودای، ئەگەر ئەم بتە خودا بوایە، چۆن ڕێوی میزی پێدا دەکرد!؟
- 176- **قـازی خودا نـاس: دەگێڕنەوە** جـارێ ڕووداوێکیـان بـردە لای قازیەك، قازی کە سەیری پەراوەکەی کرد گوتی: حوکمتان بـۆ نـادەم، خاوەن هەق گوتی: لەبـەر چـی ؟ گـوتی: چـۆن (بـسم الـلـه الـرحمن الرحیم–تان لەسەر وەرەقەکە نەنوسیوە !!
- 177- **نیاز پاکی- دەگێڕنەوە:** یەکێك لـە بەنـدە چـاکەکانی نـەوەی ئیسرائیل، ڕۆژێ بەلای قومێك (لم) تێدەپەڕێ، لەدڵی خۆیدا دەڵـێ: بـە خودا ئەگەر ئەوە ئارد بوایـە، ئێـستا هـەمووم دەکـردە خێـر. خـودای گەورە پەیام بۆ پێغەمبەری ئەو کات ڕەوان دەکات، دەڵێت: سـلاو لـە

Scanned with CamScanner

فیسار بکه بەڕاستی خێرەکەم بۆ نوسیوە.

- 178- **پێشەوا عەلی و عەرەبێ: دەگێڕنەوە:** جارێ عەرەبێ بە پەلە نوێژ دەکات، پێشەوا عەلیش چاوی لێ دەبێت پێی دەڵێت: نوێژێکی تر لەسەر خۆ بکە، ئەویش بە گوێی دەکات، ئینجا پێشەوا عەلی دەڵێت: کامەیان چاکتر بوو ؟ کابرا دەڵێت: هی یەکەم، پێشەوا عەلی دەڵێت: لەبەر چی کابرا دەڵێت: هی یەکەمم بە حەزی خۆم بوو، بەڵام هی دووەم لە ترسی قەمچی یەکەی تۆ بوو!!!.
- 179- **گەورەیی نوێژی ڕۆژگیران و مانگ گیران: دەگێڕنەوە:** لەزانایانی مەزهەبی پێشەوا شافیعی، ڕەحمەتی خودایان لێ دەفەرموون: نوێژی ڕۆژ گیران و مانگ گیران خێری پتر لە نوێژە بارانە، چونکە نوێژە بارانە بۆ ئازووقەیە، بەڵام ئەوان تایبەتن بە خودا و سوودی بونەوەر.
- 180- **نیاز پیسی: دەگێڕنەوە:** عەبدوڵڵای عەباس دەڵێت: یەکێك لە پاشایان دەگەڕێت لە وڵاتەکەی خۆی لە شوێنێ، پیاوێك دەبینێ وا چێڵێك دەدۆشێ شیری سی چێڵ دەدا، پاشاش لە خەیاڵی خۆیدا نیازی بردنی چێڵەکەی دەبێت، بەیانی دەچێتە لای خاوەن چێڵ بەڵام ئەمجارە شیری زۆر کەم دەبێ، پاشا دەڵێت: برا چێڵەکەی دوێنێ نیە ؟ کابرا دەڵێت: بەڵێ، پاشا دەڵێت ئەی بۆ ئاوای لێ هات ؟ کابرا دەڵێت گومان هەیە، پاشا نیازی پیس بوو بێ!.
- 181- **شەقیقی بەلخی و ئیبراهیم ادهم** : دەگێڕنەوە شەقیق بۆ بازرگانی دەرچوو،ئیبراهیمی لەجێی خۆی دانا، لەرێگە چاوی بە باڵندەیەکی کوێر کەوتو باڵندەیەکی ساغ خواردنی پێدەدا گوتی: بازرگانی ناکەم ئیبراهیم گوتی: بۆ؟ گوتی لەبەر ئەوباڵندە کوێرەکە باڵندە ساغەکە ڕۆزی پێدەدا، ئیبراهیم گوتی: ئەی پێغەمبەر نەیفەرموە

Scanned with CamScanner

ئەوەی دەبەخشی لەئەوەی وەردەگری چاکترە بۆنابیە بالندە ساغەکە شقیق بەگوێی کردوم دەستی ماچ کرد..

- 182- **گەورەیی بسم الله الرحمن الرحیم: دەگێڕنەوە:** پیاوێ هەبوو لە مەککە ساڵ دوازدەی مانگ بەڕۆژو دەبوو، کەس نەیدەدیت نانو ئاو بخوات، کاتێ مەرگی خودای بەجێ هێنا، دەستی لە گیرفانی نا (بسم الله الرحمن الرحیم)ی تیادا بوو کابرای مردوو شۆر سەری سوڕما کە ئەو پیاوە چەند ساڵە لەکاتی بەربانگ ئەو وەرەقەی لەسەر زاری دادە ناو ماچی دەکرد، ئینجا دەنگێك هات گوتی: بەهۆی وشەی (بسم الله) پەروەردەمان کرد . بەهۆی وشەی الرحمن لێی خۆش بووین بەهۆی وشەی (الرحیم) بەردەوامان کرد.
- 183- **زێیەکانی بەهەشت: دەگێڕنەوە:** خودا فەرموویەتی: بەهەشت چوار زێی لێیە، زێی هەنگوین، زێی شیر، زێی ئارەقی پاك، زێی ئاوی سازگار.
- 184- **سامانی ناڕوا نامێنی: دەگێڕنەوە:** پیاوێك شیری دەفرۆشت، بەلاّم فێڵی لەگەڵ دەکرد، شیرەکەی لەگەڵ ئاو تێکەلاّو دەکرد و دەیفرۆشت، جارێك لەنێو کەشتی بوو، مەیمونێکی لەگەڵدا بوو، مەیمونەکە دینارێکی دەخستە ناو ئاو و دینارێکیشی تێ هەڵدەدا پێش کابرا تا پارەکەی نیوە بە نیوە کرد.
- 185- **درۆی ڕەوا:** دەگێڕنەوە ئیبراهیم سێ درۆی کردووە!، دووانیان لەبەر خودا یەکێك لەبەر خۆی، یەکەمیان کە گوتی: من نەخۆشم نایەمە سەیرانگای بتان، ئەمەی لەبەر خودا بوو، دووهەمیان کە گوتی:

Scanned with CamScanner

بته گەورەکە ئـەم بتانـەی شـکاندوە، سـێهەمیان کـە گـوتی: ئـەو ژنـە خوشکمە ئەگەر بیگۆتبا ژنمە لـێیان دەسەند .

- 186- **کەرامەتی پیاو چاکان: دەگێڕنەوە:** جارێـك یـەکێك لـە پیـاو چاکان، بەناوی سەوری خـۆی دەشوشـت، یـەکێك جلـەکانی رفانـد، بەلاّم دەستی لەکار وەستا لـە ترسان هاتەوە جلەکەی لـە جێـی جـاران دانایەوە سەوری گوتی: خودایە ئەو جلکەی بۆ هێنامەوە دەسـتی چـاك بکەیەوە، یەکسەر دەستی چاك بوو.
- 187- **پەشیمان بوونەوە لە نیازی چاك: دەگێڕنەوە** جارێـك پیاوێـك گوتی: ئەگەر خودا شتێکم پێدا دەیدەمە هەژاران، پیاوێك دینارێکی پێدا و گوتی: کوڕە خۆ منیش هەژارم نەیدا، یەکسەر تووشی نەخۆشی ددان بوو، یەك دوو ددانی دەرهێنا، دەنگێك هـات گـوتی: ئەگـەر دینارەکـە نەدەیە هەژاران دەبێ هەموو ددانەکانت دەربێنن.
- 188- **گـەورێتی زکـر: دەگێڕنـەوە: موسـا پێغەمبـەر** (ﷺ) گـوتی: خودایە تۆ جێت لـە کوێیە ؟ خودا فـەرمووی لـەنێو دڵـی ئـەوەی یـادم بکات !!!
- 189- **سێ ناوی خودا لەنێو بـسم اللـه الـرحمن الـرحیم: دەگێڕنـەوە** جارێك خودا بە موسای فەرموو: من ڕێزی ئوممەتی پێغەمبـەرم گرتـووە، بەسێ ناو: ئەویش گوتی: خودایە ئەو سێ ناوە چین ؟ خودا فـەرمووی: (بسم اللـه الرحمن الرحیم)کوێرێك لـەوێ بوو گوتی: بـۆ خـاتری ئـەم سێ ناوە چاوم چاك بکەی ! یەکسەر چاوی چاك بوو.

Scanned with CamScanner

• 190- **گـوتنی یـەك بـسم اللـه الـرحمن الـرحیم** (190) **چـاکه: دەگێڕنەوە** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی کەسێك یەك پیـت لـە قورئـان بخوێنێ خودا (10) چاکەی بـۆ تۆمـار دەکـات، کەواتـە (بـسم اللـه الرحمن الرحیم) (19) پیتە × (10) یەکسانە بە (190) چاکە.

• 191- **کاتی دابەزینی بسم الله الرحمن الرحیم: دەگێڕنەوە:** پێـشەوا عەلی فەرموویەتی کاتی (بسم الله الرحمن الرحیم) دابـەزی کێوەکـان دەستیان بە زیکە زیك کرد، هەتا کافرەکان دەیانگوت محەمـەد جـادوی لێ کراوە!.

• 192- **بـەزەیی موسـا: دەگێڕنـەوە:** جارێـك موسـا پێغەمبـەری خـودا گوتی: خودایە وەسیەتم بکـە خـودا فـەرمووی بەخـشندە بـە . لـەپاش کەمێك باڵندەیەك هاتە ناو باخەڵی بازێکی لـەدوا بـوو بازەکـە گـوتی: بەرەڵلای بکە برسیمە، گوتی: بەرەڵلای ناکەم گـوتی: گۆشـتی ڕانـت دەخۆم گـوتی رازیـم ،گـوتی گۆشـتی چـاوت دەخـۆم گـوتی ڕازیـم، باڵندەکە گوتی من میکائیلم ئەوی تـریش گـوتی: جـبرائیلم بـۆ تـاقی کردنەوەی تۆ هاتبووین.

• 193- **گەورەیی نزا: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی گەورەی هەموو نزایەك ئەم نزایەیە (اللهم ربي لا اله انت خلقتني وانا عبدك وانـا علي عهدك و وعدك مااستطعت، اعوذ بك من شر ما صنعت ابوء لـك بنعمتك علي و ابوء بذنبـي فاغفرلي فأنه لا يغفر الذنوب الا انت).

• 194- **پاداشـتی سـورەی الاخـلاص: دەگێڕنـەوە:** پێغەمبـەر (ﷺ)

Scanned with CamScanner

فەرموویەتی: کەسێك (1) جار سورەتی (الاخلاص- بخوێنێ خودا خانوێکی لە بەهەشت بۆ دروست دەکات.

- 195- **نزای لاچوونی گرفت: دەگێڕنەوە:** پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا من زۆر توشی بەلاو ناخۆشی دەبم پێغەمبەر فەرموی هەموو بەیانییەك کە لەخەو هەڵسای بڵێ (بسم اللە علی نفسی و مالی و اهلی) خودا خۆت و ماڵت دەپارێزی، پیاوەکە وای گوت، یەکسەر خودا بەلاو ناخۆشی لەسەر لادا.
- 196- **یادی خوا لەخێر و جیهاد باشترە: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر فەرمووی شتێکتان پێ ئەڵێم چاکتر لەهەموو کارێکتان و پاك لەلای پەروەردگارتان کە پلە و پایەتان بەرز و بڵند تر دەکات چاکترە لەزێڕ کردنە خێر، هەروەها چاکترە لەوەی کە بگەنە دوژمن و لێی بدەن و لێتان بدات، گوتیان ئەو شتە چی یە پێغەمبەر فەرمووی، یادی خودا.
- 197- **نزای ژانەسەر: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەری (ﷺ) خۆشەویستمان فەرموویەتی، ئەگەر یەکێك ژانە سەری تووشبوو. با ئەم نزایەی لەسەر بخوێنێ بسم الله الکبیر، نعوذ بالله العظیم من شر عرق نعار و من شر من النار. (ابن سینا).
- 198- **نزای ترسان لە میر: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) خۆشەویستمان فەرموویەتی: ئەگەر لەکاربەدەست و میر ترسان، ئەم نزایە بکەن (لا الە الا اللە الحلیم الکریم، سبحان الله رب السموات السبع ورب العرش العظیم، لا اله الا انت عز جارك وجل ثنائك).

Scanned with CamScanner

• 199- **نزای ئاگر کوژانەوە: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر شوێنێ سووتا ئەم نزایە بکەن (اذا رایتم الحریق فکبروا فان التکبیر یطفئة) واتا ئەگەر شوێنێ سووتا الله اکبر بلێن. چونکە بەهۆی ئەم زکرە ئاگرەکە دەکوژێتەوە.

• 200- **نزای خەم و پەژارە: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر فەرموویەتی ئەگەر خەم و پەژارە و کارێکی گرنگ ڕووی تێکردن ئەم نزایە بکەن لا اله الا الله العظیم الحلیم، لا اله الا الله رب العرش العظیم، لا اله الا الله رب السموات ورب العرش العظیم. (ب. م) .

• 201- **بسم الله الرحمن الرحیم چوار وشەیە: دەگێڕنەوە:** زانایان دەڵێن بسم الله الرحمن الرحیم، چوار وشەیە. تاوانەکانی مرۆڤیش چوار بەشە. بەشەو و ڕۆژ و ئاشکرا و نهێنی. جا کەسێك ئەم زکرە بکا، لەم چوار تاوانە دوور دەکەوێتەوە.

• 202- **شەیتان (بە نەفرەت بێ) چۆن لەڕو لاواز دەبێ ؟: دەگێڕنەوە:** جارێك دوو شەیتان (بە نەفرەت بێ) بەیەك گەیشتن. یەکێکیان قەڵەو بوو ئەویتریان لاواز، قەڵەوەکە بە لاوازەکەی گوت: بۆچی ئەوەندە لاوازی ؟ گوتی: لەلای پیاوێکم لە کاتی خواردن و خەوتن و گەڕانیدا . ناوی خوا دەهێنێ.

• 203- **لوقمان چۆن بوو بە پسپۆڕ ؟ دەگێڕنەوە:** لوقمانی حەکیم جارێك پەڕێکی دۆزیەوە لێی نووسرابوو (بسم الله الرحمن الرحیم- ئەویش هەڵی گرتەوە تا نەکەوێتە ژێر پێیان . بۆیە بووە حەکیم.

Scanned with CamScanner

• 204- **کەراماتی خالیدی وەلید دەگێڕنەوە:** خالیدی کوڕی وەلید کەوتە دەست کافران و گرتیان: گوتیان: کەراماتێکمان نیشان نەدەی دەت کوژین. ئەویش گوتی: ژەهرم بدەنێ. کە ژەهرەکەی خوارد . هیچی لێنەهات. گوتیان ئەوە چۆن؟ گوتی: (بسم الله الرحمن الرحیم)م لەسەر خوێندووە.

• 205- **زوو گیرا بوونی نزا : دەگێڕنەوە:** لەپیاو چاکێك کەسێك بنووسێ (بسم الله الرحمن الرحیم من عبده الذلیل الی ربه الجلیل) لە پاشاندا بیهاوێتە ناو ڕووبارێك خودا دەست بەجێ نزای گیرا دەکات.

• 206- **فریشتە پاداشتی هەموو زکرێ نازانن:** دەگێڕنەوە: الحمد لله حمداً کثیرا طیبا مبارکا فیه کما یحب ربنا و یرضي. پێغەمبەر (ﷺ) بەو خودایەی گیانی منی بە دەستە. دە فریشتەی خودا هاتن بۆ ئەوەی پاداشتی ئەم زکرە بنووسن، بەڵام نەیانتوانی!، خودا فەرمووی: بەندەی من چی دەوێت، ئەوی بۆ بنووسن. (صحیح. ابن حبان).

• 207- **کۆی هەموو سوپاسێك: دەگێڕنەوە:** کاتێ ئادەم پێغەمبەر(ﷺ) هاتە سەر زەوی فەرمووی: خودایە فێرە کارم بکە و فێرە سوپاسم بکە. خودا فەرمووی: هەموو ئێوارە و بەیانیان سێ جار بڵێ: الحمد لله حمدا یوافی نعمه و یکافی ءمزیده. کۆی هەموو سوپاسێکە.

• 208- **زمان بۆ باوەڕدار بەسە : دەگێڕنەوە:** جارێك پیاوێکی بێ دەست و پێ و زامدار، زەنگەسۆرە گۆشتی دەخوارد لەسەر ئەم بەزمە دەیگوت: خودایە زۆر سوپاست دەکەم، کەمنت گەورە کردووە لەسەر

Scanned with CamScanner

زۆر کەسان. پیاوێك گـوتی قـورت بەسـەر تـۆ دەزانـی چـیت بەسـەر هاتووە، ئەویش گووتی هەی ماڵ کاول، خۆ زمانم ماوە!!!!

- 209- **گیرا بوونی تەوبەی تاوانبـاریٚ: دەگێڕنـەوە:** پیاوێـك هەمیـشە ئارەقی دەخواردەوە. ئەوەندەی ئامۆژگاریـان دەکـرد سـوودی نـەبوو. ڕۆژێك بۆناو کـۆڕێکی ئامۆژگـاری چـوو. زانایەکـە دەیگـوت: هـەر کەسێك درووديٚك لە پێغەمبەر (ﷺ) بدات. ئـەوا خـودا دە درووديٚ لەسەر لیٚ دەدات. ئەویش یەکسەر بە دەنگی بـەرز دەسـتی بـە درووديٚ لێدان کرد. خەڵکەکە هەموویان لەدوایان دەگوتەوە. کە مرد دیتیان وا لە بەهەشتە گوتیان: چۆن هاتیتە بەهەشت ؟ گوتی لـەکاتی درووديٚکـە خودا لێم خۆشبوو.
- 210- **سامانی نارەوا بەخێر ناچیٚ: دەگێڕنـەوە:** پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبـەر (ﷺ) گـوتی: بـەهۆی بازرگـانی ئـارەق سـامانێکی زۆرم وەدەست کەوتووە، ئێستا هەندیٚ لەو پارەیە بکەم بەخێر خێرم پێدەگات ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی نەخێر!.
- 211- **زەرەرترین فرتێنە دەگێڕنـەوە:** پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: لەپاش خۆم هیچ فرتێنەیەکم جیٚ نەهێشتووە بۆ پیاوان زەرەرمەنـدتر بـیٚ وەك ژنان. هۆی ئەو فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە بوو، پیاوێك لـە کۆچکاران لەبەر ژنیٚ کۆچی کرد. نەك کۆچ بۆ خودا.
- 212- **پاداشتی نیازی چاك: دەگێڕنەوە** پیاو هەیە لە دوا ڕۆژ چاکەی هەیە بە ئەندازەی کێوێك، خودا بە بەندەکانی دەڵێت: هەر کەسیٚ مـافی

Scanned with CamScanner

لەلای ئەو پیاوەیە با بچێ لێی وەرگرێتەوە. بەندەکان دەچن. تا کابرا هیچی نامێنێ سەری لەمە سوورِ دەمێنێ، خودا پێی دەڵێ هەر نیەتێکی چاکت هەبووبێ بۆم کردوویت بە هەفتا چاکە.

- 213- **تاوانی ڕیش سپی: دەگێڕنەوە:** جارێك پێشەوا (عومەر- بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) چوو پێغەمبەر (ﷺ) دەگریا. پێشەوا عومەر فەرمووی ئەی پێغەمبەری خودا بۆ دەگریت ؟ فەرمووی: تازە جبریل هات گوتی: خوا سلاوت لێ دەکا و دەڵێت من شەرم دەکەم ریش سپی ئازار بدەم . جا ئەی پێشەوا عومەر نازانم چۆن ریش سپی شەرم لە خودا ناکەن.
- 214- **پێغەمبەر (ﷺ) و پێشەوا عەلی: دەگێڕنەوە:** جارێك پێغەمبەر (ﷺ) بە پێشەوا عەلی گوت: ئەی عەلی هەموو خەمێك دەروات، جگە لە خەمی دۆزەخیان، جگە لە شادی بەهەشتیان. کوڕە هەر کاتێ تاوانت کرد زوو پەشیمان ببەوە.
- 215- **تەوبە گیرایە تا گیان نەگاتە قوڕقوڕاگە : دەگێڕنەوە:** لەسەرە مەرگی پێغەمبەر (ﷺ) جبریل هاتە لای و گوتی خودا فەرموویەتی: نەتەوەکەت ئەگەر یەکێکیان ساڵێك لەپێش مەرگیدا تەوبە بکات لێی گیرا دەکەم. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ساڵێك زۆرە جبریل بۆ بارەگای خودا چوو، خودا فەرمووی: بۆم کردنە مانگێ. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: مانگێ زۆرە؟ خودا فەرمووی بۆم کردنە هەفتەیەك. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: هەفتەیەك زۆرە. خودا فەرمووی، بۆم کردنە ڕۆژێ. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ڕۆژێ زۆرە. خودا فەرمووی، لەپێش ئەوەی گیان بگاتە قوڕقوڕاگەیان.

Scanned with CamScanner

• 216- **ئومێدی چاکە: دەگێڕنەوە:** لەسەرە مەرگ بە عەرەبێکیان گوت: تۆ دەمری؟ گوتی: باشە بۆ لای کوێم دەبەن ؟ گوتیان خودا گوتی: جا جگە لە چاکە هیچی تری لێ دیتراوە.

• 217- **سەرزەنشت بینی گەندەیە: دەگێڕنەوە** لە جابیری عەبدوڵڵا، دەڵێ ئێمە لەلای پێغەمبەر (ﷺ) بووین. بۆنێکی پیس هات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا دەزانن ئەو بۆنە ناخۆشە چییە؟ گوتمان نەخێر. فەرمووی: بۆنی زاری غەیبەت کەرانە.

• 218- **غەیبەت لە دامەن پیسی خراپترە: دەگێڕنەوە:** لەجابیر دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: غەیبەت لە دامەن پیسی خراپترە. گوتمان لەبەر چی ؟ گوتی: ئەگەر زیناکەر تەوبە بکا، بۆی هەیە خودا لێی خۆش بێ. بەڵام غەیبەت مافی خەڵکە تا خاوەنەکەی گەردنت ئازاد نەکات، خودا لێت خۆش نابێ.

• 219- **دڵ ڕەنجانی درێژ خایەن: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر دوو موسوڵمان لەماوەی سێ ڕۆژ قسە لەگەڵ یەکتر نەکەن، ئەوە هەر یەکێکیان بمرێت دۆزەخیە. ئەگەر بووە ساڵێك، ئەوە وەك کوشتن وایە. مەگەر تووڕە بوونەکە، لەسەر شتێکی شەرعی بێت.

• 220- **ناوهێنانی خەڵك چاکە دەبا:** دەگێڕنەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: لەدوا ڕۆژ پیاو هەیە چاکەی نییە. داوا لە خودا دەکات. نوێژم ڕۆژووم، چیان بەسەر هات؟ خودا دەفەرموێ ناوی خەڵکت هێنا بوو.

• 221- **خەڵك ناوت بهێنن قازانجتە:** دەگێڕنەوە: پیاو هەیە لەدوا ڕۆژ چاکەی زۆرو زەبەنە. دەڵێ خودایە من ئەو چاکانەم نەکردووە ؟

Scanned with CamScanner

خودا دەفەرمووێ، ڕاستە بەڵام خەڵك ناویان هێنای.

- 222- **ناوهێنان: دەگێڕنەوە:** ژنێ بۆ لای مەلایەك چوو گوتی: قوربان پرسیارێکم هەیە ؟ بەڵام شەرم دەکەم لەبەر ئەوەی کۆڕەکە ئاوەدانە. مەلا گوتی شەرم لە پرسیاری ئایینی نییە. گوتی من شەوێ خەوم لێکەوتبوو باوکم سوارم بوو، منداڵێکم لێی بوو. چارەم چیە مامۆستا کە گوتی: وام زانی ناوی خەڵکت هێناوە.
- 223- **خودا زانای خۆش دەوێت: دەگێڕنەوە:** خودا پەیامی بۆ ئیبراهیم پێغەمبەر(ص) ڕەوانە کرد فەرمووی: من خۆم زانام هەموو زانایەکم خۆش دەوێت.
- 224- **خێری لەبەرکردنی چل فەرموودە: دەگێڕنەوە** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: کەسێك چل فەرموودەی من بەڕەوانی لەبەر بکات. من لە ڕۆژی دوایی تکای چوونە بەهەشتی بۆ دەکەم.
- 225- **زانا و سەرۆك:** دەگێڕنەوە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: دوو چین لەگەلی من. ئەگەر ئەوانە چاك بن، خەڵك هەموو چاك دەبن.ئەوانیش مەلا و سەرۆکن!.
- 226- **گەورێتی مزگەوت: دەگێڕنەوە:** لەدوا ڕۆژ دەستەیەك ناوێرن لە پردی (صراط) بپەڕنەوە جبریل دەڵێ بۆ ناپەڕنەوە دەڵێن: دەترسین، دەڵێ لە دونیادا چۆن لە دەریا دەپەڕینەوە ؟ دەڵێن بەهۆی کەشتی. ئەویش دەڵێ بە مزگەوتەکان بپەڕنەوە کە لە دونیا نوێژتان لێیان دەکرد.
- 227- **زکری لاحول ولاقوه الا بالله: دەگێڕنەوە:** جارێك (عەوف مالیك- هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: سالمی کوڕم بەدیل گیراوە. خێزانەکەم زۆر دڵ تەنگە. خۆمان هەژارین پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی

Scanned with CamScanner

ئارامبه و زۆر زکری لاحول ولا قـوه الا باللـه بکـەن، دەڵـێن لـەپاش چەند ڕۆژێك کافرەکان ئاگایان لە سالم براو سـالم ڕای کـرد، مـەڕێکی زۆریشی لەگەڵ خۆی هێنا. ژمارەیان چوار هەزار مەڕ پتر دەبوو.

- 228- **کـێ بـەهێزە: دەگێڕنـەوە:** پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ئـەو کەسە بەهێز نییە، لـەکاتی شـەڕ و شـۆڕ توشـبون خـەڵك لـە عـاردی دەدات. ئەو کەسە بەهێزە کە بە دەروونی خۆی دەوەستێ!!!
- 229- **باشترین موسڵمان: دەگێڕنـەوە** لـە (ئـەبو موسـای ئەشـعەری- گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا باشـترین موسـوڵمان کـێ یـە ؟ پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمووی ئەو کەسەیە موسڵمانان لـە دەسـت و زمـانی ئـەمین بن.
- 230- **مافی موسوڵمان لەسەر موسوڵمان: دەگێڕنـەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: مافی موسڵمان پێنج شتە: وەڵام دانەوەی سـەلام و چـوونە لای نەخۆش و بەدوا کەوتنی تەرم و چوونە سـەر داوەت و ئەگـەر پـێ کژی و گوتی (الحمد لله) گوتنی خوا ڕەحمت پێ بکا.
- 231- **نـزای مـردن نـا پەسـندە: دەگێڕنـەوە:** پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویەتی: نەکەن داوای مەرگ بکەن. چونکە ئەوەی داوای مـەرگ دەکات، ئەگەر خراپ بێ، ئومێد هەیە چاك بێ، ئەگەر چاکیش بێ ئەوا چاکەی زیاتر دەبێ. (م).
- 232- **خێر و چاکە دەگاتـە مـردوو: دەگێڕنـەوە:** لـە عائیـشە گـوتی: پیاوێك بە پێغەمبـەری (ﷺ) گـوت: ئـەی پێغەمبـەری خـودا. دایکـم

Scanned with CamScanner

دەست بەجێ مرد. بەڵام ئەگەر قسەی کردبوایە نیازی خێر کردنی هەبوو. ئەگەر خێری بۆ بکەم پێی دەگات ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ. (ب. م).

- 233- **ڕۆژو و هەر برسیەتی نییە : دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: کەسێك بەڕۆژ و بێت و لە قسەی درۆ و دەلەسە نەگەڕێتەوە. ئەوا خودا ڕۆژووەکەی لێ گیرا ناکات.
- 234- **ئەگەر باوەڕداری: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر باوەڕت بەخودا و زیندوو بوونەوە هەیە، قسەی خێر بکە. ئەگینا کڕو کەپ بە. ڕیزی هاوسێ بگرە. هەروەها ڕێزی میوان بگرە. ب. م.
- 235-**خێری شەشەلان: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: کەسێك ڕۆژووی ڕەمەزان بگرێ و ئەوجا شەشەلانیش بگرێ. ئەوا خێری ڕۆژووی ساڵێکی بۆ دەنووسرێ.
- 236- **نزای پێغەمبەر** (ﷺ) بۆ نەخۆشان: دەگێڕنەوە: کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) دەچووە لای نەخۆش، ئەم نزایەی دەخوێند. اذهب البأس رب الناس اشف أنت الشافي لا شفاء ك الا شفاء شفاء لايغادر سقما. 3 جار.(م)
- 237- **بکوژو کوژیاری موسوڵمان دۆزەخین: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر دوو موسڵمان بەشمشێرەوە بەرابەر یەکتر ڕاوەستان هەردووکیان دۆزەخین گووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا

Scanned with CamScanner

بکوژەکە هەقی خۆیەتی. ئەی کوژراوەکە لەبەر چی ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: چونکە لەسەر کوشتنی ڕشت و سوورە.

- 238- **چاکەی موسوڵمان و کافر: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر موسڵمان چاکەیەك بکات، ئەوا خودا بۆ دوا ڕۆژی هەڵدەگرێ و لەبۆ دونیای ڕۆزی لەدوایە. بەڵام کافر تەنها لە دونیا، پاداشتی پێی وەردەگرێ.
- 239- **گزیکار لە ئێمە نییە: دەگێڕنەوە** پێغەمبەر (ﷺ) بەلای پیاوێ تێپەڕی دانەوێڵەی دەفرۆشت. ئەویش دەستی لەناو ڕاکرد دەستی هەموو تەڕ بوو. فەرمووی بۆ دانەوێڵە تەڕ بووەکە ناخەیە دەرەوە، ئەوەی گزی بکات لە ئێمە نییە.
- 240- **چۆن خودا و خەڵك خۆشتیان دەوێ ؟ دەگێڕنەوە:** پیاوێ هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: کارێکم پێ بڵێ کە خودا و خەڵك منیان خۆش بوێ ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: جیهان بەکەم بزانە خودا خۆشتی دەوێ. ئەو شتەی خەڵك هەیتی بە کەمی بزانە خەڵك خۆشتی دەوێ!.
- 241- **دوو ڕوویی: دەگێڕنەوە:** موسا پێغەمبەر سێ ڕۆژ لەبەر خودا پاڕایەوە فەرمووی: خودایە بارانمان بۆ ببارێنە، خودا فەرمووی یەکێکتان تیا دایە دوو ڕووە بۆیە بارانتان بۆ نابارێنم. موسا پێغەمبەر فەرمووی خودایە: ئەو دوو ڕووە، کێ یە ؟ خودا فەرمووی: ئەی موسا: من دەڵێم لەبەر دوو ڕوویك باران ناباری، تۆ دەتەوێ بمکەیە دوو ڕوو!.

Scanned with CamScanner

جا موسا بە خەڵکەکەی گوت: هەمووتان لە دوو ڕوویی پەشیمان ببنەوە. یەکسەر باران باری.

- 242- **چاکە و خراپە بە زایە ناچن: دەگێڕنەوە:** پیاوێکیان لەخەو دیت گوتیان خودا چی لەگەڵ کردی ؟ گوتی بردمیە لای تەرازوو چاکە و خراپەی کێشام. خراپەم کەمێك پتر بوو زۆر دڵتەنگ بووم. کیسەیەك کەوتە ناو تەرازوەکە ئیمجا چاکەم پتر بوو. گوتم: ئەو کیسەیە چی یە ؟ گوتیان ئەوە خۆڵی تیادایە کە جارێك بە دوای تەرمێك کەوتی لە کاتی شاردنەوە، چەنگە خۆڵێکت بەسەر گۆڕەکەدا کرد.
- 243- **مارەیی دایکە حەوا: دەگێڕنەوە:** کاتێ خودا دایکە حەوای هەر لە ئادەم دروست کرد. ئادەم ویستی بچێتە لای. خوا فەرمووی: نەکەی بچیە لای هەتا مارەیی نەدەی. گوتی مارەیی چی یە ؟ خودا فەرمووی: 10 سەلاوات لەسەر پێغەمبەر محەمەد (ﷺ) بدە.
- 244- **گەورێتی پێغەمبەر (ﷺ) و نەتەوەکەی: دەگێڕنەوە:** کاتێ خودا دەرگەی بەهەشتی لە ئادەم کردەوە. ئادەم نوارِی لە عەرشی خودا نووسراوە: (لا الە الا اللە محمد رسول اللە). فەرمووی خودایە: ئەوە کێ یە ؟ خودا فەرمووی: ئەوە پێغەمبەرێکە لە نەتەوەی تۆ کەس لە ئەو گەورەتر نیە. ئۆمەتەکەشی لە هەموو ئۆمەتەکان گەورەترن.
- 245- **مافی دایك و باوك: دەگێڕنەوە:** بۆنی خۆشی بەهەشت 500 ساڵە ڕێ دەڕوات. بەڵام ئەوەی لەگەڵ دایك و باوکی خراپ بێ . لەو

Scanned with CamScanner

بۆنە خۆشە بەرییە.

- 246- **ئۆف گوتن بە دایك و باوك تاوانە: دەگێڕنەوە:** پێشەوا عەلی فەرموویەتی: ئەگەر خودا شتێکی لە ئۆف خراپتر هەبوایە بەرابەر دایك و باوك، ئۆفی نەدەگووت!.
- 247- **کوڕێکی چاك: دەگێڕنەوە:** جارێك باوکێك داوای ئاوی لە کوڕەکەی کرد. لە پاشاندا خەوی لێکەوت، کوڕەکەی تا بەیانی پەرداخە ئاوەکەی لە دەستدا بوو، دڵی نەهات باوکی بە ئاگا بهێنی.
- 248- **پاداشت دانەوەی باوان پایانی نییە: دەگێڕنەوە:** پیاوێ هاتە لای پێشەوا عومەر فەرمووی من دایکێکم هەیە لە پشتی دەکەم. پاشەڕۆی پێ دەکەم. تۆڵەی خۆم کردۆتەوە؟ فەرمووی: نەخێر چونکە ئەوان کە تۆیان بەخێو دەکرد. چاوەڕێی تەمەن درێژیت بوون. بەڵام تۆ چاوەڕێی مەرگیانی!..
- 249- 3 **خۆشی: دەگێڕنەوە:** لە زانایان سێ شت خۆشە. بێنی منداڵ و دیتنی دۆست و ڕابواردن لەگەڵ ژنی خۆت.
- 250- **لە بەندە جووڵە لە خودا ڕۆزی: دەگێڕنەوە:** لە تەورات نووسراوە ئەوەی دەستی بجوڵێنی واتا کار بکا خودا ڕۆزی دەدا.
- 251- **سێ شت بەدوای تەرم دەکەوێ: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: سێ شت بەدوای تەرم دەکەوێ سامان و خێزان و کردەوەی. تەنها کردەوەی لەلای دەمێنێ.
- 252- **جیاوازی مەرگ و خەوتن: دەگێڕنەوە:** بەزانایەکیان گوت:

Scanned with CamScanner

جیاوازی چـی یـه لـه نێـوان خـەوتن و مەرگـدا ؟ فـەرمووی خـەوتن مردنێکی سووکەڵەیە. مەرگ مردنێکی گرانە.

- 253- **هۆش لە ئەدەب باشترە: دەگێڕنەوە:** پرسیاریان لە عەبـدوڵڵای عەباس کرد، ئایا هۆش باشترە. یا ئـەدەب؟ فـەرمووی هـۆش، چـونکە هۆش لـە خودایە. بەڵام ئەدەب لە بەندەوەیە.
- 254- **بـەختیاری مـرۆڤ پێـنج شـتە: دەگێڕنـەوە:** لـە پێـشەوا عـەلی فەرموویەتی: بەختیاری مرۆڤ پێنج شتە ژن و منداڵی چـاك و هاوسـێ و دۆستی چاك، هەروەها لە شارەکەی خۆی کاربکا.
- 255- **ئـارەق خواردنـەوە: دەگێڕنـەوە:** لـە پێغەمبـەری خۆشەویـست (ﷺ) کەسێك لە جیهاندا ئارەق بخواتەوە لە دوا ڕۆژ نایخواتەوە.
- 256- **بووك و زاوا: دەگێڕنـەوە:** زاوایەك لە پـێش ئـەوەی بـچێتە لای بووکی گوتی منت خۆش دەوێ گوتی بەڵێ: کەواتە هەر جارێ تـوڕەم کردی دڵت دەدەمەوە. ئەگەر توڕەشت کردم دڵم بدەوە گوتی: بەڵێ.
- 257- **کـەعب و پێناسـەی ئـارەق:** دەگێڕنـەوە: کەعبـی ئـەحبار فەرموویەتی: من پەرداخێك ئاگرم پێ خۆشترە لە ئارەق.
- 258- **پەرتەوازەی جولەکە و دیان و موسڵمان:** دەگێڕنـەوە: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویەتی: جولەکە و دیان بوونە هـەفتا و دوو چـین، ئۆمـەتی منیش دەبێتە هەفتاو سێ چـین. گـشتی بـۆ دۆزەخـە . مەگـەر ئـەوەی لەسەر ڕێبازی من بێ. خودا پەنامان بدات. ئامین، کەس بـەدۆی خـۆی نالێ ترشە !! تا ڕۆژی ترش.
- 259- **ڕیـزی هـۆزی ئەشـعەری لای پێغەمبـەر (ﷺ): دەگێڕنـەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: چاکترین هۆز ئەشـعەرییە مـن لـە ئـەوانم،

Scanned with CamScanner

ئەوان لە منن لە جەنگ نابەزن. لە سامانی جەنگ گزی ناکەن.

- 260- **پێغەمبەر (ﷺ) و مەعاز: دەگێڕنەوە:** کاتێ پێغەمەر (ﷺ) مەعازی ڕەوانەی شام کرد بۆ مەلایەتی فەرمووی باخودا بەیەك بزانن و هەر پێنج نوێژەکە بکەن. (ب).
- 261- **پێغەمبەر (ﷺ) و جوولەکە و دیان: دەگێڕنەوە** پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەو کەسەی گیانی محەمەدی لە دەست دایە هەر جولەکە و دیانێ باوەڕی بەو بەرنامەیەی من نەبێ ئەگەر بمرێ دۆزەخییە.
- 262- **تفەڕك: دەگێڕنەوە:** ئەسما دەفەرموێ ئێمە هەموو جارێ کە نەخۆش دەکەوتین، کەوا کەی پێغەمبەرمان (ﷺ) لەناو ئاو دەنا بە ئاوەکە خۆمان دەشووشت. تاکو خودا چاکمان بکاتەوە.
- 263- **پێنووسی خودا: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر فەرموویەتی: خودای گەورە ئەندازەی هەموو بوونەوەرێکی نووسیوە، لە پێش ئەوەی ئاسمان و زەمین دروست بکات بە 50 هەزار ساڵ.
- 264- **کەنیزەیەك و پێغەمبەر (ﷺ): دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) بە کەنیزەیەکی گوت: خودا لەکوێ یە ؟ گوتی لە ئاسمان . گوتی من کێم ؟ گوتی تۆ پێغەمبەری خودای. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئازادی بکەن ئەوە موسوڵمانە.
- 265- **پۆشینەی سپی: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: پۆشینەی سپی بپۆشن. چونکە بەڕاستی باشترین پۆشینەیە. مردووەکانیشتان لەو پۆشینە بپۆشن. واتا: کفن. (صحیح الحاکم).

Scanned with CamScanner

- 266- **پۆشینەی سەوز: دەگێڕنەوە:** لەئەبی ڕەمە سەی ڕەفاعەی تەمیمی گوتی: پێغەمبەرم (ﷺ) دیت دوو پۆشینەی سەوزی پۆشیبوو. (د. ت. صحیح).
- 267- **مێزەری ڕەش: دەگێڕنەوە:** لەگێڕانەوەیەکی پێشەوا موسلیم. پێغەمبەر (ﷺ) وتاری دەدا مێزەرێکی ڕەشی لەسەر کردبوو.
- 268- **لقەکانی باوەڕ: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: باوەڕتان هەبێ بە خودا و فریشتە و پەرتووکەکان و پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی و قەزا و قەدەر. (ب. م).
- 269- **لقەکانی ئیسلام: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: لقەکانی ئیسلام ئەمانەن: شادە و نوێژ و ڕۆژوو زەکات و حەج. (ب. م).
- 270- **ژمارەی پێغەمبەران: دەگێڕنەوە:** ئومامە پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد ژمارەی پێغەمبەران چەندە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (124) هەزار، گوتی چەندیان ڕەسوول بووینە؟ پێغەمبەر فەرمووی: (315 یا 313) (ئیبن حبان. الحاکم).
- 271- **خۆشەویستترین پۆشینە لای پێغەمبەر (ﷺ): دەگێڕنەوە:** لە ئومو سەلەمە گوتی: خۆشەویستترین پۆشینە لەلای پێغەمبەر (ﷺ) چاکەت بوو.
- 272- **زێڕ و هاوریشم بۆ پیاو نارەوایە: دەگێڕنەوە:** لە ئەبو موسای ئەشعەری گوتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: پۆشینەی هاوڕیشم و زێڕ

Scanned with CamScanner

لە نێرینەکانی گەلەکەم نارەوا کراوە. بەڵام لە مێینەکان ڕەوا کراوە.

- 273- **خانووی هاوەڵان: دەگێڕنەوە:** کاتێ سەعدی وەقاس کاربەدەست بوو لە کوفە. نامەیەکی ڕەوان کرد بۆ پێشەوا عومەر نووسی من خانووم نییە. پێشەوا عومەر گوتی: خانوێك بکە لە گەرمی ڕۆژ و باران بتپارێزی.
- 274- **ڕق لێ بوونەوەی ژن لە مێرد: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: هەر شەوێ ژن سەر جێی مێردەکەی بە جێبێڵێ و لەگەڵی نەخەوی و دڵی بشکێنی، فریشتە هەتا بەیانی نەفرەتی لێ دەکەن.(ب. م).

275-**نابێ ژن بەڕۆژوو بێ بەبێ ڕای مێردی:** دەگێڕنەوە: لە ئەبو هورەیرە گوتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی بۆ هیچ ژنێ ڕەوا نیە، ڕۆژووی سوننەت بگرێ بەبێ پرس و ڕای مێردەکەی.

- 276- **دۆستی ڕووخۆش و ناخۆش: دەگێڕنەوە:** لە یەکێك لە پیاو چاکان گوتی: پیاوێکی خراپ ڕووی خۆش بێ، لام چاکترە لە پیاوێکی خودا ناس ڕووی ناخۆش بێ.
- 277- **ستەم: دەگێڕنەوە:** لە عەبدوڵڵای کوڕی پێشەوا عومەر گوتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ستەم بۆ ڕۆژی دوایی تاریکیە.
- 278- **شێوەی موسوڵمان بۆ موسوڵمان: دەگێڕنەوە:** لە ئەبو موسای ئەشعەری گوتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: موسڵمان بۆ موسوڵمان وەك خشتەکانی دیوارە هەر خشتێ ئەوی تری ڕاگرتووە. لە پاشاندا پێغەمبەر (ﷺ) پەنجەکانی لەناو یەکتر نا.
- 279- **سۆزی موسوڵمان بۆ موسوڵمان: دەگێڕنەوە:** لە نوعمانی بەشیر

Scanned with CamScanner

گوتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر یەکێك لە ئێوە ئەندامی جەستەی ئازار بکا، هەموو جەستەی ئازار دەکات. موسوڵمانان بۆ یەکتر دەبێ ئاوا بن.

- 280- **دا پۆشینی عەیب و عاری موسڵمان: دەگێڕنەوە** لەئەبو هورەیرە گوتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: هەر موسوڵمانێ جلك بۆ موسڵمانێك بکات، خودا لە ڕۆژی دوایی جلی بەهەشتی لەبەر دەکات.
- 281 - **چۆنیەتی لێدان لە ئارەق خۆر: دەگێڕنەوە:** لە ئەبوهورەیرە، وەپیاوێکی ئارەق خۆریان هێنایە لای پێغەمبەر (ﷺ) هەر یەکێ لە هاوەڵان بەشتێ لێیان دەدا بە سۆڵە. بە دەست . بە جلك... هەندێ گوتیان خودا ڕیسوات بکات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەو قسەیە مەکەن، کە ببنە یارمەتیدەری شەیتان (بە نەفرەت بی). (ب).
- 282- **شێوەی خەوتن و لەخەو هەڵسانی پێغەمبەر (ﷺ) دەگێڕنەوە:** لە حوزەیفەی یەمانی گوتی: پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ دەخەوت دەستی لەژێر کوڵمەی خۆی دادەنا و دەیگوت: ئەی خودایە بەناوی تۆوە دەمرم و زیندوو دەبمەوە کاتێکیش لەخەو هەڵدەستا دەیگوت: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە لە پاش مردن زیندووی کردمەوە.
- 283- **کۆڕی بێ زیکر: دەگێڕنەوە:** لە ئەبو هورەیرە لە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی: هەر کەسێ لە کۆڕێ هیچ ناوی خودا نەهێنێ. هەروەها لەکاتی خەوتن هیچ ناوی خودا نەهێنی ئەوە بۆی دەبێتە کەم و کوڕی.

Scanned with CamScanner

• 284- **دوو نازی پەنهان: دەگێڕنەوە:** لە عەبدوڵلای عەباس گوتی: دوو نازی خودا زۆر کەس ئاگایان لێیان نیە، تەندروستی و وەخت بە دەست بوون.

• 285- **درك لە جەستە ڕاچوون: دەگێڕنەوە** لە عائیشەی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی موسڵمان هەر ناخۆشیەکی بێتە سەر، خودا تاوانی پێ ڕەش دەکاتەوە هەتا درکێك لە جەستەی ڕابچێ تاوان ڕەش دەکاتەوە.

• 286- **دەرۆزە خراپە: دەگێڕنەوە** لە ئەبو هورەیرە لە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر یەکێك لە ئێوە کۆڵە دارێك لە پشتی بکا چاکترە بۆی، نەك دەرۆزە بکا . جا پێی بدەن یا پێی نەدەن !!

• 287- **لەچەری بە دووکەس دروستە: دەگێڕنەوە** لە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی دوو کەس دروستە حەسوودی پێ بەی یەکەم: دەوڵەمەندی کە هەمیشە خێرکەر بی. دووهەم مەلایەك کە زانا بێ و ئامۆژگاری خەڵك بکا.

• 288- **باشترین حەج: دەگێڕنەوە:** لە ئەبوبەکری سەدیق: پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) باشترین حەج چییە؟ فەرمووی دوو شتە لەکاتی (لبیك) دەنگت بەرز بکەیت و حەیوان بکوژیەوە.

• 289- **گەورێتی حەج:** دەگێڕنەوە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: حەجێ بە سامانی ڕەوا بێ . چاکترە لە دونیا و ئەوەی لە دونیا دایە. جگە لە بەهەشت پاداشتەکەی چیتر نییە .(ت . ئیبن ماجە).

• 290- **حەج دەتکاتە منداڵی ساوا: دەگێڕنەوە** لە ئەبو هورەیرە گوتی

Scanned with CamScanner

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کەسێك حەج بکا و لە پاشاندا کاری خراپ تەرخ بکا وەك منداڵی ساوای لێدێت . (ب. م).

- 291- **غەزای سێ کەس: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:غەزای پیرەمێردوبێهێزوژن چوونە حەجە!!(ن.حسن).
- 292- **زوو چوونە حەج: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: کەسێك دەیەوێت حەج بکا با پەلە بکات. چونکە لەبەر نەخۆشی و نەمانی لێخوڕ و هەبوونی پێویستی (احمد. البیهقی. الطحاوی. ئیبن ماجە).
- 293- **سێ کاری چاك: دەگێڕنەوە** پرسیاریان لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد چاکترین شت چی یە لە ئیسلامدا فەرمووی: باوەڕ بە خودا و پێغەمبەر، گوتیان لە پاشاندا؟ فەرمووی: خەبات لە ڕێی خودا دا. گوتیان لە پاشاندا فەرمووی: حەج بە سامانی ڕەوا.(ب)
- 294- **ماچ کردنی بەردە ڕەشەکە : دەگێڕنەوە:** لە پێشەوا عومەر جارێ (حەجەرول ئەسوەد)ی ماچ کرد و گوتی ئەی بەردە ڕەش، ئەگەر خۆم نەم دیبوایە پێغەمبەر (ﷺ) ماچی دەکردی، ماچم نەدەکردی. چونکە تۆ زیان و قازانجت نییە.
- 295 **حەج بۆ خۆت بکە : دەگێڕنەوە:** پیاوێ لەلای پێغەمبەر (ﷺ) دەیگوت، خودایە من وا (لبیك) دەکەم لە جیاتی (شبرمە)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی، چی تۆیە ؟ کابرا گوتی: برامە: یا خزمە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی تۆ خۆت حەجت کردووە؟ گوتی: نەخێر پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی حەج بۆ خۆت بکە. ئینجا بۆ شبرمەی بکە.
- 296- **نەچوونە حەج بە ئەنقەست: دەگێڕنەوە:** لە پێغەمبەر (ﷺ)

Scanned with CamScanner

فەرمووی کەسێك خواردن و لێخوڕی هەبێ. بە ئەنقەست حەج نەکا، ئەوا بە جولەکەیی یا بە دیانی دەمرێت.

- 297- **حەجی ژنان: دەگێڕنەوە:** لە عائیشەی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: ئایا ژن غەزای لەسەرە ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەڵێ. غەزای بێ جەنگ، ئەویش حەج و عەمرەیە. (صحیح).
- 298- **پێنج کاری چاك- دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی پێنج شت زۆر کۆن و لەمێژن. سوننەتن. بەر تراشین. سورانە کردن. بەر سمێڵ کردن دەرکێشانی مووی بن هەنگڵ. نینۆك کردن. (ب.م).
- 299- **دەست و ڕووی ژن شەرمگە نییە دەگێڕنەوە:** لە عائیشە: پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: کاتێ ژن باڵق بوو هەمووی شەرمگەیە. جگە لە دەست و ڕووی.

(رواه أبو داود و له شاهد من حديث اسماْ بنت عيسي من رواية البيهقي).

- 300- **چوار نیشانەی جیهان وێران بوون: دەگێڕنەوە:** لە ئەنەسی مالیك گوتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی هەندێ شت لە نیشانەکانی جیهان وێرانبوون ئەمانەن: نەمانی زانست، بوونی نەفامی،خواردنەوەی ئارەق، دامەن پیسکردن بەئاشکرا. (ب).
- 301- **بەردەوامی لەسەر ئیسلامەتی: دەگێڕنەوە:** پیاوێك بەناوی ئەبی عەمر یا ئەبی عەمرە بە پێغەمبەری (ﷺ) گوت: قسەیەکم پێ بڵێ لە ئیسلامدا بەکەسی تری نەڵێم پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بڵێ باوەڕم بە خودا هێنا و لە پاشاندا بەردەوام بە.

Scanned with CamScanner

• 302- **ڕەحمەتی خودا لە پیاوی نەرم- دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ڕەحمەتی خودا لەو پیاوەی کە لەکاتی کڕین و فرۆشتن و قەرد دانەوە نەرمە.

• 303- **زکری سەرە مەرگ: دەگێڕنەوە:** لە ئەبی سەعید و ئەبی هورەیرە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لا الـه الا الـلـه) بـە نەخۆشـەکانتان بکـەن لەسەرە مەرگ. (م).

• 304- **خـواردنی نـانی پرسـە لـە سـەردەمی پێغەمبـەر** (ﷺ)- **دەگێڕنەوە:** لە عەبدوڵڵای جەعفەر گوتی: کاتێ جەعفەری ئەبو تالیب شـەهید کـرا. پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی: ئـەی خـزم و هاوسـێیان خواردەمەنی بۆ ماڵی جەعفەر دروست بکەن. (ت. ئیبن ماجە).

• 305- **نزای چوونە سەر گۆڕ- دەگێڕنەوە:** لە بورەیدا، پێغەمبـەر کـاتێ دەچووە سەر گۆڕ ئەم نزایەی دەخوێند (السلام علیکم اهل الدیار من المؤمنین والمسلمین وانا ان شاء الله بکم لاحقون، نسأل الله لنا ولکم العافیه. (م).

• 306- **بەخـشندەیی خـودا لـە پـێش قینیـەتی: دەگێڕنـەوە:** لـە ئەبوهورەیرە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: کاتێ خـودا بوونـەوەرەکانی دروست کرد . لە نامەیەك نووسیویەتی نامەکە لەسـەر تـەختی خۆیـەتی (بەڕاستی بەخشندەم لە پێش ڕق و قینم دایە. (ب. م).

• 307 **چوونە لای ژنی خـۆت چـاکەیە:** لـە ئـەبو زەر گـوتی: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمووی: یـەکێك لـە ئێـوە کـە دەچـێتە لای ژنەکـەی. خـودا چاکەی بۆ دەنوسێ. یاران گوتیان: ئەی پێغەمبـەری خـودا ئێمـە لەبـەر حەزی خۆمان دەچین. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی باشە ئەگەر بچنە لای

Scanned with CamScanner

ژنی خەڵك تاوان و بۆ نانوسرێ؟گوتیان بەڵێ گوتی کەواتە خێرە.

- 308- **چاکی عائیشە: دەگێڕنەوە** لە ئەنەسی مالیك. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (فضل عائشة على النساء كفضل الثريد علي سائر الطعام). چاکی عائیشە لەسەر ژنان وەك چاکی گۆشت و نانە لەسەر هەموو خواردەمەنیەك.
- 309- **پاداشتی ڕۆژوو: دەگێڕنەوە**: لە ئەبو سەعیدی خودری گوێی لە پێغەمبەر (ﷺ) بووە، کەسێك ڕۆژێك لە ڕێی خوادا بەڕۆژوو بێ. خودا حەفتا ساڵ لە ئاگری دۆزەخ دووری دەکاتەوە.
- 310- **شاردنەوەی تاوان: دەگێڕنەوە**: لە (داودی تائی) تێکەڵی خەڵك نەدەبوو. پرسیاریان لێکرد لەبەر چی تێکەڵی خەڵك نابیت؟ گوتی: چ لە گەلێك بکەم کە تاوانی خۆیان لەمن بشارنەوە؟
- 311- **عیسا لە نەفام فێرە ئەدەب بووە: دەگێڕنەوە**: بە عیسا پێغەمبەریان گوت: تۆ لەکێ فێرە ئەدەب بوویت ؟ گوتی: لە بێئەدەبان.
- 312- **پێشەوا عومەر و حوزەیفە: دەگێڕنەوە**: پێشەوا عومەر بەزاری خۆی بە حوزەیفەی دەگوت: ئایا هیچ ڕەوشتێکی دوو ڕوویم تیادا دەبینێ؟
- 313- **هۆی شەو نوێژ نەکردن: دەگێڕنەوە**: لە یەکێك لە پیاو چاکان، کابرایەك گوتی قوربان من بۆچی شەو نوێژم پێ ناکرێ، گوتی: دیارە بەڕۆژ تاوان دەکەیت.
- 314- **سۆفیانی سەوری و شەو نوێژ: دەگێڕنەوە**: لە سۆفیانی سەوری دەڵێت: ماوەی مانگێ شەو نوێژم پێ نەکرا، چونکە تاوانێکم کردبوو!.
- 315- **شەوە پیرۆزەکان: دەگێڕنەوە**: جەژنی قوربان و ڕەمەزان و لەیلە تولقەدر و عەرەفە و نێوەی شەعبان پیرۆزن.
- 316- **ئامۆژگاری پێشەوا عومەر**: دەگێڕنەوە پێشەوا عومەر

Scanned with CamScanner

فەرموویەتی: نەکەن دۆستایەتی ئەحمەق بکەن، چونکە دەیەوێت سوودت پێبگەیەنێت. کەچی زەرەرت لێدەدا.

- 317- **سەرۆکی گزیکار: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: هەر کەسێك لەکاربەدەستایەتیەکەی گزیکاری بکات خودا بەهەشتی لەسەر نارەوا دەکات. (ب.م).
- 318- **ئەبوبەکر و جێنشینی: دەگێڕنەوە** کاتێ ئەبوبەکر بوو بە جێنشین گوتی: من لەئێوە چاکتر نیم. ئەگەر چاکەم کرد هاوکاریم بکەن. ئەگەر خراپەشم کرد قەدەغەم بکەن.
- 319- **ئامۆژگاری پێشەوا عەلی: دەگێڕنەوە:** پێشەوا عەلی گوتی: ئەگەر یەکێك دەولەمەندێتی بێ سامانی دەوێ . یا بەبێ هۆزی دەوێ. باخودا بناسێ و خراپە نەکات.
- 320- **سێ تاوانی خراپ: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: سێ کەس ناچنە بەهەشت و خودا بە چاوی بەخشندە گفتوگۆیان لەگەڵدا ناکات. پیرەمێردی دامەن پیس و پاشای درۆزن و هەژاری لووت بەرز.
- 321- **پەروەردگار بپۆشە: دەگێڕنەوە:** لە عەبدوڵلای پێشەوا عومەر پێغەمبەر (ﷺ) لە هەندێ کۆڕ 100 جار دەیگوت: رب اغفر لی وتب علي انك انت التواب الرحيم.
- 322- **غەزای گەورە: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) جارێك بەخێر هاتنەوەی لە یارەکانی کرد، کە لەغەزا هاتنەوە، فەرمووی لە غەزای بچوك هاتنەوە بۆ غەزای گەورە . ئەوانیش گوتیان بۆ غەزا هەیە لە جەنگ گەورەتر بێ ؟ فەرمووی: بەڵێ غەزا لەگەڵ دەروونی خۆتان.

Scanned with CamScanner

(البيهقي).

- 323- **نەترسان لەكاربەدەست: دەگێڕنەوە** جارێك كۆمەڵێك پیاو بە عەبدوڵڵای عومەریان گوت: ئێمە ئەو قسانەی لەپاش ملە بەرامبەر پاشایان دەیڵێین، لەبەروە ڕوویان ناوێرین؟ گوتی ئێمە ئەم كارەمان لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) بە نیفاق دادەنا!.
- 324- **شێوازی سامان: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: مەردووم هەر دەڵێ: سامانم، كەچی ئەوەی خواردی ڕۆیشت، ئەوەی بە پۆشینەی دا دڕا. تەنها ئەوەی كردیە خێر ماوە. (م).
- 325- **درۆی دەوڵەمەندی بێباوەڕ: دەگێڕنەوە:** لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ)، یەكێك لە دەوڵەمەندان بەناوی عیینە هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) لەو دەم سەلمانی فارسی لەتەك پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبوو. بەرگێكی خوری لەبەردابوو. دەوڵەمەندەكە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەگەر كۆڕێكی سەربەخۆمان بۆ دابنێی باوەڕت پێدەكەین. ئێمە ئێستا بۆیە باوەڕ بەتۆ ناكەین، چونكە ئەمانە واتا هەژارەكان بۆنیان ناخۆشە، ئینجا خودای گەورە فەرمووی من نارازیم كە لە هەژاران دوور بكەویتەوە.
- 326- **پێغەمبەرو (ﷺ) شوكرانەی خودا: دەگێڕنەوە** پێغەمبەر (ﷺ) پاژنەی پێی ئاوسا بوو لەبەر زۆر نوێژ كردن. جا عائیشە گوتی: ئەی خودا لە تاوانەكانت خۆش نەبووە؟ بۆچی ئەوەندە خۆت ئازار دەدەی ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی شوكرانەی خودا نەكەم.
- 327- **دەوری زمان لە جەستەدا: دەگێڕنەوە** پێغەمبەر (ﷺ)

Scanned with CamScanner

فەرموویەتی: باوەڕی مرۆڤ راست نابێ تا دڵی راست نەبێ. دڵیش راست نابێ تا زمانی راست نەبێ.

- 328- **پێشەوا عومەر و ئەبوبەکر: دەگێڕنەوە** جارێك پێشەوا عومەر پێشەوا ئەبوبەکری دیت وا زمانی ڕادەکێشێ، گوتی ئەوە بۆ وادەکەی ؟ ئەبوبەکر وتی: ئەوەیە کە بم باتە دۆزەخ.
- 329- **شێخ حەسەنی بەسری و زمان: دەگێڕنەوە:** شێخ حەسەنی بەسری فەرموویەتی: ئەوەی زمانی نەبەستێتەوە پارێزگاری نەکا. ئایینەکەی نەبەستراوە.
- 330- **پیاو چاکێك و زمان: دەگێڕنەوە:** لە محەمەدی واسع فەرموویەتی: پاراستنی زمان لەلای من ناخۆشترە، لە پاراستنی پارە و پوول.
- 331- **تاوس و زمان: دەگێڕنەوە:** تاوس فەرموویەتی زمان وەك دڕندەیە. ئەگەربەڕەڵاڵای بکەم دەمخوات.
- 332- **دڵ شوشتن: دەگێڕنەوە:** خودای گەورە پەیامی بۆ ئیبراهیم ڕەوانە کرد فەرمووی: دڵت بشۆ، ئەویش گوتی: ئەی خودایە دڵ چۆن دەشۆردرێ، خودا فەرمووی: بەهۆی خەم و پەژارە لەسەر ئەو شتانەی لە دەستت چووە و لە دەستت دەچێت.
- 333- **ترسی عومرانی حەسین لە خودا:** دەگێڕنەوە عومرانی حسین دەیگوت: بەخودا پێم خۆشە ببم بە خۆڵ و بکەومە ناو با.
- 334- **شێخ حەسەنی بەسری و مەرگ: دەگێڕنەوە** جارێك شێخ

Scanned with CamScanner

حەسەنی بەسری چەند جارێك ئەو ئایەتـەی دووبـارە دەکـردەوە (کـل نفس ذائقة الموت)، دەنگێك هات گوتی: کاتێ ئـەو ئایەتـە هاتـە خـوار چوار هەزار جن دووبارەیان دەکردەوە. سـەریان بـۆ لای ئاسمـان بـەرز نەدەکردەوە. تاکو هەموویان مردن.

- 335- **ئـایین سـەیری بـالاً ناکـات: دەگێڕنـەوە** پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر بەندەیەکی قوڵەڕەشی لـووت بڕاو کـرا گـەورەتان. ئێوەی بە قورئانی پیرۆز بەڕێوە دەبرد، تا کار بە قورئان بکەن، لـە قسەی دەرنەچن.(م).
- 336 - **راسپاردەی سەعد بۆ کوڕەکەی: دەگێڕنـەوە:** سەعدی وەقاس بە کوڕەکەی گوت: ئەی ڕۆڵە ئەگەر دەتەوێ دەوڵەمەند بـی، قەناعـەتت هەبێ، چـونکە هـیچ کەسـێك بـە مـاڵ دەوڵەمەنـد نـابێ . بـەڵکو بـە قەناعەت.
- 337- **شاردنەوەی دوو مردوو لە گۆڕێك: دەگێڕنەوە** لـە جەنگی ئوحود ئەنسارەکان هاتنە لای پێغەمبەر (ﷺ) گوتیـان برینـدار و مردوومـان زۆرە، چی بکەین ؟ پێغەمبەر (ﷺ) گـوتی: گـۆڕی فـراوان هەڵقـەنن هەر گۆڕەو دوو مردووی بخەنە نـاو. یـان سـێ، گوتیـان کامـەیان لـە پێشەوە بێ؟ پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی قورئانی پتر بزانێ.
- 338- **نوێژ و دەست نوێـژ: دەگێڕنـەوە** پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: نوێژ بەبێ دەست نوێژ نابێ و دەست نوێژیش بەبێ (بسم اللـه الـرحمن الرحیم) نابێ.

Scanned with CamScanner

- 339- **دوو تاوانی خراپ: دەگێڕنەوە** لە پێشەوا عەلی لە پێغەمبەر (ﷺ) بەڕاستی سەختترین شت کە ترسم هەبێ لێیان بۆ ئێوە دوو شتە: بەدواکەوتنی هەوا و ئارەزوو. ئەمەل درێژی.
- 340- **جیهان هی ئەوە: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی کەسێك بەیانی کردەوە لەش ساغ بوو . ئاسایش بوو . نانی ئەو ڕۆژی هەبوو. هەموو جیهان هی ئەوە.
- 341- **شێخ حەسەن بەسری و قوتابیەکانی: دەگێڕنەوە** جارێك شێخ حەسەنی بەسری بە قوتابیەکانی گوت: مینبەر وتار خوێندنەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دەگریا، کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) مینبەرێکی تری بۆ دروست کرا. ئایا ئێوە بە مینبەرکەش و تێ نابێ.
- 342- **چاکی حوزەیفە : دەگێڕنەوە:** هەموو جارێ کە کەسێك دەمرد . پێشەوا عومەر پرسیاری لە حوزەیفە دەکرد، کە ئەگەر هاتبوایە سەر تەرمەکە، ئەوا نوێژی لەسەر دەکرد. ئەگینا لێی دەگەڕا.
- 343- **پێنج شت لە پێش پێنج شت: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) گەنجی لەپێش پیری و تەندروستی لەپێش نەخۆشی و دەوڵەمەندی لە پێش هەژاری و کات بەدەستەوە بوون لەپێش کات بەدەستەوە نەبوون و مان لە پێش مەرگ. غەنیمەتە.
- 344- **ئەنجامی ڕژدی: دەگێڕنەوە** پیاوێ لە بیابانێ یەك تاقە کولێرەی لا بوو دڵی نەدەهات بیخوات . چونکە لەدڵی خۆی دەیگوت لەپاش ئەمە کولێرە چۆن پەیدا بکەم. تا ماوەیەك هەر نەیخوارد. خودا یەکسەر عیزرائیلی نارده لای گیانی بکێشێ.
- 345- **زمان چوار دەرگەی لە پێشە: دەگێڕنەوە** لە عەلی کوڕی بەکار،

Scanned with CamScanner

فەرموویەتی هەموو شتێ دوو دەرگەی لەپێشە، بەڵام زمان چوار دەرگەی لەپێشە. جووتە لێو و ددان

- 346- **پێغەمبەرو (ﷺ) پاشایان: دەگێڕنەوە پێغەمبەر (ﷺ)** نامەی بۆ پاشایەکانی سەردەمی خۆی ڕەوانە کرد. پاشا نەجاشی موسوڵمان بوو. قەیسەر موسوڵمان بوو. بەڵام لەترسی گەلەکەی، خۆی ئاشکرا نەکرد . مقەوقەس وەڵامی جوان بوو. کیسرا نامەی پێغەمبەری (ﷺ) دڕاند. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خودا تەفر و تونای بکات. ئەوە بوو شێرەوەی کوڕی کوشتی.
- 347- **پارە و خانوو بۆ خۆتان: دەگێڕنەوە:** عەبدوڵڵای عامر خانوی لە خالیدی عوقبە کڕی . خانوەکە لەنێو بازار بوو. لەپاش مامەڵە بڕینەوە منداڵی خالد گریان عبداللە گوتی: بۆ دەگرێین،گوتیان لەبەر خانوەکە گوتی: پارەو خانوو بۆ خۆتان!.
- 348- **چاکێتی عەبدوڵڵای مەسعود: دەگێڕنەوە** جارێك عەبدوڵڵای مەسعود بۆ بازاڕ دەچوو. پیاوێك پارەکەی لێدزی. خەڵك گوتیان ئەم پیاوە دزی کردوە، عەبدوڵڵا گوتی: وس بن لێی گەڕێن. ئەی خودایە ئەگەر ئەو پیاوە لەبەر نەبوونی دزی کردووە خێری لێ ببینی. ئەگینا ببێتە دوا تاوانی لە ژیانیدا.
- 349- **چاکێتی داودی تائی- دەگێڕنەوە** داودی تائی ئەوەندە لەخودای پەروەردگار دەترسا. شەوێك قورئانی دەخوێند. تووشی ئایەتێ بوو باسی ئاگری دۆزەخی دەکرد.تا بەیانی ئەم ئایەتەی دووبارە دەکردەوە.کە ڕۆژ هەڵات مەرگی خودای بەجێ هێنا.!!!

Scanned with CamScanner

• 350- **کەراماتی ئەسیدی حەزیر: دەگێڕنەوە** شەوێك لە شەوان ئەسیدی حەزیر و عەبادی بشر بۆ کاری پێویست. تا نیوەی شەو . لەلای پێغەمبەر (ﷺ) مانەوە .کە چوونە ماڵ هەریەکە و دارێکیان لەدەست دا بوو، دارەکان یەکەو چرایان پێوە لکا. تا گەیشتنە ماڵ پێشیان ڕەوشەن بۆوە. (ب).

• 351- **ئازایەتی پێغەمبەر (ﷺ): دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) بە مامەی خۆی گوت ئەگەر خۆر لە دەستی ڕاستەم دابنێن، مانگیش لە دەستە چەپ. من واز لەم ئایینە ناهێنم.

• 352- **بوومە لەرزە: دەگێڕنەوە** لەسەردەمی پێشەوا عومەر عەرد لەرزی. ئەویش گوتی: ئەی خەڵکینە ئەوە چیە ؟ دیارە شتێکتان کردووە. ئەگەر دووبارە بێتەوە لەناوتان دانانیشم.

• 353- **سوودی چاکە: دەگێڕنەوە:** لە عەبدوڵڵای عەباس پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی چاکە ڕوو جوان دەکا. دڵ ڕووناك دەکا. ڕۆزی زۆر دەکا. جەستە بەهێز دەکا. خۆشەویستی لەدڵی جەماوەر دروست دەکات.

• 354- **هۆی شت لەبەر نەکردن:** جارێکیان پێشەوا شافیعی بە وەکیعی مامۆستای گوت، هۆی شت لەبەر نەکردن چییە ؟ گوتی: واز نەهێنانە لە تاوان.

• 355- **جەعفەری تالیب و نەجاشی: دەگێڕنەوە** کاتێ جەعفەری تالیب لەگەڵ هەندێ هاوەڵ چوونە لای نەجاشی پاشای حەبەشە.

Scanned with CamScanner

گوتیان ئێمـه بتمـان دەپەرسـت، مـردارەوە بوومـان دەخـوارد. دامـەن پیسیمان دەکرد. سەردانی خزمانمان نەدەکرد. لەگـەڵ هاوسـێ خـراپ بووین. ستەمان دەکرد. ئێستا پێغەمبەرێکمان بۆ هاتووە قەدەغەمان دەکا لەم ڕەوشتانە، بۆچی بەدوای نەکەوین؟. چونکە ئەمانە ڕاست و جوانن؟

- 356- **چۆن بوویتە گەورەی هۆزەکەت: دەگێڕنەوە:** معاویە بە عەرابـەی گوت: چۆن بوویە گەورەی هۆزەکەت؟ گوتی بەرامبـەر نـەفامان نـەرم بووم. بەرامبەر بەرپرسیار دەم بەخشی. جا هەر کەسێ ئاوا بێ وەك منە. ئەگەر چاکتر بوو ئەوا چاکترە. ئەگینا من چاکترم.
- 357- **کلیلی هەموو شتێ: دەگێڕنەوە:** لە جەعفەری محەمـەد، کلیلـی هەموو شتێ تووڕە نەبوونە.
- 358- **ئەموستیلەی پێشەوا عومەر: دەگێڕنـەوە** ئەموسـتیلەی پێـشەوا عومەر لێی نووسرابوو، مردن چاکترین ئامۆژگارە.
- 359- **پێشەوا عەلی و مەرگ: دەگێڕنەوە** پێشەوا عەلی جـارێ لـەناو مزگەوت دەیگوت: ئای مەرگ، زەخیرەی کەم، ڕێگەی درێژ.!!
- 360- **ئەعمەش و گۆڕ: دەگێڕنەوە** جارێ ئەعمەش خۆی لەنێو گۆڕی نا گوتی: ئای لەو جێیە تەسکە. ئای لەو تەنهاییە.
- 361- **ئامۆژگـاری سـۆفیاتی سـەوری: دەگێڕنـەوە** سـۆفیانی سـەوری فەرموویەتی سەرەتای خودا پەرستی کڕییە. ئینجا زانـست. لـە پاشـاندا کارپێکردنی، لە پاشاندا بلاوکردنەوەی.
- 362- **مانەوە لە نوێـژگا: دەگێڕنـەوە** پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی:

Scanned with CamScanner

کاتی یەکێك لەئێوە نوێژ دەکا، لە پاش نوێژەکە فریشتە نزای بۆ دەکا و دەڵێ خودایە لێی خۆشبە و رەحمی پێبکە تا لەجێی نوێژەکەی هەڵدەستێ. یا بێدەست نوێژ دەبێ.

- 363- **کێت خۆش بوێ حەشرت لەگەڵ ئەوە: دەگێڕنەوە** پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (کێت خۆش بوێ حەشرت لەگەڵ ئەوە) ئەنەس لەخۆشیان دەیگوت پێغەمبەر و پێشەوا ئەبوبەکر و عومەرم خۆش دەوێ!
- 364- **چاکێی عەبدوڵلای عەباس**: دەگێڕنەوە پێغەمبەر (ﷺ) دەستی لە باوەشی ناو فەرمووی، خودایە فێرە تەفسیری قورئانی بکەی !
- 365- **مرۆڤ و گۆڕ: دەگێڕنەوە** کاتێ مردوو دەشارنەوە فریشتە دەڵێ: ئەوە هاتیتەوە بە تەنها . ماڵ و منداڵی دەگەڕێنەوە. تەنها کردەوەی لەوێ دەمێنێ.
- 366- **ئامۆژگاری پێشەوا عومەر: دەگێڕنەوە** لە پێشەوا عومەر دەیگوت لەگەڵ تەوبە کاران دابنیشین چونکە ئەوان دڵیان لە هەموو کەس نەرمترە.
- 367- **ئامۆژگاری شێخ حەسەنی بەسری دەگێڕنەوە شێخ حەسەنی بەسری دەیگوت**: کەسێك بەجیهان دڵ خۆش بێ. دوا ڕۆژی لەبیر دەچێ ئەگەر بەدوای زانیاری بکەوێ و پاشان دونیای بووێ. لە خودا دوور دەکەوێتەوە.
- 368- **خێرکەر و نەکەر: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:

Scanned with CamScanner

هەموو بەیانییەك دوو فریشتەی خودا دادەبەزنە سەر زەوی. یەكێكیان دەڵێ، خودایە ئەوەی خێر كارە بۆی زۆر بكەی. ئەوەی تر دەڵێ: خودایە ئەوەی خێر نەكەرە لێی ببڕی. (ب. م).

- 369- **هۆزە پاشگەزەكانی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ): دەگێڕنەوە لە** زانایانی ئیسلام لە سەردەمی پێغەمبەر سێ هۆز پاشگەزبوونەوە.یەكەم (بە نومدلج) سەرەك هۆزەكەیان ناوی (زول خمار) بوو پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژێك لە پێش مەرگی خۆی هەواڵی مردنی بە هاوەڵان ڕاگەیاند. دووهەم بەنو حەنیفە سەرەك هۆزەكەیان موسەیلەمەی كەزاب بوو، كە جەنگی لەگەڵ ئەبوبەكر كرد سێهەم تەلحەی خوەیلد. كە داوای پێغەمبەرایەتی دەكرد. دوایی شكستی لەجەنگی شام، لەگەڵ ئەبوبەكری خالیدی وەلید موسوڵمان بوو.
- 370- **چاكی عەبدوڵلای عومەر: دەگێڕنەوە:** هەر كاتی گوێی لە ناوی پێغەمبەر (ﷺ) بوایە، چاوەكانی پڕ ئاو دەبوو.
- 371- **پێنج نزای گیرا : دەگێڕنەوە:** لە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی نزای ڕۆژوگر، پێشەوای چاك و زۆر لێ كراو و ڕێبوار و باوك بۆ منداڵی گەڕانەوەی نییە.
- 372- **نزای بە كۆمەڵ: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ئەگەر كۆمەڵە كەسێك نزا بكەن و كۆمەڵێكیش لەدوایان ئامین بكەن. ئەوا خودا نزایان گیرا دەكات.
- 373- **كوشتنی باشترین كەس و خراپترین كەس: دەگێڕنەوە لە**

Scanned with CamScanner

وەحشی گوتی من کە کافر بووم پێشەوا هەمزەم کوشت. بەڵام ئێستا کە موسوڵمان بووم موسەیلەی کەزابم کوشت!!!

- 374- **پێغەمبەر و (ﷺ) کەڵەشێر: دەگێڕنەوە** جارێ کەڵەشێرێ نەخۆش کەوت، پێغەمبەر (ﷺ) خۆی لە دەوری دەسوڕایەوە بۆ چارەسەری وەکو پزیشك!.
- 375- **پێغەمبەر و (ﷺ) منداڵی ساوا: دەگێڕنەوە** جارێ لە سوژدە، حەسەنی پێشەوا عەلی چووە سەر ملی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ یاری، پێغەمبەریش (ﷺ) سەری لە سوژدە بەرزنەکردەوە، تالاچوو کە نوێژەکە تەواو بوو، یاران گوتیان ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە چی ڕووی دا، سوژدەت ئەوەندە درێژ بوو؟ گوتی ئێوە نەتان دی ئەو منداڵە لەسەر ملم بوو، دڵم نەهات لەگەمەی بکەم.
- 376- **ئامۆژگاری مەکحولی شامی: دەگێڕنەوە:** دەیگوت: بەڕاستی من زۆر شەرم دەکەم، یەکێك ستەمی لێ بکرێ و کەسێ نەبێ لەسەری بکاتەوە.
- 377- **رووگرژی: دەگێڕنەوە:** یەکێك لە پیاوچاکان: دەڵێ ئەگەر خوا پەرستی رووگرژ دۆستایەتیم بکات لەگەڵ فاسقی رووخۆش فاسقەکەم لاباشترە لە ئەو.
- 378- **دوو رووییتی: دەگێڕنەوە** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: لەدوا ڕۆژ خراپترین کەس دووڕووە. (ا. ب.م.)
- 379- **خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) : دەگێڕنەوە** لەسەردەمی

Scanned with CamScanner

پێغەمبەر (ﷺ) ژنێ مێرد و برا و باوکی شەهید کرا، کاتێ ئەم هەواڵەی پێ گەیشت گوتی: توخوا پێغەمبەر (ﷺ) ماوە گوتیان بەڵێ: گوتی کەواتە چی ڕووی نەداوە!!

- 380- **ئامۆژگاری پێشەوا عەلی**: لەسەردەمی پێشەوا عەلی پرسیاریان لێ کرد، پێغەمبەرتان (ﷺ) چۆن خۆش دەویست؟ فەرمووی: لە سامان و منداڵ و دایك بگرە لە ئاوی ساردیش.
- 381- **ئامۆژگاری پێشەوا عەلی**: **دەگێڕنەوە** پێشەوا عەلی فەرموویەتی: سەختترین سەربازی خودا کێوە . ئەویش بە ئاسن کەرت دەبێ. ئاسنیش بە ئاگر. ئاگریش بە ئاو ئاویش بەبا. مرۆڤیش لەبا بەهێزترە. خۆشی لە مرۆڤ بەهێزترە. خەو لە خۆشی بەهێزترە، خەم لە هەموان بەهێزترە.
- 382- **پێشەوا عومەر و خێزانی**: **دەگێڕنەوە** پیاوی بەهەشتاوی. لەبەر ڕێك نەکەوتنی لەگەڵ خێزانەکەی بۆ ماڵی پێشەوا عومەر چوو ، کە تەماشای کرد وا خێزانی پێشەوا عومەریش وەك خێزانی ئەوە، ویستی بڕوا، پێشەوا عومەر گوتی مەڕۆ ژنان خواردن ئامادە دەکەن. منداڵ بەخێو دەکەن. جلك دەشۆن..... دەبێ لەگەڵیان نەرم بیت.
- 383- **نوح پێغەمبەر و جیهان**: **دەگێڕنەوە**: لەسەرە مەرگ بە نوح پێغەمبەریان گوت: چۆن ژیانت بردە سەری لەم دونیایە ؟ چونکە تۆ هەزار ساڵە دەژی ؟ گوتی: وەك: پیاوێ لە دەرگەیەك بێتە ژوور. لەئەوی تر بچێتە دەر.

Scanned with CamScanner

• 384- **گوتی نا: دەگێڕنەوە:** بە پیاوێکیان گوت: دونیات چەند دەوێت ؟ گوتی زۆر گوتیان هیچت دەست کەوتووە؟ گوتی: نا . گوتیان ئەی ئەگەر نەت ویستبا . گوتی: ئەوکات هەرنا.

• 385- **تاوانی شمشێر چی یە: دەگێڕنەوە:** باوکێك مرد دوو کوڕی لەپاش بەجێ ما لەگەڵ شمشێرێك . شمشێرەکە هەر ڕۆژێ لەلای یەکیان بوو، یەکێکیان غەزای پێدەکرد. ئەویتریش دزی. تاوانی شمشێر چییە؟

• 386- **موسڵمان بوونی پێشەوا عومەر: دەگێڕنەوە:** پێشەوا عومەر شمشێری لەکالان دەرهێنا بوو. ویستی پێغەمبەر (ﷺ) بکوژی .لەڕێگە تووشی نەعیمی عەبدوڵلاً بوو گوتی: ئەوە بۆ کوێ دەچی ؟ گوتی: محەمەد دەکوژم. گوتی بڕۆ جارێ سەیری فاتمەی خوشکت و سەعیدی زاوات بکە، ئینجا محەمەد بکوژە، ئەوانە هەمویان موسڵمان بوونە. کە چووە لایان سورەتی (طە) یان دەخوێند، شەپازلەیەکی لە فاتمەی خوشکی دا . لە پاشاندا خودا دڵی نەرم کرد، تەماشای سورەتی (طه)ی کرد موسڵمان بوو!.

• 387- **چاکی جوبەیری مونعیم: دەگێڕنەوە:** جارێ جوبەیری مونعیم گوێی لەو ئایەتە بوو (ام خلقوا من غير شي ء ام هم الخالقون) راست موسوڵمان بوو. گوتی: دڵم بۆ ئیسلام فڕی.

• 388- **پێغەمبەر (ﷺ)- و ژنی بێگانە:** دەگێڕنەوە لە عائشەی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ)دەڵێ: دەستی پێغەمبەر(ﷺ) هەرگیز بە دەستی ژنی بێگانە نەکەوتووە.

Scanned with CamScanner

• 389- **نـزای پـاش نوێـژی هـەینی: دەگێڕنـەوە:** لـە عراکـی کـوڕی مالیـك، کـاتێ نوێـژی هـەینی دەکـرد لـە پـێش دەرگـەی مزگـەوت ڕادەوەستا، ئەم نزایەی دەکرد. ئەی خودایە. وەڵامی بانگی تۆم دایەوە. نوێژە فەرزەکەی تۆم کرد. واپەرتەم لێ کرد، هەروەك خۆت فـەرمانت کردووە ئینجا ڕۆزیم بدە.

• 390- **ئەگەر پشت بـە خـودا ببەسـتی: دەگێڕنـەوە:** لـە عەبـدوڵڵای عومـەر پێغەمبـەر (ﷺ)فەرموویـەتی: ئەگـەر پـشت بـەخودا ببەسـتن هەروەك باڵندە پشتی پێ دەبەستن، بەیانی بەسکی بەتاڵی دەچنە دەرەوە. ئێواران بەتێری دێنەوە.

• 391- **جۆرەکانی ئـارامیی: دەگێڕنـەوە:** ئـارامیی سـێ بەشـە یەکـەم: ئارامی لـەسەر خودا پەرستی دووهەم: ئارامیی لەسـەر شـتە نارەواکـان. واتە دەستیان بۆ نەبەی، سێهەم ئارامیی لەکاتی نەمانی سامان و گیان.

• 392- **پێغەمبـەرێکی خـوداو ئـارامیی: دەگێڕنـەوە:** پێغەمبـەر (ﷺ)فەرموویەتی: پێغەمبەرێکی خودا نەتەوەکەی ڕوخساریان بە خـوێن هێنا. ئەویش خوێنەکەی دەسڕیەوە و دەیگـوت: خودایـە لـە گەلەکـەم خۆشبە ئەوان نەفامن.

• 393- **ئـارامیی لـەکاتی کـوێری: دەگێڕنـەوە:** لـە ئەنەسـی مالیـك پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر خودا چاوی بەندەیەکی کوێر کـرد. ئەویش ڕەزامەند بوو. ئەوا پاداشتەکەی بەهەشت نەبێ چیتر نییە.

• 394- **چـاکی عومـەری عەبدولعـەزیز: دەگێڕنـەوە** عومـەری

Scanned with CamScanner

عەبدولعەزیز نامەیەکی نوسی بۆکار بە دەستەکانی، گوتی: موسڵمانان ئاگادار بکەنەوە، هەر کەسێك کارێکی چاکمان پێ ڕابگەیەنێ لەبارەی بەرژەوەندی موسڵمانان (100) دیناری پێ دەدەین، واتا ئاماژە بکا بۆ کارێ نەمان کردبێ، وەك مزگەوت نەخۆشخانە . پرد لەهەر شوێنێ بێ.

- 395- **بێزبوونەوە لەخۆ: دەگێڕنەوە: پێغەمبەر** (ﷺ)فەرموویەتی: بێزتان لەخۆتان نەبێتەوە ؟ یاران گوتیان چۆن بێزمان لەخۆ دەبێتەوە ؟ پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی: وا دەبێ لەسەرتان پێویستە قسە بکەن قاف و دی، بەڵام لە ترسان نایکەن، یاخودا لە دوا ڕۆژ پێتان دەڵێ بۆ قسە هەقەکەتان نەکرد . لەمن بترسابوان هەقتر بوو!!
- 396- **چارەی ڕق: دەگێڕنەوە پێغەمبەر** (ﷺ)فەرموویەتی ڕق و قین لە شەیتانەوەیە . شەیتان لە ئاگر دروست کراوە. ئاگر بەئاو دەکوژێتەوە. جا هەر کاتێ تووڕەبون دەست نوێژ بشۆن.
- 397- **ئامۆژگاری پێشەوا عەلی: دەگێڕنەوە:** پێشەوا عەلی فەرموویەتی: ڕق و قین سەرەتای شێتیە. بنەتای پەشیمانییە.
- 398- **چوار شت گە نجینەی بەهەشتە : دەگێڕنەوە:** لەپیاو چاکان چوارشت گەنجینەی بەهەشتە باس نەکردنی هەژاری، گرفت،ئیش، خێرکردن بەدزی..
- 399- **پێشەوا عومەر و نزاکەرێ: دەگێڕنەوە:** کابرایەك نزای دەکرد و دەیگوت: خودایە لە کەمەکانم بگێڕە. پێشەوا عومەر گوتی:

Scanned with CamScanner

مەبەستت چییە گوتی: خودا نەیفەرمووە. {وقليل من عبادى الشكور }

- 400- **هونراوەی خراپ: پێغەمبەر فەرموویەتی:** ئەگەر یەکێك لەئێوە سینەی پڕکا لەکێمو زوخاو چاکترە، نەك لەهۆنراوەی خراپ.
- 401- **ئامۆژگاری ئەبوزەر- دەگێڕنەوە:** گوتی: تەنهایی لەکۆڕی پیاو خراپان چاکترە. کۆڕی پیاو چاکان لە تەنهایی چاکترە.
- 402- **دۆستی ڕاستەقینە: دەگێڕنەوە:** لە حوسێنی عەلی گوتی: ئایا یەکێك لە ئێوە دەتوانێ دەستی لە گیرفانی دۆستەکەی بنێ بەبێ پرسی گوتیان: نەء گوتی: کەواتە هێشتا نەبونەتە دۆست.
- 403- **دۆستایەتی مسروق و خوسیمە-: دەگێڕنەوە:** مسروق قەرزێکی زۆری لەسەر بوو. خوسیمە بەبێ ئاگاداری ئەو قەرزکەی بۆ دایەوە، کەچی خۆشی قەرزار بوو، مسروق بەبێ ئاگاداری ئەو قەردەکەی بۆ ئەو دایەوە.
- 404- **ئامۆژگاری ئەبو سلە یمانی الدارانی: دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر جیهان هەمووی هی من بێ. هەمووی لەزاری دۆستێکم بکەم هێشتا کەمە.هەروەها گوتی: کاتێ دۆستێکم پاروو دەباتە زاری، تامی لە دەمی من دایە.
- 405- **ناسینی ناوی دۆست و کار و هۆزی: دەگێڕنەوە:** جارێ عەبدولڵای عومەر لە کۆڕی پێغەمبەر سەیری لای ڕاست و چەپی دەکات. پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێ ئەوە بۆ ؟ دەڵێ چاو لە دۆستێ دەگێڕم، بەڵام ناوم نەزانیوە. جا پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: ئەگەر دۆستت گرت

Scanned with CamScanner

ناوی خۆی و باوکی و شوێن و کار و هۆزی بزانن.

- 406- **ئامۆژگاری عەبدوڵلای مەسعود: دەگێڕنەوە** گوتی: ئەگەر پیاوێ هەفتا ساڵ لە نێوانی ڕوکن و مەقامی ئیبراهیم خودا پەرستی بکات، کێی خۆش بوێت حەشری لەگەڵ ئەوە.
- 407- **ئامۆژگاری فضل: دەگێڕنەوە:** گوتی: سەیر کردنی دۆست بەچاوی خۆشەویستی فضل خودا پەرستی یە.
- 408- **ببە دۆستی دوو کەس: دەگێڕنەوە:** لە زانایان، ببە دۆستی دوو کەس، پیاوێك لە ئایین لێت فێرە شتێ بێ، یا تۆ لێی فێر بیت.
- 409- **جۆرەکانی دۆست: دەگێڕنەوە:** چوار دۆست هەیە: یەکەم شیرینە لێی تێر مەبە. دووهەم تاڵە مەیخۆ . سێهەم ترشە لە پێش ئەوەی بت خوات تۆ بیخۆ . چوارەم سوێرە لەکاتی پێویست بیخۆ.
- 410- **دۆستی پێنج کەس مەبە: دەگێڕنەوە:** لە جەعفەری صادق گوتی: دۆستی درۆزن مەبە فێلت لێ دەکات، دوورت لێ نزیك دەکات . نزیکیش دوور، دۆستی ئەحمەق مەبە دەیەوێ سوودت بداتێ بەڵام زیانت لێ دەدا . دۆستی ڕۆژ مەبە بێ خێرە، دۆستی ترسەنۆك مەبە لەناوت دەبات . دۆستی فاسق مەبە دەتفرۆشی.
- 411- **دا پۆشینی کەم و کوڕی:** دەگێڕنەوە: لە عیسا پێغەمبەر گوتی: ئەگەر دۆستێ خەوی لێ کەوتبوو، با جلەکەی لەسەر لابرد بوو چی لێ دەکەن ؟ گوتیان دای دەپۆشین . گوتی نەء گوتیان: چۆن ؟ گوتی: ئەی بۆ کاتێ ناوی دۆستێ لەلاتان دێت، ئێوەش بەزیادەوە کەم و

Scanned with CamScanner

کوڕیەکانی ئاشکرا دەکەن.

- 412- **مافی دۆستایەتی: دەگێڕنەوە:** لە پێشەوا عومەر گوتی: مافی دۆستایەتی سێ شتە. کاتێ پێی گەیشتی سلاوی لێ بکەیت ، لەنێو کۆڕ جێی بکەیت، بە جوانترین ناو بانگی بکەیت.
- 413- **دۆستی گیانی بە گیانی: دەگێڕنەوە:** لە (عەلی ئەلرباتی- گوتی: جارێ لەگەڵ عەبدوڵڵای الرازی چوینە گەشت گوتی: کامەمان برا گەورە بێ ؟ گوتم تۆ، خواردنەکەی لە پشت بوو، ماوەیەك ڕۆیشتن گوتم برسیمە ؟ گوتی پەلە نەکەی، ئەی من برا گەورە نیم، شەوێ باران باری من دانیشتم. ئەویش ڕاوەستا بوو پەنای لێ کردم، نەی هێشت هەڵسمەوە لە خەیاڵی خۆم گوتم: خۆزگە دەمگوت من برا گەورەم.
- 414- **ئامۆژگاری سلف: دەگێڕنەوە:** گوتیان: دۆست ئەوەیە. ئەگەر هەژار بویت لێت نزیك بێ. ئەگەر دەوڵەمەند بووی چاوی لە سامانت نەبێ. ئەگەر پلەی بەرز بوو لووتی بەرز نەبێ.
- 415- **دیدەنی نەخۆش: دەگێڕنەوە:** لە عەبدوڵڵای عەباس گوتی: ئەگەر جارێ بچیە لای نەخۆش ئەوە سوننەتە. ئەگەر دووبارە و سێ بارەت کردەوە ئەوە خێرە.
- 416- **ماليكی دینار و مەرگ: دەگێڕنەوە:** گوتی: سوێندم بە خودا دڵم ئارام نابێتەوە تاکو جێی خۆم دەزانم لەدوا ڕۆژ، جێی خۆشم نازانم، تا دەمرم.
- 417- **هاوسێی ڕاستەقینە: دەگێڕنەوە:** پیاو چاکێ مشك لە ماڵیان

Scanned with CamScanner

هـەبوو. گوتیـان پـشیلەیەك ڕابگـرە . مـشكەكان دەخـوات: گـوتی: دەترسم لە ترسـی پـشیلە مـشك بـچنە مالّـە هاوسـێكەم. ئەگـەر پـێم خۆشبـــێ، نیشانەی ئەوەیە . باوەڕم ناتەواوە.

- 418- **ژمارەی هاوسێ: دەگێڕنـەوە:** پیاوێ هاتـە لای پێغەمبـەر (ﷺ) سكالای هاوسێی خراپی كرد. پێغەمبـەر (ﷺ) یـەكێكی بـانگ كـرد گوتی: بڕۆ لەنێو مالان بگەڕێ و بە دەنگی بەرز بلێ، چل مـاڵ لـەلای ڕاست و چەپ و پاش و پێش هاوسێنە.
- 419- **خۆت نزات لـێ كـردوە: دەگێڕنـەوە:** لـە (عەبـدوڵلای مبـارك) پیاوێ هاتە لای گوتی: كوڕەكەم لەگـەڵم خراپـە ؟ گـوتی: چ جـارێ نزات لـێ كردووە ؟ گوتی بەڵێ: گوتی كەواتە تاوان لە خۆتە.
- 420- **گیانمان وەك یەكە: دەگێڕنەوە** ئەبو هورەیرە جـارێ پیـاوێكی دی سواری ولاخ ببوو. بەندەكەی بە پیادە لە پـشتی دەڕۆیـشت ئـەبو هورەیرە گوتی: سواری بكە گیانتان وەك یەكە.
- 421- **گرنگێتی فەرمان بەچاكە: دەگێڕنەوە:** لە پێشەوا عەلی گوتی: زال بوون لە جیهاد ئەوەیە: بە دەست و زمانو دڵ جیهاد بكـەن، واتـا فەرمان بە چاكە.
- 422- **مەلای بـێ كـردەوە :دەگێڕنـەوە:** پێغەمبـەر (ﷺ) گـوتی: لـەو شەوەی چـوومە ئاسمـان فەرمووی كۆمەڵـە كەسـێكم دیـت لێویـان بـە مەقەسی ئاگر قوت دەكرا، گوتم ئەوانـە كـێن ؟ گوتیـان فـەرمانیان بـە چاكە دەكرد و خۆیان كاریان پێ نەدەكرد.

Scanned with CamScanner

• 423- **خۆت چاك بكه: دەگێڕنەوە:** خودا بە عیسا پێغەمبەری گوت چاكە بكە. ئەگەر ئامۆژگاریەكانت بۆ خۆت سودی هەبوو، ئینجا خەڵكەكە ئامۆژگاری بكە، ئەگینا شەرم لەمن بكە.

• 424- **سوودی لێ خۆشبوون: دەگێڕنەوە:** لە عكرمە گوتی: خودا بە یوسفی یعقوبی فەرموو: ئەگەر لە برایەكانت خۆش نەبوای، ناوم بەرز نەدەكردی لەجیهان و دواڕۆژ.

• 425- **دەرگەكانی دۆزەخ: دەگێڕنەوە** لە عبادە صامت گوتی: سێ دەرگەی دۆزەخ، بۆ دەوڵەمەندی خراپە. سێ دەرگەش، بۆ ژنانی خراپە. دەرگەیەك بۆ هەژارانی خراپە.

• 426- **كۆڕی مردوان: دەگێڕنەوە:** جارێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: لەكۆڕی مردووان دامەنیشن، گوتیان كۆڕی مردووان چی یە ؟ فەرمووی كۆڕی دەوڵەمەندان.

• 427- **سلێمان پێغەمبەر: دەگێڕنەوە:** سلێمان پێغەمبەر هەموو جارێ كە هەژارێكی دەدیت، دەچوو لەلای دادەنیشت و دەیگوت: هەژارێ لەلای هەژارێ دانیشتووە.

• 428- **ناخۆشی قیامەت: دەگێڕنەوە:** لە عەلی فضیل ڕۆژێ دەگریا گوتیان ئەوە بۆ ؟ گوتی: بیر لە ئەو كەسە دەكەمەوە كە ستەمی لەمن كردووە لە دواڕۆژدا، دەبێ بەڵگەی چی بێ؟.

• 429- **گۆڕیەكەم ماڵە: دەگێڕنەوە** لە (حاتم اصم) گوتی: كەسێك بەلای گۆڕستان تێپەڕی و بیرنەكاتەوە گزی لەخۆی و ئەوان كردووە.

• 430- **سێ كاری چاك: دەگێڕنەوە:** كەسێك خودای خۆش بووێ و

Scanned with CamScanner

خدوی بکەوێتە سەر قورئان و،مەرگ ئامۆژگاری بێ، بەسیەتی.

- 431- **تەنهایی: دەگێڕنەوە:** لە (حاتمی اصم) جارێ پاشا چووە لای گوتی: حاتم چ کارێکت هەیە، گوتی پێم خۆشە نەم بینی . نەت بینم، نەم ناسی!
- 432- **گۆرانی: دەگێڕنەوە:** لە پێشەوا شافعی گوتی: گۆرانی قسەیەکی خراپە و لە ناهەق دەچێت. ئەگەر خاوەنەکەی بەردەوام بێ بە شایەت ناچێ و بەبێ هۆش دادەنرێت.
- 433- **مردووی زیندوو: دەگێڕنەوە:** حوزەیفە گوتی: کەسێك نکولی خراپە نەکات بە دەست و زمان و دڵی، ئەوە مردووێکی بەناو زیندووە.
- 434- **ئیبراهیم پێغەمبەر و میوان: دەگێڕنەوە:** نانی بەبێ میوان نەدەخوارد، لە دەوروبەری شارەکەی دەگەڕا، تا میوانێ بدۆزیتەوە ڕۆژ هەبوو 3 میوانی هەبوو، یا دە میوان تا سەد میوان نازناوی (باوکی میوانانە) چونکە میوانخانەی هەبوو.
- 435- **نەچوونە سەر داوەت: دەگێڕنەوە:** لە ئەبو نزابی ئەلەنخەشی گوتی: جارێك برادەرێ شیوی بۆ کردم و نەچووم چواردە ڕۆژ برسیم بوو، زانیم سزای نەچوونمە کە خودا سزای داوم.
- 436- **ئامۆژگاری مەعروفی کەرخی: دەگێڕنەوە** دەیگوت: هەر کەسێك بانگم بکات من دەچم. من میوانی هەموو کەسێك دەبم.
- 437- **چوونە سەر داوەت: دەگێڕنەوە:** لە تەورات یا لە هەندێ نامەی خودا نوسراوە . میلێ بڕۆ بۆ سەردانی نەخۆش. دوو میل بڕۆ بۆ سەردانی دۆست.
- 438- **پێغەمبەر (ﷺ) و میوان: دەگێڕنەوە:** لە قتادە جارێ وەفدی

Scanned with CamScanner

نەجاشی هاتە میوانداری پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر بەخۆی خزمەتی دەکردن. یاران گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە خزمەتیان دەکەین.پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەوان لەگەڵ هاوەڵانی من زۆر چاك بوون . بۆیە چاکەکەیان دەدەمەوە.

- 439- **خواردنی ماڵی دۆستان**: دەگێڕنەوە جارێ حەسەنی بەصری لەناو باژێر، خواردنی لەدوکانی برادەرێکی دەخوارد. برادەرەکەی لەوێ نەبوو. پیاوێ گوتی: ئەی حەسەن چۆن بەبێ پرسی دوکاندار ئەو هەنجیر و خواردنانە دەخۆیت ؟ گوتی: ئایەتی خواردن بخوێنەوە تا گەیشتە (او صديقكم) واتا یا خواردنی ماڵی دۆستان، کابرا گوتی: ڕاست دەکەی نەمزانی دروستە.
- 440- **پێشەوا عەلی و میوانداری**: **دەگێڕنەوە**: جارێ کابرایەك پێشەوا عەلی بردەوە ماڵ عەلی فەرمووی: بەسێ مەرج دەبمە میوانت. شت لەباژێر نەکڕی بۆ من. ئەوەی لە ماڵە نەیشاریەوە. بەشی منداڵەکانیشت بدەی.
- 441- **برادەری چاك**: **دەگێڕنەوە**: لە هەندێ تابیعی جارێ میوانی هات هیچیان نەبوو، چووە ماڵی برادەرێکی. مەنجەڵێك لەسەر ئاگر بوو، مەنجەڵە شیوەکە و هەندێ نانی هێنا، لەپێش میوانەکانی دانا. کە خاوەن ماڵەکە هاتەوە گوتیان: فلانی برادەرت مەنجەڵە شیوەکەی برد، گوتی کارێکی چاکی کردووە!.
- 442- **ئەدەب لەگەڵ میوان**: **دەگێڕنەوە**: لە ثوری گوتی: ئەگەر

Scanned with CamScanner

میوانت هات، نەڵێ ی دەخۆیت بۆت بهێنم ؟ خواردنی لەپێش دابنێ، ئەگەر خواردی یان نەیخوارد!

- 443- **ڕێزگرتنی میوان: دەگێڕنەوە:** جارێ معاویە بووە میوانی هارونە ڕەشیدی پادشای عێراق. پیاوێکی کوێر بوو. هارونە ڕەشید ئاوی بەدەستی داکرد. کە دەستی شۆرد هارون گوتی: ئەوە کێ بوو ئاوی بە دەست داکردی ؟ گوتی نازانم . هارون گوتی من بوم. معاویە گوتی ڕێزی زانستت گرتوە. خودا ڕێزت بگرێت.
- 444- **گرنگێتی میوان: دەگێڕنەوە:** لە حەسەنی بەصری گوتی: خێرێ بۆخۆتت و خێزانت خەرج بکەی لە خواردن، لێ پرسینەوەی لەسەرە. جگە لە خەرجکردن بۆ میوان، چونکە خودا شەرم دەکات لەسەر ئەوە پرسیارت لێ بکات.
- 445- **گرنگێتی شیو کردن:** دەگێڕنەوە: لە پێشەوا عەلی گوتی: ئەگەر کۆمەڵە برادەرێکم داوەت بکەم. لام چاکترە لە ئازاد کردنی بەندەیەك.
- 446- **شیوکردن بۆ برسیان: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: خودا لە ڕۆژی دوایی بە بەندەی دەڵێ برسیم بوو نانت نەدام. ئەویش دەڵێ خودایە تۆ برسیت نابێ ؟خودا دەڵێ: ئەی بەندەی من برسی نەبوو؟. تێرت نەکرد!.
- 447- **وەرعی پیاو چاکان: دەگێڕنەوە:** زەنونی مصری لە بەندیخانە دەبێ. خوشکێکی دۆستی خواردنی بۆ ڕەوانە دەکات. ئەویش نایخوات. دەڵێ بە دەستی دەرگەوانی بەندیخانە بۆم هاتووە. ئەوانە پیاوی خراپن.
- 448- **گەورێتی یادی خودا:** دەگێڕنەوە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:

Scanned with CamScanner

هیچ کارێ وەك یادی خودا نییە بۆ ڕزگار بوون لە سزای خودا. یاران گوتیان جیهادیش. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی . جیهادیش جگە لە ئەو جیهادەی کە کابرا شەهید بێ و زیندوو بێتەوە، سێ جار شەهید بکرێ!

- 449- **داود پێغەمبەر و یادی خودا: دەگێڕنەوە:** دەیگوت: خودایە ئەگەر بەلای کۆڕێ تێپەڕیم کە یادی تۆیان دەکرد، جێم هێشتن، چوومە کۆڕی بێ ئاگایان قاچم بشکێنە.
- 450- **ئەبو هورەیرە و یادی خودا: دەگێڕنەوە:** دەیگوت: هەروەك خەڵکی سەر زەوی ئەستێرەکانی ئاسمانیان لێ دیارە لە شەواندا. خەڵکی ئاسمانیش ئەو مالآنەیان بۆ دەبێتە ئەستێرە کە یادی خودا دەکەن.
- 451- **سۆفیانی عیینە و یادی خودا: دەگێڕنەوە:** دەیگوت کاتێ کۆمەڵە کەسێك کۆدەبنەوە بۆ یادی خودا. شەیتان و جیهان دەڕۆن دوور دەکەونەوە. شەیتان دەڵێت: جیهان ئاگات لێیە. جیهان دەڵێ لە پاش کەمێك کە زکرەکە تەواو بوو پشتی ملیان دەگرم و دەیان هێنمە بەر دەستت.
- 452- **یادی خودا میراتە: دەگێڕنەوە:** جارێ ئەبو هورەیرە چووە باژێر و گوتی: خەڵکینە: میراتی پێغەمبەر (ﷺ) لە مزگەوت بەش دەکرێ، خەڵکەکەش چوونە مزگەوت هیچیان نەدی .تەنها هەندێ کەس یادی خودایان دەکرد و قورئانیان دەخوێند گوتیان: ئەی ئەبو هورەیرە میراتی پێغەمبەر (ﷺ) نییە ؟ گوتی: مەبەستم یادی خودا بوو!.
- 453- **گەورەترین پاداشت: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) بە ئەبو هورەیرەی گوت: هەموو کارێك لە ڕۆژی دوایی لەنێو تەرازووی خودا

Scanned with CamScanner

دادەنرێت و دەکێشرێ. جگە لە (لا الە الا اللـــە- چـونکە(لا الـە الا اللـــە) ئەگـەر لـــە بەرامبەرهـــەفت چـینی ئاسمـــانو زەوی دابنـدرێ گرانوسەنگینترە.(ابن حبان.الحاکم صحیح).

- 454: **یادی (سبحان الله الحمد لله الله اکبر-: دەگێڕنـەوە:** پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمووی: کەسێك لە پاش هەموو نوێژێ سی و سێ جار سبحان الله و سی و سێ جار الحمد لله. سی و سـێ جـاریش اللـه اکـبر. لـە کۆتایی لا الـه الا الـله بلێ. خودا لە هەموو تاوانەکانی خۆش دەبێـت، ئەگەر وەك کەفی دەریاش زۆر بن! (م).
- 455- **ئامۆژگاری تەورات: دەگێڕنـەوە:** نوسرا بوو لە تـەورات، ئـەی بەندەی من، چۆن شەرم ناکەی، کاتێ نامەی دۆستێکت پێدەگات، پیت بە پیت دەیخوێنێتەوە . ئەگەر لەلات بێ زۆر بە جوانی سەیری دەکەیت. بەلاّم نامەی من لەبەر دەستت دایە کەچی پشتت لێی کردووە.
- 456- **قورئان خوێندنی بە بێ گریان: دەگێڕنەوە:** لە سـالّحی مـدی گوتی: جارێ پێغەمبەر (ﷺ) هاتە خەونم و گوتی: ئەی سـالح قورئـان دەخوێنی. بەلاّم گریانت نییە.
- 457- **قورئان خوێندن بە دەنـگ: دەگێڕنـەوە:** لـە سـەعیدی مـسیب جارێ عومەری عەبدولعەزیز لەناو نوێژێکی بە دەنگی بـەرز دەیخوێنـد. سەعید کەسێکی نارده نزیکی گوتی: پێی بلێ دەنگی نزم بکات. کـابرا گوتی: مزگەوت بۆ هەموومان یەکە. سەعید بە دەنگی بەرز گوتی: ئەی نوێژگۆ دەنگت نزم بکە. ئەگەر لەبەر خەلّك وا دەکـەی بـێ سـوودە. ئەگەر لەبەر خوداش نوێژ دەکەی دەنگت نزم بکە. عومەر دەنگـی نـزم

Scanned with CamScanner

کرد ئەوکات پێشەوای ئیسلام بوو.

- 458- **شێوەی قورئان خوێندنی هاوەڵان: دەگێڕنەوە:** ئەبوبەکر قورئانی بە دەنگی نزم دەخوێند و عومەر بە دەنگی بەرز و بیلال بە هەردوو لا ئەبوبەکر گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەوەی بۆی دەخوێنم گوێی لێیە. عومەر گوتی: پیاوی خراپ بێدار دەکەمەوە، بیلال گوتی: پاك و پاك تێکەڵ دەکەم.
- 459- **قورئان هەموو شتێکی تیادایە: دەگێڕنەوە:** لە عەبدوڵڵای مەسعود گوتی: ئەگەر دەتانەوێت زانست بزانن قورئان بخوێنن. چونکە زانستی سەرەتا و بنەتا لە نێو قورئان دایە. هەروەها فەرمووی: کەسێك قورئانی خۆشبوێت خودا و پێغەمبەری خۆش دەوێت. کەسێك ڕقی لە قورئان بێت، رقی لە خودا و پێغەمبەرە.
- 460- **قورئان چرایە: دەگێڕنەوە لە عەمرعاص گوتی:** هەر ئایەتێك لە قورئان پلەیەکە لە بەهەشت و چرایە بۆ ماڵەکانتان. کەسێك قورئان بخوێنێ لەگەڵ پێغەمبەرانە، ئەوەندەی جیایە کە پەیامی بۆ نەهاتووە.
- 461- **ماڵێ بۆ قورئان خوێندن: دەگێڕنەوە:** ئەبو هورەیرە گوتی: ئەو ماڵەی قورئان خوێندی تیادایە، فریشتەی خودا دێنە ئەو ماڵە و پڕ خێر و بێر دەبێت و شەیتانەکان دەڕۆن. ئەو ماڵەی قورئان خوێندنی تیادا نییە. خێری نابێ و شەیتان دێتە ئەو ماڵە و فریشتە دەڕوا.
- 462- **ئامۆژگاری سیفانی سەوری : دەگێڕنەوە:** گوتی: کاتێ کەسێك قورئان دەخوێنێ، فریشتە نێو چەوانی ماچ دەکات.

Scanned with CamScanner

• 463-**ئامۆژگاری سلف: دەگێڕنەوە:** گوتیان کاتێ هەندێ قورئان خوێند، سورەتێ دەکەنەوە بۆ خوێندن، فریشتە نزایان بۆ دەکەن. بۆ هەندێکیش نەفرەت دەنێرن، گوتیان چۆن ؟ گوتیان کەسێك ڕەوا بە ڕەوا بزانێ و نارەوا بە نارەوا، فریشتە نزا یان بۆ دەکەن. بە پێچەوانە نەفرەت دەکەن.

• 464- **گەورێتی فێر کردن: دەگێڕنەوە:** لە یحیی معاذ هیچ شتێ بە ئەندازەی کێو نیە. جگە لە خێر کردن. ئەگەر دەنکە دانەوێڵەیەکیش بێ، لەلای خودا دەبێتە کێوێك!.

• 465- **ئامۆژگاری عومەر و عەبدوڵلای کوڕی: دەگێڕنەوە:** لە پێشەوا عومەر لەچاکەدا شانازیان بەخۆیان کرد. خێر گوتی: من لە هەمووتان گەورەترم . عەبدوڵلای کوڕی شەکری دەکردە خێر. دەیگوت لەبەر ئەوەی خۆم زۆرم ئارەزوو لە شەکرە.

• 466- **سوودی خێر بۆ دوا ڕۆژ: دەگێڕنەوە:** لە عبیدی عمیر. خەڵك لەدوا ڕۆژ زۆر برسینە . تینونە. بێ بەرگن . جگە لە ئەوانەی کە لەبەر خودا ئاویان بەخشیوە و خۆراکیان بەخشیوە. جلیان بەخشیوە.

• 467- **خێر کردنی پێشەوا ئەبو بەکر و عومەر: دەگێڕنەوە:** جارێ ئەبوبەکر و عومەر خێریان کردبوو، پێغەمبەر (ﷺ) بە عومەری گوت: چیت بۆ ماڵت و خێزانت هێشتۆتەوە ؟ گوتی: نیوەی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: نێوانتان وەك ئەو دوو وتەیە. (د. ت. الحاکم صحیح).

• 468- **تەواو کردنی چاکە: دەگێڕنەوە:** چاکە بەسێ شت دەبێت.

Scanned with CamScanner

یەکەم پەلەی لێ بکەی، دووهەم بەکەمی دابنێی. سێهەم . بە دزی ئەنجامی بدەی.

- 469- **ئامۆژگاری عیسا بۆ خێرکەران: دەگێڕنەوە:** گوتی ئەگەر هەژارێ لەدەرگە بدات و ماڵەکە بە بەتاڵی ڕەوانی بکەنەوە، ئەوە فریشتەی خودا. تا هەفت ڕۆژ نایەتە ئەو ماڵە.
- 470- **ئامۆژگاری عومەری عەبدولعەزیز بۆ خێرکاران: دەگێڕنەوە:** گوتی: نوێژ دەتانباتە نیوەی ڕێگە. ڕۆژوو دەتانباتە دەرگا. خێر کردنیش دەتانباتە ژوور.
- 471- **کۆلێرە کردنە خێر: دەگێڕنەوە:** لە عەبدوڵلای مەسعود پیاوێ هەفتا ساڵ خودا پەرستی کرد، لە پاشاندا زینای کرد. خودا ڕقی لێ گرت، ڕۆژێ تووشی هەژارێ بوو، کولێرەیەکی پێدا، خودا بە ئەوە لێی خۆشبوو.
- 472- **ئامۆژگاری ئەبو الدردا : دەگێڕنەوە:** دەیگوت تەقوا ئەوەیە پیاو بە ئەندازەی یەك تویسقال ترسی نەبێ لە خواردن و سامانی.
- 473- **ڕوونکردنەوەی شت: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ص) هەموو جارێ کە دیارییەکیان بۆ دەهێنا، پرسیاری دەکرد ئایا زەکاتە یا دیارییە ؟ تا ڕوونی دەکردەوە. چونکە خۆی زەکاتی وەرنەدەگرت.
- 474-**خواردنی شتی سەر ڕێگا: دەگێڕنەوە:** شەوێك پێغەمبەر (ﷺ) خەوی لێ نەدەکەوت، پرسیاریان لێ کرد؟ فەرمووی: دەنکە قەسپێکم هەڵگرتەوە و خواردم دەترسم قەسپی زەکات بوو بێ. (ا. اسنادە جید).

Scanned with CamScanner

• 475- **ئامۆژگاری بۆ پیاوی نارەوا خۆر: دەگێڕنەوە** لە سفیانی ثوری، شێوەی ئەو کەسەی کە خواردنی نارەوایە وەك ئەو کەسەیە کە جل و بەرگی پیس بە میز بشوات!.

476- **سامانی بە شوبهە: دەگێڕنەوە:** لە (عەبدوڵلای مبارك) گوتی: ڕەت کردنەوەی درهەمێکی بە شوبهە پێم چاکترە لە کردنی خێری 100 هەزار درهەم.تا 600 هەزار درهەم.

• 477- **ئامۆژگاری سلف بۆ پیاوی ڕەوا خۆر: دەگێڕنەوە:** دەیانگوت خۆراك ئەگەر ڕەوا بوو، لە یەکەم پاروو خودا لە خاوەنەکەی خۆش دەبێت. ئەگەر مرۆڤ بایەخ بە سامانی ڕەوا بدات. ئەوا خودا تاوانی ڕەش دەکاتەوە. هەروەك دار کاتێ بێ پەلك دەمێنێتەوە.

• 478- **ترسی عومەری عەبدولعەزیز لە نارەوا: دەگێڕنەوە:** جارێ میسك یان لەلاکێشا، ئەویش لووتی خۆی گرت و گوتی: با بۆنە کەی نێتە ناو لوتم چونکە سامانی گشتی موسلمانانە.

• 479- **ئامۆژگاری مالیکی دینار: دەگێرنەوە:** فەرموویەتی: وەرن با تەوبە لەگوناهێ بکەین، کەخەڵك لێی بێ ئاگان، ئەویش خۆشەویستی دنیایە.

• 480- **وەرعی تەواو:** دەگێڕنەوە: لە بشری حافی ئاوی لە جۆگان نەدەخواردەوە کە پاشایان دروستیان کردبوو. دەیگوت پارە و پولی ئەوان نارەوایە.

• 481- **گرنگێتی کار: دەگێڕنەوە** عیسا پێغەمبەر (علیه السلام)

Scanned with CamScanner

پیاوێکی خودا پەرستی دیت گوتی: کێ بەخێوت دەکات ؟ گوتی بـرام. عیسا پێغەمبەر(علیه السلام) گوتی: براکەت لەتۆ چاکترە.

- 482- **ئامۆژگاری عومەر بۆ کرێکاران: دەگێڕنەوە:** دەیگوت زۆر پـێم خۆشە لە ئەو کاتەی دەمرم، لە نێو ئیش و کاردا بم.
- 483- **کـار لـە دەرۆزەت دەکـات: دەگێڕنـەوە:** جـارێ لـەنێو کەشـتی بایەکی توند و تیـژ هـات، خەڵکەکـە زۆر ترسـان، ئیبراهیمـی ئەدهـەم گوتی: لە ئەوە بترسن، کە دەرۆزە بکەن.
- 484- **بازرگانی بەخشندە: دەگێڕنەوە:** لە یونسی عبید کـە بازرگـان بوو کوتاڵی دەفرۆشت، بە برازاکەی گوت: من بۆ نوێژ دەچم، نرخـی ئەم کوتاڵانە بە 200 درهەمە. لەپاش کەمێك پیاوێ هات برازاکەی بـە 400 درهەمی فرۆشت. یونس لـە رێگـە تووشـی کڕیـار بـوو . زانـی کوتاڵی خۆیەتی گوتی: بە چەندت کڕیوە؟ کابرا گـوتی: 400 درهـەم یونس گوتی: بچینە دوکان 200 درهەمت بدەمەوە . کابرا گوتی: مـن ڕازیم لە شارەکەی ئێمە بە 500 درهەمە . یونس 200 درهەمی دایەوە و زۆریشی لە برازاکەی دا.
- 485- **ئاهـەنگی ژن گواسـتنەوە: دەگێڕنـەوە:** پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمووی: ئاهەنگی ژن گواستنەوە ببەنە مزگەوت و دەفـیش لەگەڵیـدا لێ بدەن. (ت. حسن).
- 486- **گەمـە و یـاری لەگـەڵ خێـزان: دەگێڕنـەوە:** جـارێ پێغەمبـەر (ﷺ) یاری (راکردن)ی لەگەڵ عائشەی خێزانی کـردو لێـی بـردەوە.

Scanned with CamScanner

عائشەش جارێك لە پێغەمبەری بردەوە. جا پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: ئەوە بە ئەو.

- 487- **ئامۆژگاری لوقمان بۆ پیاوی ژندار:** دەگێڕنەوە: گوتی: ڕۆڵە خۆت لە ژنی خراپ بپارێزە. چونکە لەپێش پیر بوون، پیرت دەکات. ژنی خراپ داوای چاکە ناکات. بگرە لە ژنی چاکیش بترسە.
- 488- **پێغەمبەر (ﷺ) فاتیمەی کچی:** دەگێڕنەوە: جارێ پێغەمبەر (ﷺ) پێی گوت، چ شتێ بۆ ژن چاکە ؟ گوتی: باوکە ژن پیاو نەبینێ و پیاویش ژن نەبینێ. پێغەمبەر (ﷺ) لە باوەشی گرت و گوتی: قسەکەت تەواوە.
- 489- **پێغەمبەر و (ﷺ) هێزی پیاوەتی:** دەگێڕنەوە: پێغەمبەر (ﷺ) لەو کاتەی نۆ ژنی هەبووە، چووەتە لای هەر نۆیان لە جارێکدا. (ب).
- 490- **شێوەی دروست بون:** دەگێڕنەوە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: نەکەن وەك ئاژەڵ یەکسەر بچنە لای ژنەکانتان. با پەیام نێری لە نێوانتادا هەبێ. گوتیان پەیام نێر چیە؟ فەرمووی: گەمەو ماچ کردن لەگەڵی، ئینجا دروست بوون.
- 491- **پەلە کردن لەژن هێنان:** دەگێڕنەوە: پێشەوا عەلی هەفتەیەك لەپاش مەرگی فاتیمەی خێزانی، کە کچی پێغەمبەر (ﷺ) بوو ژنی هێنا.
- 492- **گەورێتی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر ئادەم:** دەگێڕنەوە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: من بەدوو شت لە ئادەم پێغەمبەر گەورە ترم. یەکەم ژنەکەی ئەو یارمەتی دا لەسەر خراپە. ژنەکانی من یارمەتیم دەدەن

Scanned with CamScanner

لەسەر خودا پەرستی. دووهەم ئەو لە شەیتانی خۆی ئاسایش نەبوو. من لێی ئاسایشم. (م).

- 493- **سێ شتی چاك: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: من لە جیهاندا سێ شتم خۆش دەوێت بۆنی خۆش. ژن . نوێژ گلێنەی چاومە (ان حاكم جيد قال العقيلي ضعيف)
- 494- **منداڵ و خێزان لەدوا ڕۆژدا: دەگێڕنەوە** لە ڕۆژی دوایی منداڵ و خێزان لەلای خودا ڕادەوەستن دەڵێن: خودایە ئێمە بەخێوکەرمان (باوانمان، مێردمان– خواردنی نارەوای بۆ ئێمە کۆ دەکردەوە، تۆڵەمان وەربگرەوە!.
- 495- **تەلەکە بازی لەکاتی داخوازی: دەگێڕنەوە** ك لەسەردەمی عومەر پیاوێ چووە داخوازی ژنەك. ئەوانیش لێیان مارە کرد، لەپاش ماوەیەك دەرکەوت کابرا سەرو ریشی سپی بوو. تومەز دەرمانی لێدا بوو. پێشەوا عومەر لێی دا.
- 496-**دانیشتنی ژن و مێردی نامەحرەم: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر فەرمووی لەلای ژنێ دامەنیشن مێردەکەی لەوێ نەبێ، چونکە شەیتان لەنێو شتان وەك خوێن هات.و چۆ دەکات . گوتیان تۆش گوتی: بەڵێ! بەڵام خودا یارمەتی داوم لەسەر شەیاتەنەکەم. خودا ئاسایشی کردوومە.(ت. م).
- 497- **دەست پەڕ: دەگێڕنەوە:** جارێ کۆڕی عەبدوڵڵای عەباس ئاوەدان بوو. کاتێ خەڵکەکە ڕۆیشتن، عەبدوڵڵا بە گەنجێکی گوت: تۆ چ کارێکت هەیە؟ گوتی: لەبەر ئەو کۆڕە شەرمم کرد. ئێستا شەرم

Scanned with CamScanner

لەتۆ دەکەم، عەبدوڵڵا گوتی: شەرم مەکە مامۆستا وەك باوکە. گوتی من هەژارم دەستپەڕ لێدەدەم دروستە ؟ عەبدوڵڵا گوتی: کەنیزەیەك بگۆزیەوە چاکترە. واتا هەر چەند منداڵت دەبێتە بەندە.بەڵام لەو تاوانە ڕزگار دەبی.

- 498- **ئامۆژگاری بۆ بێ ژنان: دەگێڕنەوە** لە عەبدوڵڵای مەسعود: گوتی: ئەگەر تەمەنم دە ڕۆژ مابێ، پێم خۆشە ژن بهێنم.
- 499- **پێشەوا عومەر و ژن هێنان: دەگێڕنەوە:** دەیگوت پێم خۆشە، زۆر ژن بهێنم تاکو منداڵم زۆر بێ.
- 500- **یارمەتی پیاو بۆ ژن هێنەران: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر بە پیاوێکی گوت: بۆ ژن ناهێنی ؟ کابرا گوتی: هەژارم . دووبارە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ژن ناهێنی؟ گوتی: هەژارم پارەم نییە. کابرا لە خەیاڵی خۆی گوتی: ئەگەر ئەمجارە پێغەمبەر بڵێ ژن ناهێنی دەڵێم تۆ بۆم بهێنە. لەجاری سێهەم پێغەمبەر (ﷺ) گوتی: ژن ناهێنی ؟ کابرا گوتی: تۆ بۆم بهێنە. پێغەمبەر فەرمووی . بڕۆ داخوازی فلان کچ بکە، چوو پێیان نەدا. پێغەمبەر (ﷺ) بە یارانی گوت: زێڕ خڕکەنەوە . بە ئەندازەی دەنکە قەسپێ زێڕیان خڕ کردەوە، ئینجا فەرمووی پارەی مەڕێکیشی بۆ خڕ بکەنەوە بۆ داوەتی بووك گواستنەوە .
- 501- **ژن هێنان سونەتێکی کۆنە: دەگێڕنەوە** پیاوێکی زۆر چاك هەبوو. خودا بە پێغەمبەری ئەو کاتی گوت: فیسار زۆر چاکە بەڵام ژنی نییە. پێغەمبەرەکە بە کابراکەی گوت. ئەویش گوتی.هەژارم بۆیە ژنم

Scanned with CamScanner

نییە. پێغەمبەرەکە کچی خۆی لێ مارەکرد.

- 502-**ئامۆژگاری حەسەنی بەصری دەگێڕنەوە:** گوتی:ئەگەر خوداکەسێك بەختەوەر بکات،خەریکی ناکات بە منداڵ و خێزان.
- 503- **قازانجی منداڵ مردن: دەگێڕنەوە** پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: لەڕۆژی دوایی خودا بە منداڵەکان دەڵێ بڕۆنە بەهەشت . دەڵێن ناچین تا باوانمان لەگەڵ نەیەت. خودا پێیان دەڵێت خۆتان و باوانتان بڕۆنە بەهەشت. (ن . اسنادە جید)
- 504- **دیتنی ژنی بێگانە : دەگێڕنەوە** لەجابر جارێ ژنێ هاتە لای زینب بۆ کارێ لە پاشاندا ڕۆیشت، پێغەمبەر(ص) فەرمووی: ژن دێتە پێش چاوی پیاو لەسەر شێوەی شەیتان کاتێ یەکێك لە ئێوە ژنێکی دیت با بچێتە لای خێزانەکەی خۆی . چونکە ئەوەی بەژنەکەوەیە بە ژنەکەی ئەویش وەیە. (م.ت، صحیح).
- 505- **نوێژی پێشەوا عەلی: دەگێڕنەوە:** کاتێ کاتی نوێژدەهات، ڕەنگی دەگۆڕا، پرسیاریان لێ کرد بۆچی ئاوات بەسەر دێت فەرمووی: کاتی دانەوەی سپاردەیەکە کە بە هەفت ئاسمان و زەمین و کێوەکان وەرنەگیرا. ئاراستەی مرۆڤ کرا. جا چۆن ڕەنگم نەگۆڕێ.
- 506- **نوێژی حاتەمی اصم: دەگێڕنەوە** دەیگوت: کاتێ کاتی نوێژ هات دەست نوێژ دەشۆم و نیەتی نوێژەکەم دەهێنم و کەعبە دەخەمە نێوان برۆیەکانم و پردی سیرات دەخەمە بن پێیەکانم و بەهەشت لەڕاستم و دۆزەخ لە چەپەم و عزرائیل لەدوام، وا دادەنێم کە دوا

Scanned with CamScanner

نوێژمه، ئینجا فاتحه و چەمینەوه و سوژدەکان بەجوانی ئەنجام دەدەم.

- 507- **وازهێنان لەخودا پەرستی: دەگێڕنەوه:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: کەسێك خودا پەرستیەك بکات، لە پاشاندا تەرخی بکات، خودا سزای دەدات.

- 508- **چرا پێکردن لە مزگەوتدا: دەگێڕنەوه** لە ئەنەس گوتی: کەسێك چرایەك لە مزگەوتدا دابگیرسێنێ، فریشتەکانی خودا داوای لێ خۆشبوونی لەخۆدا بۆ دەکەن. تا ئەو چرایە بمێنێ.

- 509- **گەورێتی جێی نوێژ: دەگێڕنەوه:** لە پێشەوا عەلی فەرمووی: کاتێ بەندەیەکی نوێژ کەر دەمرێت جێی نوێژەکەی لە زەویدا بۆی دەگرێ، و جێی پاداشتەکەی لە ئاسماندا بۆی دەگرێ، عەبدوڵلا عەباس گوتی: چل ڕۆژ بۆی دەگرێ. ئەو ئایاتەیان کردە بەڵگە . (فما بکت علیکم السماء والارض وما کانوا منظرین).

- 510- **پیاوێکی لەخودا ترس: دەگێڕنەوه:** پیاوێك هەبوو بە ناوی (ڕەبیعی خەیسەم) ئەو پیاوە هەرگیز چاوی بلند نەکرد. نزیکەی 20 ساڵ هاتوچۆی عەبدوڵلای مەسعودی کرد. جارێ لە دەرگەی دا کەنیزەکەی عەبدوڵلای مەسعود گوتی: پیاوە کوێرەکە هات، عەبدوڵلا بە گرژیەوە گوتی: ئەوە کوێر نییە. بەڵام نەزەر ناکات. چوونە ناو ئاسنگەران ڕەبیع کە ئاگر و ئاسنی دیت لەخۆ چوو لەترسی دۆزەخ. ئەورۆژە تا بەیانی بەخۆی نەهاتەوە!.

- 511- **دوا نوێژی پێغەمبەر** : دەگێڕنەوه: دوا نوێژی پێغەمبەر

Scanned with CamScanner

(ﷺ)نوێژی مەغریب بوو کە سورەتی (المرسلات) ی تیادا خوێند.

- 512- **هەنگاو ڕۆیشتن بەسەر شان و باڵی خەڵك**: دەگێڕنەوە: جارێ پێغەمبەر (ﷺ) وتاری دەخوێندەوە، پیاوێ بەسەر شان و باڵی خەڵك هەنگاوی هاوێشت . تاچووە پێش پێغەمبەر (ﷺ) دانیشت کە وتارەکە و نوێژەکە تەواو بوو. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بۆچی لەگەڵ ئێمە نەهاتیە، هەینی ؟ کابرا گوتی: هاتم، پێغەمبەر (ﷺ) مەبەستی ئەوە بوو، کە هەنگاو هاوێشتنەکە کارێکی خراپ بوو.
- 513- **قسەکردن لەکاتی وتار خوێندنەوە**: دەگێڕنەوە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: کەسێك لەکاتی وتار خوێندنەوە بە کەسێك بڵێ: وس بە. ئەوە پاداشتی وتاری هەینی لە دەست دەڕوات.
- 514- **سودی نوێژی کۆمەڵ**: دەگێڕنەوە: لە پێشەوا عومەر گوتی: ئەگەر دۆستێکتان لە نوێژی کۆمەڵ نەدیت بڕۆن دیدەنی بکەن، ئەگەر نەخۆش بوو، ئەوە هەقی خۆیەتی، ئەگەر ساغ بوو ڕیسوای بکەن بڵێن بۆ نەهاتی!
- 515- **نوێژی چەشتەنگا**: دەگێڕنەوە: لە (ام هانی) خوشکی پێشەوا عەلی: پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی چەشتەنگانی دەکرد هەشت ڕکاتی درێژ و بە جوانی.
- 516- **ڕیزدارەکان**: دەگێڕنەوە: لە کەعب گوتی: لەشاران مکە ریزدارە. لە مانگان رەمەزان. لە رۆژان هەینی. لەشەوان شەوی قەدر.
- 517- **نەچوون بۆ نوێژی هەینی**: دەگێڕنەوە: پیاوێ هاتە لای عەبدوڵڵای عەباس گوتی: پیاوێ مردووە نوێژی هەینی و نوێژی کۆمەڵی نەدەکرد. عەبدوڵڵا گوتی: لە دۆزەخە، تا مانگێ ئەو پرسیارەیان لێ کرد، هەر دەیگوت لە دۆزەخە.

Scanned with CamScanner

• 518- **گرنگی خۆشۆردنی هەینی: دەگێڕنەوە:** لە هەندێ هاوەڵان کوڕێك لە ڕۆژی هەینی خۆی شۆرد، باوکەکە گوتی: لەبەر هەینی خۆت شۆرد کوڕەکە گوتی نەءلەشم پیس بوو. باوکەکە گوتی:دووبارە خۆت بشۆ بەناوی هەینی.

• 519- **هەینی لە سەدەی یەکەم: دەگێڕنەوە:** خەڵك لە سەدەی یەکەم سەر لە بەیانی بۆ نوێژی هەینی دەچوون. بگرە لەبەر تاریکی هەموو چرایان لە دەست دابوو. بەڵام خەڵك سست بوون، وەك ئێستا، کە هەندێ کەس لەگەڵ بانگ دەچێت، هەندێ لەنێو وتار . هەندێ ناچێت.

• 520- **میز کردن بە ڕاوەستان: دەگێڕنەوە:** لە عائشە گوتی: هەر کەسێك بڵێ پێغەمبەر میزی بە ڕاوەستان کردووە باوەڕی پێ مەکەن، پێشەوا عومەر گوتی: جارێ من میزم بەڕاوەستان دەکرد. پێغەمبەر (ﷺ) منی دیت و بانگی کردم و گوتی: میز بەڕاوەستان مەکە، لە ئەو ڕۆژە بەدوا، میزم بە ڕاوەستان نەکردووە.

• 521- **پێش نوێژی کردن بەبێ پرسی خەڵك: دەگێڕنەوە:** لە النفعی گوتی: کەسێك بەبێ پرسی کۆمەڵێك، پێش نوێژییان بۆ بکات، وەك پیاوێکە ئاوی دەریا بکێشی، کە نازانێ چەندی کێشاوە و چەندی ماوە!.

• 522- **نەچوون بۆ نوێژی کۆمەڵ: دەگێڕنەوە:** لەئەبوهورەیرە گوتی: کەسێك گوێی لەبانگ بێ و نەچێ بۆ نوێژی کۆمەڵ، زۆر چاکتر بوو

Scanned with CamScanner

بۆی گوێی پر لەمس بوایە.

- 523- **سەعیدی موسەیب و نوێژی کۆمەڵ: دەگێڕنەوە:** گوتی: ماوەی 20 ساڵە هەر بانگدەرێ بانگی دابێ، من بە نوێژی کۆمەڵ گەیشتوم.
- 524- **خۆ بەکەم زانین لەکاتی بەر نوێژی: دەگێڕنەوە:** لە(ئەبو عبیدە جراح) گوتی: جارێ پێش نوێژیم کرد. لەنێو نوێژەکە شەیتان وای لێ کردم، کەوا من لە هەموویان گەورەترم، بۆیە لە ئەو ڕۆژ بەدوا پێش نوێژیم نەکرد.
- 525- **زۆر کرنۆش بردن:** دەگێڕنەوە: لە (عەلی عەبدوڵلای عەباس) ڕۆژێ هەزار جار سوژدەی بۆ خودا دەبرد. بۆیە نازناوی سوژدەبەر بوو.
- 526- **خۆ خوران لە نوێژدا: دەگێڕنەوە:** جارێ (سەعیدی مسیب) پیاوێکی دیت لەناو نوێژەکەیدا ڕیشی دەخوراند. سەعید گوتی: ئەگەر ئەو پیاوە لەخودا بترسابوایە، جەستەشی دەترسا.
- 527- **نوێژ کردن بە ئەدەبەوە: دەگێڕنەوە:** بە خەلەفی ایوبیان گوت: لەنێو نوێژ چۆن ئەوەندەی مێشولە دێتە سەر دەم و چاوت دەری ناکەیت ؟ گوتی: پیاوێکی خراپ لە بەندیخانە نهێنی خۆی ئاشکرا ناکات، ئەوەندەی ئازاری دەدەن. جا من چۆن لەبەر مێشولەیەك ئارامیم نەبێ!.
- 528-**نوێژکەری چاك: دەگێڕنەوە:**لە (مسلمی یسار) ئەوەندەی منداڵەکانی لەکاتی نوێژ قسەیان دەکرد، ئەو هیچ گوێی لێ نەدەبوو.

Scanned with CamScanner

هەتا جارێ لە مزگەوت ... لایەکی دیوارەکە کەوتە خوار ئەو لەنێو نوێژ بوو هەستی پێ نەکرد، دەیگوت قسە لەگەڵ خودا دەکەم!.

- 529- **مرۆڤ بە ئەندازەی ئەقڵی پلەی بەرز دەبێ: دەگێڕنەوە:** کۆمەڵە کەسێك لەلای پێغەمبەر (ﷺ)باسی خودا پەرستی و چاکی پیاوێکیان دەکرد. پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی: هۆشی چۆنە ؟ گوتیان ئێمە دەڵێین ئەوەندە و ئەوەندە خودا پەرست تۆ دەڵێی هۆشی چۆنە ؟ پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی: بەڕاستی پیاوی ئەحمەق پتر تووشی نەفامی دەبێ لە پیاوی فاجر، بەندەکان بەیانی لەلای خودا بە ئەندازەی هۆشیان پلەیان بەرز دەبێ. (ابن المجیر).
- 530- **گەورێتی ئەقڵ: دەگێڕنەوە:** لە پێشەوا عومەر لە پێغەمبەر (ﷺ)هیچ شتێ بۆ پیاو وەك ئەقل چاك نییە کە خاوەنەکەی بۆ ڕی نومایی دەبا و لە گومڕایی دەگێڕێتەوە باوەڕی بەندە تەواو نەبووە و ئایینەکەی ڕانەوەستاوە تاکو هۆشی تەواو نەبێ؟ (ابن المجیر و الحارث بن ابی اسامه).
- 531- **ڕوخۆشی لە هۆشەوەیە : دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر ر فەرمووی: پیاو بەهۆی ڕووخۆشی پاداشتی ڕۆژوگرو شەو نوێژەکەی دەست دەکەوێت. ڕووخۆشی پیاویش تەواو نابێ تا هۆشی تەواو دەبێ. کە هۆشی تەواو بوو باوەڕی تەواو دەبێ بە گوێی خودا دەکا و بەگوێی شەیتانی دوژمنی ناکات. (ابن المجیر. ت . عائشة صحیح).
- 532- **گەورێتی ژانا: دەگێڕنەوە** پرسیاریان لە (ئیبن المبارك) کرد.

Scanned with CamScanner

خەڵکان کێنە ؟ گوتی: زانا . پادشایان کێنە؟ گوتی: زاهید . بێ نرخەکان کێنە ؟ گوتی: ئەوانەی بەهۆی ئایین جیهانیان دەست دەکەوێت.

- 533- **مرۆڤ بەبێ زانست دڵی دەمرێ:** دەگێڕنەوە: لە (فتح الموصلی) گوتی: ئایا ئەگەر نەخۆش خواردن و دەرمانی لێ قەدەغە بکرێت نامرێت؟ گوتیان: بەڵێ، گوتی: کەواتە کەسێك لە ماوەی سێ ڕۆژ گوێی لە ئامۆژگاری ئایینی نەبێ دەمرێت.
- 534- **دەورکردنەوەی زانست: دەگێڕنەوە:** لە عەبدوڵلای عەباس و ئەبو هورەیرە و ئەحمەدی حەنبەل و شافیعی دەوری کردنەوەی کەمێك زانست لە شەودا، چاکترە لەشەو نوێژ.
- 535- **زانست پلەت بەرز دەکا . دەگێڕنەوە:** لە (سالمی ابی جعد). گوتی: من بەندە بووم گەورەکەم منی بەسێ سەد درهەم کڕی. لە پاشاندا ئازادی کردم. گوتم باشە چ کارێك بکەم؟ هەڵسام سالێك خەریکی خوێندن بووم. دواتر گەورەی مەدینە هاتە مالم بۆ سەردان ڕێم پێ نەدا.
- 536-**نێوانی زانا و پێغەمبەران: دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: کەسێك خەریکی خوێندنی ئایەتێ بێ و فریشتە گیانی بکێشێ، ئەوە لە بەهەشت لەگەڵ پێغەمبەران یەك پلەیان لەنێواندایە.
- 537- **زانست خواز: دەگێڕنەوە:** لە(ئەبو الدرداء) گوتی: ببە زانا یا ببە

Scanned with CamScanner

فەقێ. یا گوێ ڕابگرە. مەبە چوارەم لەناو دەچیت.

- 538- **پرسیار کردن لە زانایان: دەگێڕنەوە:** لە (عەتاء) گوتی: جارێ چوومە لای (سەعیدی مسیب) دەگریا: منیش گوتم ئەوە بۆ ؟ گوتی: ماوەی سێ ڕۆژە کەسێك پرسیارێکی ئایینی لێ نەکردومە، حەسەنی بەصری فەرموویەتی: ئەگەر لەبەر زانایان نەبوایە، خەڵکان وەك گیانلەبەر دەبوون.
- 539- **زانا لە باوك و دایك چاکترە: دەگێڕنەوە** لە (یەحیای معاذ) گوتی: زانا لە دایك و باوك چاکترە! گوتیان: چۆن ؟ گوتی: دایك و باوك منداڵی لە ئاگر ڕزگار دەکات، بەڵام زانا لە ئاگری دۆزەخیان ڕزگار دەکات.
- 540- **زانستی پیاو چاکان: دەگێڕنەوە:** پێشەوا شافیعی لەبەر دەستی ناو (شەیبانی) دا دادەنیشت و دەیگوت فیسار پرسیار و فیسکە پرسیار ئەنجامی چی یە ؟ خەڵکان دەیانگوت باشە چۆن شافیعی پرسیار لەئەو شەیبانە دەکات ؟ دەیگوت: من دەزانم ئەو کابرایە زانستی ناوەوەی هەیە. (علم الباطن)
- 541- **زانستی بێ سوود و نەزانی بێ زیان: دەگێڕنەوە** جارێ کۆمەڵێ هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) دەورەیان لە پیاوێك دابوو؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەو پیاوە چی یە ؟ گوتیان زۆر زانایە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: لەچی ؟ گوتیان هۆنراوە زانە و ڕەچەلەك زانە . فەرمووی زانای بێ سوود و نەزانێکی بێ زیان.

Scanned with CamScanner

• 542- **زانـای ژیـر: دەگێڕنـەوە:** پیـاوێ ژنەکـەی بـردە لای پزیـشك گوتی: منداڵی نابێ ؟ پزیـشك سـەیری دەمـاری کـرد و گـوتی: ئـەوە لەپاش چل ڕۆژی تر دەمرێت. ژنە لە ترسـان نـانی پـێ نـەدەخورا زۆر لاواز بوو. کاتێ چل ڕۆژ تێپـەڕی نـەمرد. پیاوەکـەی بـە پزیـشکەکەی گوت: ئەی بۆ تۆ گوتت شرەو دەمرێت گوتی: ئـەو ژنـە قەڵـەو بـوو. دەمی ڕەحمی هەمووی چەوری بوو. بۆیە ترساندم تاکو لاواز بێ. ئینجـا ان شاء الله منداڵی دەبێ.

• 543- **شێوازی زانـست بلاوکردنـەوە:** دەگێڕنـەوە: لـە عیـسا پێغەمبـەر گوتی: زانست لەلای کەسێك بلاومەکەنـەوە کـە بـە زایـەی بـدات و ستەمی لـێ بکەن. زانست لە کەسێکیش قەدەغە مەکەن کە پەرۆشـیەتی ستەمی لـێ بکەن، وەك پزیشك بن کە دەرمان لەجێی نەخۆش دادەنێ..

• 544- **لەسەرووی هـەموو زانایـەك زانایـەکی تـر هەیـە: دەگێڕنـەوە** پیاوێ پرسیاری لە پێشەوا عەلی کرد. پێشەوا عەلیش وەڵامـی دایـەوە کابرا گوتی: وەرامەکەت هەڵەیە من پێت بڵێم ئەوهایـە عـەلی گـوتی: راست دەکەی من هەڵەم. لەسەرووی هەموو زانایەك زانایەکی تر هەیە.

• 545- **زانـست بـە ژن و پیـاوەتی نییـە: دەگێڕنـەوە:** پێـشەوا عومـەر وتاری دەدا لە ڕۆژی هەینی، ژنێ لەنێو ئەو هەموو پیـاوە گـوتی: ئـەی عومەر ئەو ئامۆژگاریەت هەڵەیە، کاتێ ژنەکـە بـۆی ڕاسـت کـردەوە، پێشەوا عومەر گوتی ژنێ زانی. پیاوێ نەیزانی.

• 546- **زانا و نەتەوەی پێغەمبەر (ﷺ): دەگێڕنـەوە:** لە شعبی جارێ

Scanned with CamScanner

زیدی سابت نوێژی لەسەر تەرمێ کرد. عەبدوڵلای عەباس ولاخی سواری بۆ زەید هێنا، کە جەلەوەکەی لەدەست دابوو. زید گوتی لاچۆ ئەی کوڕە مامی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەو ئازارەت کێشا؟ عەبدوڵلا گوتی: فەرمانمان پێ کراوە بەم چەشنە ڕێزی زانایان بگرین. زەید دەستی ماچ کرد.

- 547- **زانای بەزمان: دەگێڕنەوە:** لە پێشەوا عومەر گوتی: بەڕاستی لەهەموو شتێ کە مەترسیم پتر لێی هەیە، زانای بەزمانی مونافیقە گوتیان: مونافیق چۆن زانا دەبێ؟ گوتی: بە زمان زانایە. بەدڵ نەفامە.
- 548- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری: دەگێڕنەوە:** گوتی: وەك ئەو کەسانە نەبن کە زانست و قسەی خۆش کۆدەکەنەوە. کەچی ڕەفتاریان ڕەفتاری گێلانە.
- 549- **پەشیمانترین کەس:** دەگێڕنەوە: لە ئیبراهیمی عیینە گوتی: لە جیهاندا پەشیمانترین کەس ئەو کەسەیە کە چاکە لەگەڵ یەکێك بکا و کابرای چاکە بۆ کراو بەهیچی دانەنێت. لەدوا ڕۆژیش زانایەکە کاری بە زانستەکەی نەکردبێ.
- 550- **ئامۆژگاری بۆ زانایان:** دەگێڕنەوە: لە سوفیانی ثوري گوتی: زانست بانگی زانا دەکا و دەڵێ کارم پێ بکە. ئەگەر کاری پێ نەکرد، دەڕوات ئیبن المبارك گوتی: مرۆڤ تا داوای زانست بکات زانایە. کە خۆی بەزانا زانی نەفامە.
- 551- **زانای خراپ: دەگێڕنەوە:** لە عیسا پێغەمبەر گوتی: چەشنی

Scanned with CamScanner

زانای خراپ وەك بەردێكە بكەوێتە نێو دەریا. ئەوبەردانە ئاو ناخواتـەوە و جێشی گرتوە.

- 552- **ئامۆژگاری سهل: دەگێڕنەوە**: دەیگوت خەڵکان هەموو مردونـە جگە لە زانایان، زانایان هەموو سەرخۆشن. جگە لە ئەوانـەی کـار بـە زانستەکەیان دەکەن. ئەوانەی کار بە زانـستەکەیان دەکـەن. مـەغرورن جگـە لـە دڵـسۆزان. دەترسـن لـەخۆیان تـا کـارتی سـەربەرزی وەردەگرنەوە.
- 553- **زانـای دواڕۆژ: دەگێڕنـەوە**: جـارێ پیـاوێکی خوراسـانی هاتـە کۆڕی حەسـەنی بەصـری کـە گـوێی لـە ئامۆژگاریـەکانی گـرت بـۆ خوراسان گەڕایەوە و پێنج هەزار دەرهەم و جلوبەرگی بەدیاری بۆ هێنا حەسەن گوتی: لەخۆت و منداڵتی خـەرج بکـە. ئـەوەی وەری بگـرێ لەدوا ڕۆژ بەشی نییە.
- 554- **زانایەك بووە بەراز: دەگێڕنـەوە**: لەسـەردەمی موسـا پێغەمبـەر پیاوێ زۆر لەلای موسا پێغەمبەر دادەنیشت زانـستێکی زۆر فێـر بـوو. خەڵك لەبەر زانستەکەی پارە و پولیان پێ دەدا. ماوەیەك ئەو پیاوە بزر بوو. ڕۆژێ کابرایەك هاتە لای موسا پێغەمبەر بـەرازێکی لـەدوو خـۆی ڕادەکێشا، گوریسێکی ڕەشـی لـە گـەردن بـوو. موسـا بـە پیاوەکـەی گوت: ئەرێ فیسار زانا ناناسی گوتی: ئەو خۆیەتی، بە زانستی جیهـانی دەست کەوتوە.
- 555- **زانایان بۆ چونەتە دۆزەخ: دەگێڕنەوە**: لەڕۆژی دوایی کۆمەڵە کەسێکی بەهەشتی بە کۆمەڵە کەسێکی دۆزەخ دەڵێن ئێوە بوونە هـۆی ئەوەی کە ئێمە هاتووینەتە بەهەشت. بۆچی خۆتان لە دۆزەخن؟ دەڵـێن

Scanned with CamScanner

ئێمە ئەوەی دەمان گوت، کارمان پێ نەدەکرد!.

- 556- **ئەوەی دەیزانی کاری پێ بکە. دەگێڕنەوە:** لەئیبراهیمی ئەدهەم دەڵێ: جارێ چوومە مەککە بەردێکم دیت لەسەری نوسرابوو: سەیری ژێرەوەم بکە: ئامۆژگاری وەردەگری. کە سەیرم کرد نوسراوە: تۆ ئەوەی دەیزانی کاری پێ ناکەی.جا چۆن داوای زانستێ دەکەی کە هێشتا نایزانی.
- 557- **ئامۆژگاری عیسا پێغەمبەر. دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەو زانایەی کار بە زانستەکەی ناکات، وەك ژنێکە زینا بە دزی بکات. دوایی لەپاش ماوەیەك بە هۆی سکەکەی لێی ئاشکرا دەبێ. زاناش ئەگەر کار بە زانستەکەی نەکات لەڕۆژی دوایی خودا وەك ژنەکە لەنێو خەڵك لێی ئاشکرا دەکات.
- 558- **پیاوێ وازی لەزانست هێنا. دەگێڕنەوە:** لەسری سەقەتی گوتی: پیاوێ دۆستم بوو وازی لەزانست هێنا، گوتم بۆ وازت هێنا؟ گوتی: لەخەودا دەنگێ هات گوتی: ئەو زانستە تا کەی بە فیڕۆ دەدەی خودا بە فیڕۆت بدات، واتا: هەر خۆت فێر دەکەیتو کاری پێ ناکەیت.
- 559- **زانست بۆکارە.** نەك هەر زار. دەگێڕنەوە: لەمکحول لەعەبدولڕەحمانی مغنم گوتی: گوێم لەدە هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بووە. جارێ هاوەڵان لەمزگەوتی قوباء قورئانیان دەخوێند. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوەی دەتانەوێ فێربن.فێربن بەڵام خودا پاداشتتان پێ نادات تا کاری پێ نەکەن.
- 560- **دەشتەکی نەخوێندەوار. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کەسێك بوە دەشتەکی چۆڵۆ بیابان، بە ڕاستی جەفادراوە. ئەگەر بووە

Scanned with CamScanner

ڕاوچی بێ ئاگایە. ئەگەر چووە دەرگەی پاشایان تووشی فرتێنەبووە.

- 561- **وەرام دانـــەوەی پرســـیار. دەگێڕنـــەوە:** کـــاتێ پرســـیاریان لەعەبدوڵڵای عومـەر دەکـرد دەیگـوت نـازانم، هـەتا جـارێ -10- پرسیاریان لێ کرد، یەك پرسـیاری وەڵام دایـەوە. دەیگـوت دەتانـەوێ بۆتان ببمە پردی دۆزەخ!
- 562- **پێشەوا عومەرو وەڵام دانـەوە. دەگێڕنـەوە:** لـە (ئـبن حـصین) دەیگوت ئەو پرسیارانەی ئاراستەی ئێوە دەکرێ. دەست بـە جـێ وەڵام دەدەنەوە؟ ئەگەر ئاراستەی پیشەوا عومـەر بکرابوایـە، هـەموو خـەڵکی بەدری کۆدەکردەوە بۆ وەڵام.
- 563- **نیـشانەی زانایـەتی. دەگێڕنـەوە:** پێغەمبـەر(ﷺ) فەرموویـەتی نیشانەی زانای شارەزا ئەوەیە وتاری کورتە. نوێژی درێژە. ئەبو سلێمان گوتوویەتی: ئەگەر زانست زۆر بـوو قـسە کـردن کـەم دەبـێ. ئەگـەر زانست کەم بوو قسە کردن زۆر دەبێ .
- 564- **زانستی پزیشکی. دەگێڕنـەوە:** پێغەمبـەر(ﷺ) سـەلمانو ئـەبو الدردائی کردە دۆست. جا ئەبو الدرداء خەریکی پزیشکی بوو. سەلمان نامەیەکی بۆ نووسی: برا ئەگەر لەپزیشکایەتی دەزانی ئەوە چاکە. ئەگینا بۆ خاتری خودا خۆت بە خەڵك فێر مەکـە، لـەپاش ئـەم نامەیـە، ئـەبو الدرداء زۆر قسەی لەبارەی دەرمان نەدەکرد.
- 565- **پەرتووکە ئایینیە یەکەمینەکان. دەگێڕنەوە:** یەکەم پـەرتوکی دانـدرا پـەرتوکی (الأثـار) بـوو لەنوسـینی ئـبن جـریج. هـەروەها

Scanned with CamScanner

پەرتوکی(حروف التفاسیر) لەنوسینی موجاهد عطاء عەبدوڵڵای عەباس، لەپاشان پەرتوکی معەمەر راشیدی صنعانی، ئینجا (الموطأ) پێشەوا مالك بوو.

- 566- **زمانت بگرە. دەگێڕنەوە: لەدانایان:** زمانت بگرە مەگەر لەکاتی قسەکردن لەهەقێ، یا لەناهەقێ، یا ئامۆژگاری، یا نازێکی خودا.
- 567- **قسەی خێر خێرە. دەگێڕنەوە:** بە ایاسی معاویەیان گوت: تۆ زۆر قسە دەکەی؟ گوتی: قسەکانم خێرە یا شەڕە. گوتیان: خێر. گوتی: کەواتە خێر هەرچەندە زۆر بێ کەمە.
- 568- **جۆرەکانی بەندە. دەگێڕنەوە:** لەزانایان سێ جۆر بەندە هەیە: بەندەی بەندە، بەندەی ئارەزوو، بەندەی تەماع.
- 569- **ئازادی. دەگێڕنەوە:** لەدانایان ئەگەر کەسێك پێی خۆشە بە ئازادی بژی، با چاوی لەسامانی خەڵك نەبێ.
- 570- **شێوازی پیاوی خراپ. دەگێڕنەوە:** لەپێشەوا عەلی گوتی: شێوازی پیاوی خراپ ئەوەیە پەیڕەوی خراپەکانت بکاتو پشتی لەچاکەکانت بکات وەك مێشوولە. کە حەزی لەجێی پیسە.
- 571- **ڕاستی ڕزگارییە. دەگێڕنەوە:** لەزانایان ڕاستی ڕزگارییە هەرچەندە لێی بترسی.درۆ لەنێوچوونە هەرچەندە لێی ئاسودەبی.
- 572- **ڕاستی جوانییە. دەگێڕنەوە:** لەزانایان کەسێك گفتوگۆیەکانی ڕاست بوو. ئەوە بە هۆی هەر ڕاستیەك روخساری جوانتر دەبێ.

Scanned with CamScanner

• 573- **شەرم کردن لەخۆ. دەگێڕنەوە:** لەدانایان: شەرم زیاتر لەخۆت بکە. ئینجا لەخەڵك. چونکە کەسێك کاری بە نهێنی بکاولەکاتی ئاشکرایی شەرمی بەخۆبێ.ئەوا ڕێزی خۆی لەلا نییە.

• 574- **هەژاری تازە دەوڵەمەند. دەگێڕنەوە:** لەدانایان ئەگەر یەکێك لەکاتی منداڵی هەژار بوو. لەپیری دەوڵەمەند بوو، ئەوە لووتی بەرز دەبێ.بەڵام ئەگەر لەکاتی منداڵی دەوڵەمەند بوو بە پێچەوانەیە.

• 575- **دەوری سامان. دەگێڕنەوە:** لەکاتی پیری بە ئەفلاتونیان گوت: تۆ بە ئەو پیرییە بۆچی سامان دادەکەی؟ گوتی: ئەگەر مردم بۆ دوژمنم بێ، پێم خۆشترە. لەئەوەی لەکاتی ژیان داوای شتێ لەبرادەرێك بکەم.

• 576- **ئیبن زیادو دراو. دەگێڕنەوە:** پێیان گوت: بۆچی ئەوەندە حەزت لەپارە داکردنە، کەچی لەجیهانت نزیك دەکاتەوە؟ گوتی: ڕاستە. بەڵام(بەهۆی پارە هەڵگرتن لەجیهانیش دەوڵەمەندەبم) واتا پێویستیم پێی نابێ.

• 577- **دەست بڵاوی. دەگێڕنەوە:** لەدانایان هەرکەسێك دەستی بڵاو بێ، ئەگەر سامانیشی زۆر بێ ئەوا سامانەکەی نامێنێ. بەڵام ئەگەر هەژار بێ دەستی بڵاو نەبێ ئەوە دەوڵەمەند دەبێ.

• 578- **شێوەی پارە خەرج کردن. دەگێڕنەوە:** لەئەبوبەکری صدیق گوتی: کەسێك لەشێوەی میانە پارە خەرج بکات هەژار نابێ. هەروەها گوتی: من زۆر ڕقم لەئەو کەسەیە، کە خواردنی چەند ڕۆژێ لەڕۆژێکدا بخوات.

Scanned with CamScanner

• 579- **نەرمو نیانی. دەگێڕنەوە:** جارێ پیاوێ جنێوی بە شعبی دا. ئەویش گوتی: ئەگەر وەك جنێوەکەی تۆمە خودا لێم خۆش بێ. ئەگینا لەتۆ خۆش بێ.

• 580- **وەڵام نەدانەوەی نەفام.** دەگێڕنەوە: لەدانایان ئەگەر وەڵامی پیاوی نەفامت نەدایەوە. بە راستی زۆرترین وەڵامت داوەتەوە. بگرە لێت داوە.

• 581- **سوودی ڕاست گۆیی. دەگێڕنەوە:** لەپێشەوا عەلی گوتی: ئەوەی ڕاستگۆبە دەستی دێنێ. درۆزنی فێڵ باز بە دەستی ناهێنێ.

• 582- **درۆزن دزە. دەگێڕنەوە:** لەدانایان گوتیان: درۆزن دزە لەبەرئەوەی دزیکەر سامان دەدزێ. بەڵام درۆزن هۆش دەدزێ.

• 583- **زیانەکانی درۆ. دەگێڕنەوە:** لەدانایان: درۆ کۆی خراپەیە. ئەنجامی دووڕوویە. ئەنجامی دووڕویی ڕق بونەوەیە. ئەنجامی رق بوونەوە جەنگە. جەنگ ئاسودەیی تیادا نییە.

• 584- **شوکری چاوو گوێ. دەگێڕنەوە:** جارێ پیاوێ بە ئەبو هارونی گوت: شوکری چاو ئەوەیە کە شتێکی چاکت دیت یادی بکەی. ئەگەر شتێکی خراپت دیت سەیری نەکەی. شوکری گوێچکەش ئەوەیە ئەگەر گوێت لەقسەیەکی چاك بوو گوێی لێ ڕابگری. ئەگەر خراپ بوو لەبیری خۆتی ببەی.

• 585- **سوودی دوژمن. دەگێڕنەوە:** لەزانایان، سوودی دوژمن ئەوەیە. وادەبێ کە کەمو کوڕیەکت هەبێ لێت ئاشکرا دەکات. بەڵام دۆست

Scanned with CamScanner

دڵی نایەت پێت بڵێ.

- 586- **دوو ڕوو. دەگێڕنەوە:** لەسەعیدی عدوە گوتی: ئەگەر نیو زمانو نیو رووم هەبێ چاکترە، نەك دووڕوو بم لەزمانو گوێ.
- 587- **خۆ سووك كردن. دەگێڕنەوە:** پیاوێ هاتە لای مەهدی گوتی: من بەندەی تۆم مەهدی گوتی: سەیرە یەكێك خۆی بكاتە بەندەی یەكێك، كە لەچەشنی خۆی بێ من ئەو كابرایە بە درۆزن دادەنێم، ئەوەی ئەو قسەیەش پەسەند بكات شێتە.
- 588- **ئامۆژگاری عەلی بن ئەبی تالب. دەگێڕنەوە:** پرسیاریان لێ كرد چۆن خودا لەهەموو خەڵكە زۆرو زەبەنە دەپرسێتەوە؟ گوتی: ئەی چۆن ڕۆزییان دەدات.
- 589- **ئامۆژگاری عەلی بن ئەبی تالب. دەگێڕنەوە:** گوتی: هیچ دەوڵەمەندیەك وەك هۆش نیە. هیچ هەژارییەك وەك نەفامی نییە. هیچ میراتێ وەك ئەدەب نییە. هیچ پشتگیرییەك وەك ڕاوێژ نییە.
- 590- **ئامۆژگاری عەلی بن ئەبی تالب. دەگێڕنەوە:** گوتیان ئەگەر پیاوێ لەژووری كراو دەرگەی لێ پێوەدرا لەكێ خودا ڕۆزی پێ دەدا؟ گوتی: لەئەو جێیەی كە مەرگی بە سەر دادێ.
- 591- **ئامۆژگاری عەلی بن ئەبی تالب. دەگێڕنەوە:** گوتی: ڕۆژی دادێ بەسەر ئیسلامەتی تەنها ناوی دەمینێ. قورئان تەنها شێوەی دەمینێ. مزگەوت لەیادی خودا چۆڵەو خراپترین خەڵكی ئەو كات زانایەكانن، فرتێنە بە هۆی ئەوانەوە دێتو لەئەوانەوە دەگەڕێتەوە.

Scanned with CamScanner

- 592- **ئامۆژگاری عەلی بن ئەبی تالب. دەگێڕنەوە:** پرسیاریان لێ کرد نزیکترین شت چی یە لە کوفر؟ گوتی: هەژاری بێ پشوو.
- 593-**ئامۆژگاری عەلی بن ئەبی تالب. دەگێڕنەوە:** گوتی من سێ شتم پێ خۆشە: لێدان بە شمشێر لەبێ باوەڕ ، خزمەتی میوان، ڕۆژوو لەهاویندا.
- 594- **ئامۆژگاری عەلی بن ئەبی تالب. دەگێڕنەوە:** گوتی: خودایە مرۆڤ بە (چاو، بەز) شتان دەبینێو بەگۆشت قسە دەکاتو بەئێسقان گوێی لێیە.
- 595- **ئامۆژگاری عەلی بن ئەبی تالب. دەگێڕنەوە:** گوتی: خودا پێنج شتی لەناو پێنج شت دانایە: گەورێتی لەخوداپەرستی یە، ڕیسوایی لە تاوان، زانایی لەبرسێتی یە، سام لەشەو نوێژە، دەولەمەندی لەقەناعەتە.
- 596- **ئامۆژگاری عەلی بن ئەبی تالب. دەگێڕنەوە:** گوتی: شەرمت بە خۆ نەبێ لەبەخشینی کەم، شەرمت بە خۆ بێ لەئەوە کە هەژار بە دەست بە تاڵی ڕەوان بکەیتەوە.
- 597- **ئامۆژگاری عەلی بن ئەبی تالب. دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر پێت خۆشە لەگەڵ خاوەن ڕێزان بانگ بکرێی، ئەوا خۆت لەنارەوا دووربکەوە.
- 598- **ئامۆژگاری عەلی بن ئەبی تالب. دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر هۆشی پیاو تەواو بوو، کەم قسە دەکات.

Scanned with CamScanner

• 599- **ئامۆژگاری عەلی بن ئەبی تالب. دەگێڕنەوە:** گوتی: گەورەترین تاوان لەلای خودا، زمانی درۆگۆیە.

• 600- **ئامۆژگاری عەلی بن ئەبی تالب. دەگێڕنەوە:** گوتی: دۆستی پیاو سێ کەسە: دۆستی خۆت. دۆستی دۆستت. دۆستی دوژمنت. دوژمنەکانیش سێ کەسە: دوژمنی خۆت. دوژمنی دۆستت. دوژمنی دۆستت.

• 601- **ئامۆژگاری عەلی بن ئەبی تالب. دەگێڕنەوە:** گوتی: گەورترین کار فەرمان بە چاکەو جلەو گیری لەخراپەو ڕق لێ بوونەوە لەپیاوی فاسقە.

• 602- **ئامۆژگاری عوسمانی عەفان: دەگێڕنەوە:** گوتی: چوار شت کە سەیری دەکەی خێرە، بەلام لەناوەڕۆکیدا فەرزە، قورئان خوێندن خێرە، کار پێ کردنی فەرزە، سەردانی گۆڕ خێرە خۆ بۆ ئامادەکردنی فەرزە، چوونە لای نەخۆش خێرە، وەسیەت پێ کردنی فەرزە، دۆستایەتی چاکان خێرە، ئیقتیدا پێ کردنیان فەرزە.

• 603- **ئامۆژگاری عوسمانی عەفان: دەگێڕنەوە:** گوتی: تامی باوەڕ لەچوار شتە: جێ بەجێ کردنی فەرزەکانو خۆپاراستن لەناڕەواکانو فەرمان بە چاکەو جلەو گێڕی لەخراپە.

• 604- **ئامۆژگاری عوسمانی عەفان: دەگێڕنەوە:** کەسێك جیهانی نەوێ، خودا خۆشی دەوێ، تاوانی نەوێ، فریشتە خۆشی دەوێ. تەماعی لەسامانی موسڵمانان نەبێ، ئەوان خۆشیان دەوێ.

Scanned with CamScanner

- 605- **ئامۆژگاری عوسمانی عەفان: دەگێڕنەوە:** گوتی: خەم لە جیهان تاریکیە بۆ دڵ، خەم لەدوارۆژ ڕوناکیە بۆ دڵ.
- 606- **ئامۆژگاری عوسمانی عەفان: دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر من لەنێوانی دۆزەخو بەهەشت دابم، نەزانم بۆ کامەیان دەچم، پێم خۆشە گڵ بوومایە.
- 607- **ئامۆژگاری عوسمانی عەفان: دەگێڕنەوە: گوتی:** ئەگەردڵ پاگژ بوایە، ئێمە لەقورئان تێر نەدەبووین.
- 608- **ئامۆژگاری ئەبوبەکر. دەگێڕنەوە:** گوتی: پێم خۆشە من موێك بوام لەجەستەی بەندەیەکی باوەڕدار.
- 609- **ئامۆژگاری ئەبوبەکر. دەگێڕنەوە:** گوتی: هیچ شتێ ناخۆشتر نییە. لەجیابونەوە لەدۆستان.
- 610- **ئامۆژگاری ئەبوبەکر. دەگێڕنەوە:** گوتی: هەموو دەرونێ حەزی هەیە، جا ئەگەر ڕێی بدەن ئەوە بەڕەڵلا دەبێ.
- 611- **ئامۆژگاری ئەبوبەکر. دەگێڕنەوە:** گوتی: جگە لەخودا ئومێدت بە کەس نەبێ. جگە لەتاوان ترست لەهیچ نەبێ.
- 612- **ئامۆژگاری ئەبوبەکر. دەگێڕنەوە:** گوتی: نەکەی بێز لەموسڵمانان بکەیتەوە: چونکە بچوکیش بێ لەلای خودا گەورەیە.
- 613- **ئامۆژگاری ئەبو الدرداو: دەگێڕنەوە:** گوتی: هەژاریم خۆش دەوێ لەبەر خودا، نەخۆشیم خۆش دەوێ لەبەر ڕەش بوونەوەی تاوان، مەرگم خۆش دەوێ، چونکە بە خودا دەگەم.

Scanned with CamScanner

• 614- **ئامۆژگاری ئەبوبەکر. دەگێڕنەوە:** گوتی: خودا هەروەك دەرەوەتی لێ دیارە، ناوەوەشتی لێ دیارە.

• 615- **ئامۆژگاری ئەبوبەکر. دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەی خەڵکینە: بڕۆن ئاگری دۆزەختان بە نوێژ بکوژێننەوە.

• 616- **ئامۆژگاری ئەبوبەکر. دەگێڕنەوە:** پیاوێ گوتی: من جنێوێکت پێ دەدەم لەگەڵت بێتە نێو گۆڕ. گوتی: لەگەڵ خۆت دێتە نێو گۆڕ!.

• 617- **ئامۆژگاری ئەبوبەکر. دەگێڕنەوە:** گوتی: کەسێك نهێنی یەکانی خۆی بشارێتەوە، چاکە لەنێو دەستیەتی.

• 618- **ئامۆژگاری ئەبوبەکر. دەگێڕنەوە:** گوتی: لوت بەرز مەبن، چونکە لەخۆڵ دروست کراون، دەگەڕێنەوە نێو خۆڵ.

• 619- **ئامۆژگاری ئەبوبەکر. دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر پێیەکم لەبەهەشت بێ، ئەوی تر لەدەرەوەی بەهەشت، هێشتا لەخۆم ئاسایش نابم کە خودا دەمباتە بەهەشت.

• 620- **ئامۆژگاری ئەبوبەکر. دەگێڕنەوە:** گوتی: لەسەر مەرگ ڕشت بە. خودا ژیانت پێ دەبەخشێ.

• 621- **ئامۆژگاری ئەبوبەکر. دەگێڕنەوە:** گوتی: کەسێك ئەم چوار ڕەوشتەی هەبێ، چاکترین بەندەی خودایە: بەتەوبە دڵشاد بێ. نزای لێ خۆشبون بۆ بەدکار بکات. بانگی هەڵاتوو بکات لەغەزا. یارمەتی چاکەکار بدات.

• 622- **ئامۆژگاری ئەبوبەکر. دەگێڕنەوە:** گوتی: چوار شت بە چوار

Scanned with CamScanner

شت تەواو دەبێ. نوێژ بە کڕنۆشی هەڵە (سجدة السهو)، ڕۆژو بە زەکاتو سەرفترە، حەج بە خوێن ڕشتن (قوربانی)، باوەڕ بە جیهاد.

- 623- **ئامۆژگاری ئەبوبەکر. دەگێڕنەوە:** گوتی: خۆت چاك بکە خەڵك بۆت چاك دەبن.
- 624- **ئامۆژگاری ئەبوبەکر. دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر چاکەیەکت لەدەست چوو فریای بکەوە، ئەگەر خراپەیەکت بۆ هات پێشی لێ بگرە.
- 625- **ئامۆژگاری ئیبراهیمی نخعی: دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر چویتە ماڵێ: خاوەن ماڵ ئاماژەی چ شوێنێکی بۆ کردی، لەوێ دابنیشە.
- 626- **ئامۆژگاری ئیبراهیمی نخعی: دەگێڕنەوە:** گوتی: پیاو هەیە قسەیەك دەکات، دانیشتوان بە قسەکەی پێ دەکەنن و قسەکەی ناشەرعیە، سزای خودا هەموویان دەگرێتەوە. پیاویش هەیە قسەیەك دەکات قسەکە شەرعیە، بەخشندەی خودا هەموویان دەگرێتەوە.
- 627- **ئامۆژگاری ئیبراهیمی نخعی:** دەگێڕنەوە: گوتی: خەڵکی لەپێش ئێوە بە سێ شت لەنێو چوون: زۆر گوتن، زۆر خواردن، زۆر نوستن.
- 628- **ئامۆژگاری ئیبراهیمی نخعی:** دەگێڕنەوە: گوتی: یەکێ لەنیشانەکانی نزیك بوونی جیهان وێران بوون، گوێڕایەڵی ژنانە.
- 629- **ئامۆژگاری ئیبراهیمی نخعی:** دەگێڕنەوە: گوتی: نەکەی یەکێك تاوانی کرد، پشتی لێ بکەی، چونکە بەڵکو لەپاش کەمێ بگەڕێتەوە.

Scanned with CamScanner

• 630- **ئامۆژگاری ئیبراهیمی نخعی:** دەگێڕنەوە: گوتی: خەڵك بە دووشت لەنێو چوون زۆر گوتنو سامانی زۆر.

• 631- **ئامۆژگاری ئیبراهیمی نخعی:** دەگێڕنەوە: گوتی: ئێوە کە پرسیاری گەمەی شەترەنجم لێ دەکەن. ئەو گەمەیە نەفرەت لێ کراوە.

• 632- **ئامۆژگاری ئیبراهیمی نخعی: دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر یەکێك لەئێوە نزای کرد. با لەسەرەتادا نزا بۆ خۆی بکات، چونکە نازانێ چ نزایەك گیرا دەبێ.

• 633- **ئامۆژگاری ئیبراهیمی نخعی: دەگێڕنەوە:** گوتی: یەکێك داوای زانستێ بکات لەبەر ڕەزامەندی خودا، ئەوە خودا شتێکی لەزانستەکە پێ دەدات کە بەسی بێ.

• 634- **ئامۆژگاری ئیبراهیمی نخعی: دەگێڕنەوە:** گوتی: لەپاش باوەڕ، هیچ شتێ وەك ئارامی لەسەر ئازار چاکتر نییە.

• 635- **ئامۆژگاری ئەبو الدردا : دەگێڕنەوە:** گوتی: لەهەموو شتێ پتر لێی بترسێم ئەوەیە، خودا بڵێ دەتزانی، چ کارێکت بە زانینەکەت کردووە؟.

• 636- **ئامۆژگاری ئەبو الدردا : دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر یادی مردنت کردەوە. خۆت بە مردوو دابنێ.

• 637- **ئامۆژگاری ئەبو الدردا : دەگێڕنەوە:** گوتی: بەڕاستی خەڵکان لەسەر چ باوەڕێ مرد بن لەسەر ئەو زیندوو دەبنەوە. زانا لەسەر زانایەکەی. نەزان لەسەر نەزانینەکەی.

Scanned with CamScanner

- 638- **ئامۆژگاری ئەبو الدردا : دەگێڕنەوە:** گوتی: بیر کردنەوەی کاتێ لەخودا چل شەو، لەخودا پەرستی چاکترە.
- 639- **ئامۆژگاری ئەبو الدردا : دەگێڕنەوە:** گوتی: نیشانەی نەفام سێ شتە: لووت بەرزی، زۆر گوتن، کارێ قەدەغە بکات، خۆیشی بیکات.
- 640- **ئامۆژگاری ئەبو الدردا : دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر باسێکی ئایین فێر ببم، پێم لەشەو نوێژێ چاکترە.
- 641- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری: دەگێڕنەوە:** گوتی: من هەفتا پیاوی چاکم دیوە، جگە لەجلی بەریان چیتریان نەبووە، کاتێ دادەنیشتن ڕایەخیان ڕانەدەخست.
- 642- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری: دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر خودا کەسێکی خۆش بوێت، خەریکی ناکات بە منداڵو سامان.
- 643- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری: دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر دەتەوێ باسی کەمو کوڕیەکی کەسێ بکەیت، لەسەرەتادا سەیری کەمو کوڕی خۆت بکە.
- 644- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری: دەگێڕنەوە:** گوتی: نیشانەی نا بەختیاری، منداڵی زۆر، کەم سامانی، هاوسێی خراپ، ژنی گزیکارە.
- 645- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری: دەگێڕنەوە:** گوتی: کەسێك دەروونی خۆی لەدەست دا بێ لەکاتی پێ خۆشبوونو، ئارەزوو، تورەیی خودا نایباتە دۆزەخ.
- 646- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری: دەگێڕنەوە:** گوتی: ئیسلام ئەوەیە

Scanned with CamScanner

دڵ بۆ خودا مل کەچ بێ، خەڵکان لێت ئاسایش بن.

- 647- **ئامۆژگاری ئەبو الدردا : دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر دەتانزانی لەپاش مەرگ چەندە ناخۆشی هەیە، خواردنو خواردنەوەتان نەدەخواردو خۆزگەتان بە درەخت دەبرد.
- 648- **ئامۆژگاری ئەبو الدردا : دەگێڕنەوە:** گوتی: هیچ پارچەیەك نییە لەجەستەی موسڵمان لەزمان خۆشەویسترێ لەلای خودا، هیچ پارچەیەکیش نییە لەجەستەی کافر لەزمان خراپتر بێ لەلای خودا.
- 649- **ئامۆژگاری ئەبو الدردا : دەگێڕنەوە:** گوتی: پیاو نابێتە زانا، تا هەمیشە بە دوای زانست نەگەڕێو کاریان پێ نەکات.
- 650- **ئامۆژگاری ئەبو الدرداء: دەگێڕنەوە:** گوتی: یەك جار قورەبەسەری ئەو کەسەی کە نازانێ، هەفت جار قوربەسەری کەسێك کە دەزانیو کاری پێ ناکات.
- 651- **ئامۆژگاری ئەبو الدرداء: دەگێڕنەوە:** پیاوێ هاتە لای گوتی: ئامۆژگاریم بکە؟ گوتی: لەکاتی خۆشی یادی خودا بکە، لەکاتی ناخۆشی بەهاناتەوە دێ.
- 652- **ئامۆژگاری ئەبو الدرداء: دەگێڕنەوە:** گوتی: دوو ڕەکات نوێژ بکە لەتاریکی شەو، بۆ تاریکی گۆڕ.
- 653- **ئامۆژگاری ئەبو الدردا : دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر کەسێ: لەکاتی چوونە سەرخەوگای نیازی شەو نوێژی هەبوو، بەڵام خەوی لێ کەوت، ئەوا خودا پاداشی شەو نوێژی بۆ دەنوسێ.

Scanned with CamScanner

- 654- **ئامۆژگاری ئەبو الدرداء: دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر (100) جار بڵێم الله اکبر پێم چاکترە لەکردنە خێری 100 مسقاڵ زێڕ.
- 655- **ئامۆژگاری ئەبو الدرداء : دەگێڕنەوە:** گوتی: کەسێك یادی مەرگ بکات دلشادی کەم دەبێو لەچەری نابێ.
- 656- **ئامۆژگاری ئەبو الدرداء: دەگێڕنەوە:** گوتی: سکاڵای گرفتی مەکەو باسی ئازارت مەکەو بە خۆت خۆت هەڵ مەکێشە.
- 657- **ئامۆژگاری ئەبو الدرداء: دەگێڕنەوە:** گوتی: خۆتان لەنزای ستەم لێ کراوو هەتیو بپارێزن. چونکە خەڵك لەخەو دانە، نزای ئەوان دەچێتە بارەگای خودا.
- 658- **ئامۆژگاری ئەبو الدرداء: دەگێڕنەوە:** گوتی: نیشانەی زانایی پیاو ئەوەیە: چوونو هاتنو ڕۆیشتنی لەگەڵ زانایان بێ.
- 659- **ئامۆژگاری ئەبو ذر، دەگێڕنەوە:** گوتی: ئایا پێتان نەڵێم لە چ ڕۆژێ من هەژارم، لەو ڕۆژەی کە دەم خەنە نێو گۆڕ.
- 660- **ئامۆژگاری ئەبو ذر، دەگێڕنەوە:** گوتی: نوێژ کۆڵەگەی ئایینەو جیهاد پۆپەی کاری چاکەو خێر گرنگە. خێر گرنگە. خێر گرنگە.
- 661- **ئامۆژگاری ئەبو ذر، دەگێڕنەوە:** پیاوێ هاتە لایو گوتی: کێ لەخۆشیدایە؟ گوتی: پیاوێ لەنێو گۆڕ ئازار نەدرێ، چاوەڕی ی بەهەشت بێ.
- 662- **ئامۆژگاری ئەبو ذر دەگێڕنەوە:** گوتی: سپاردە بدەنەوە، گوتیان سپاردە چی یە؟ گوتی: خۆ شۆردن لەلەش پیسی.

Scanned with CamScanner

- 663- **ئامۆژگاری ئەبو ذر دەگێڕنەوە: گوتی:** سامانەکەت بکە دوو بەش: بەشێك بۆ خاوو خێزانت، بەشێ: بۆ خێر، بەشی سێهەم زیانی بۆت هەیە، نەك قازانج.
- 664- **ئامۆژگاری ئەبو ذر دەگێڕنەوە:** پیاوێ هاتە لای و گوتی: ئەوە بۆ دەچیە هەر کۆرێ خەڵك دەڕوات؟ گوتی: چونکە دەڵێم پارە هەڵ مەگرن.
- 665- **ئامۆژگاری ئەبو هریرە دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر گوێچکەتان پڕ بێ لەمسی تواوە، چاکترە، نەك گوێتان لەبانگی نوێژ بێو نەچنە نوێژەکە
- 666- **ئامۆژگاری ئەبو هریرە دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەم سێ شتە خراپە: چوونە لای پادشا، کۆکردنەوەی سامان، خۆشەویستی پلەو پایە.
- 667- **ئامۆژگاری ئەبو هریرە دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر خۆڵ بخۆن چاکترە، نەك سامانی نارەوا بخۆن.
- 668- **ئامۆژگاری پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ئەبو هریرە دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) گوتی: لەپێش ئەوەی دەخەوی نوێژی تاك (وتر) بکە، لەڕۆژی هەینی خۆت بشۆو، لەهەموو مانگێ سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بە.
- 669- **ئامۆژگاری ئەبو هریرە دەگێڕنەوە:** گوتی: نەخۆشی تێکەڵ بە ناوو شورەتو ڕیایی نابێت.
- 670- **ئامۆژگاری ئەحنەف دەگێڕنەوە:** گوتی ئەگەر شەڕو خراپەت دیت پشتیان تێ بکە، وازت لێ دەهێنن. تۆش وازیان لێ بهێنە.

Scanned with CamScanner

- 671- **ئامۆژگاری ئەحنەف دەگێڕنەوە:** گوتی سەرم سوڕماوە لەئەو کەسەی کە لووتی بەرزە، کەچی دووجار بە کونی میزدا هاتۆتە دەر!
- 672- **ئامۆژگاری ئەحنەف دەگێڕنەوە:** من دوو ڕەوشتم هەیە ناوی کەسێك ناهێنم کە لەکۆڕی من دابنیشێ، چ کارم بە کارێ هەیە کە پرسم پێ نەکەن.
- 673- **ئامۆژگاری ئەحنەف دەگێڕنەوە:** پیاوێ هاتە لای گوتی: فێرە نەرمو نیانیم بکە؟ گوتی: ئارام دەبی ئەگەر ڕیسوا بی.
- 674- **ئامۆژگاری ئەحنەف دەگێڕنەوە:** گوتیان پیاوەتی چی یە؟ گوتی: ئەوەیە کە هەر کارێ بکەی بە پەنهانی، شەرمت پێی نەبێ لەکاتی ئاشکرایی.
- 675- **ئامۆژگاری ئەحنەف دەگێڕنەوە:** گوتی: پیاوەتی لەلای درۆزن نییەو، گەورێتی لەلای ڕژد نیە، وەرع لەلای ڕووگرژ نییە.
- 676- **ئامۆژگاری ئەنەسی مالیك. دەگێڕنەوە:** گوتی: نیشانەی گیرابوونی کاری چاك ئەوەیە: ئەدەبت هەبێ.
- 677- **ئامۆژگاری ئەنەسی مالیك. دەگێڕنەوە:** گوتی: زۆر قورئان خوێن هەیە، قورئانەکە نەفرەتی لێ دەکا. ئامۆژگاری ئەنەسی مالیك. دەگێڕنەوە: گوتی: هەر ماڵێ میوانی نەبێ، فریشتەش ناچێتە ئەو ماڵە.
- 678- **ئامۆژگاری ئەنەسی مالیك. دەگێڕنەوە:** گوتی: هیچ شتێ لەلای خودا خۆشەویست نییە وەك گەنجی تەوبەکار.
- 679- **ئامۆژگاری ئەنەسی مالیك. دەگێڕنەوە:** گوتی: کەسێك

Scanned with CamScanner

لەڕاهی خودا بانگ بداو، لەڕۆژی دوایی کە دەچێتە بەهەشت پێی دەڵێن: تکا بۆ کێ دەکەی بیکە.

- 680- **ئامۆژگاری ئەنەسی مالیك. دەگێڕنەوە:** گوتی: کەسێك مەسرەتی لەنێوان دوو کەس بکات، چەند وشەی لەزار دەربچێ، هەر وشەیەك بە ئەندازەی بەندەیەك ئازاد بکەی پاداشتی هەیە.
- 681- **ئامۆژگاری وەیسی قەرەنی. دەگێڕنەوە:** گوتی: نزا بۆ یەکێك بکەی بە نهێنی، چاکترە لەئەوەی کە بچیتە سەر دانی، چونکە وا دەبێ سەردان ریایی بکەوێتە ناو.
- 682- **ئامۆژگاری وەیسی قەرەنی. دەگێڕنەوە:** پیاوێ هاتە لای و گوتی: ئامۆژگاریم بکە؟ گوتی: بۆ لای خودا رابکە. کابرا گوتی: ئەی ڕۆزیم. ئەوەیس گوتی: ئایینەکەت دەبەیتە لای خودا گومانت نییە، گومانت لەڕۆزییە!
- 683- **ئامۆژگاری وەیسی قەرەنی. دەگێڕنەوە:** گوتی: نەم دیوە کەسێك خودا بناسی، بەیەکێکی تر هۆگر بێ.
- 684- **ئامۆژگاری وەیسی قەرەنی. دەگێڕنەوە:** گوتی: خۆت بە چەشنێ دابنێ بەرابەر خودا وەك کابرایەك کە هەموو خەڵکی کوشتووەو خەمدارە.
- 685- **ئامۆژگاری وەیسی قەرەنی. دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر بە ئەندازەی خەلکی ئاسمانو زەوی خودا پەرستی بکەی خودا لێت گیرای ناکات، تا بە دڵسۆزی ئەنجامی نەدەی.

Scanned with CamScanner

- 686- **ئامۆژگاری حزیفەی یەمانی. دەگێڕنەوە:** پیاوێ هاتە لای و گوتی: من لەمونافیقی دەترسم. گوتی: ئەگەر بترسی چۆن مونافیقی؟
- 687- **ئامۆژگاری حزیفەی یەمانی. دەگێڕنەوە:** گوتی: نەکەن بچنە دەرگەی فرتینە؟ گوتیان: دەرگەی فرتینە چی یە؟ گوتی: چوونە لای کاربەدەست، کە قسەیەك درۆ بێ بڵێی: ڕاستە. قسەیەك بکەیت کە ڕەوشتی ئەو نەبێ.
- 688- **ئامۆژگاری حزیفەی یەمانی. دەگێڕنەوە:** جارێ پیاوێکی نوێژکەری دیت، نوێژەکەی جوان نەدەکرد. گوتی: ئەگەر لەسەر ئەم شێوازە بمری لەسەر ئیسلامەتی نامریت.
- 689- **ئامۆژگاری حزیفەی یەمانی. دەگێڕنەوە:** گوتی: چەرخێك بە سەر ئەم گەلە دادێ، ئەگەر وەك مەلەوان ناو ئاودا نەپەڕێنەوە، خودا ڕزگارتان ناکات.
- 690- **ئامۆژگاری حزیفەی یەمانی. دەگێڕنەوە:** گوتی: پیاو ئەو کەسە نییە کە جیهانی بەرداوە، دوا ڕۆژی دەوێ. یا دوا ڕۆژی بەرداوە جیهانی دەوێ، پیاو ئەوەیە کە هەر دوو لای بوێت.
- 691- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەو کەسەی پارێزگاری زمانی نەکات، ئایینەکەی نەبەسترا وەتەوە.
- 692- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: هەر شتێ خودا ناردیە سەر بەندەی لەخۆشی و ناخۆشی ئەوە بۆ خۆی چاکە.
- 693- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: لەسەر

Scanned with CamScanner

رووی زەوی نوسراوە هەر کەسێك جیهانی خۆش بوێت رقی لەخودایە، ئەگەر رقی لەجیهان بوو خودا خۆشی دەوێت.

- 694- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: هەرکەسێ لەکاتی گەنجی خودا بناسێ، لەکاتی پیری ژیر دەبێ.
- 695- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: هەر کەسێك لەخودا بترسێ هەموو شتێ لێی دەترسێ. ئەگەر لەخوداش نەترسێ خودا، لەهەموو شتێ دەیترسێنێ.
- 696- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: کەسێ قسە زۆر بکا درۆی زۆرە. سامانی زۆر بێ، تاوانی زۆرە. رەفتاری خراپ بێ. خۆی ئازار داوە.
- 697- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: کەسێك ئەدەبی نەبێ زانستی نییە. ئارامی نەبێ، ئایینی نییە، وەرعی نەبێ دوارۆژی نییە.
- 698- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: هەموو گەلێك بتێکی هەبووە. بتی ئۆمەتی پێغەمبەر(ﷺ) دینارو درهەمە.
- 699- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر خودا حەزی لێ بێ هەمووتان دەوڵەمەند دەکات، بەڵام تاقیتان دەکاتەوە.
- 700- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر هۆش بە نرخ بوایە زۆر گران دەبوو، بەڵام سەیرە ئەوانەی بەپارە خۆیان سەرخۆش دەکەن؟

Scanned with CamScanner

- 701- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر بزانم کولێرەیەك بە پارەی ڕەوا دەست کەوتووە دەیسوتێنم، لەپاشاندا وردی دەکەم. ئینجا دەیکەمە دەرمانی نەخۆشان.
- 702- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: هاوسێی چاك ئەوە نییە ئازاری هاوسێی نەدات. بەڵکو ئەوەیە: کە لەسەر ئازاری ئەو ئارام بگرێ.
- 703- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: هەرکەسێ ئاواتی درێژ بێ کارو کردەوەی خراپ دەبێ.
- 704- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: هیچ کەسێك خودا پەرستی نەکردوە وەك ئەوەی کە وازی لەقەدەغەکراوەکانی خودای هێناوە.
- 705- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: خراپترین کەس بۆ مردوو ماڵی خۆیەتی، گرینو زاری بۆ دەکەن، بەڵام قەردی بۆ نادەنەوە.
- 706- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: ئارامی گەنجینەیەکە لەگەنجینەکانی بەهەشت. بەندەیەك لەلای خودا ڕێزی نەبێ خودا پێی نادات.
- 707- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: زانست دووبەشە: بەشێکی لەدڵدایە ئەوە چاکە، ئەویتر لەزماندایە ئەوە بەڵگەی خودایە لەسەر بەندەکان.

Scanned with CamScanner

- 708- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** پیاوێ هاتە لای گوتی: من دڵم ڕەقە، گوتی: زۆر لەکۆڕی زکران دابنیشە.
- 709- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتیان جیهان چۆنە؟ گوتی: لەبەر ناخۆشیەکانی خۆشیەکانم لەبیر چۆتەوە.
- 710- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتیان حەجی ڕەوا چی یە؟ گوتی: زوهدت لەجیهاندا هەبێو چاوت لەدواڕۆژ بێ.
- 711- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: هەر نوێژێ ترسی لەگەڵدا نەبێ سزای لەدوادایە.
- 712- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: ڕاتان دەسپێرم کە یادی خودا بکەنو لێی بترسن. سەرچاوەی هەموو کارێ بیرکردنەوەیە.
- 713- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: ناو هێنانی سێ کەس غەیبەت نییە پیاوی خراپ، پیاوی فاسق، پادشای زۆردار.
- 714- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەو کەسەی یادی خودا دەکات لەدواڕۆژدا وەك خۆر تیشك دارەو وەك مانگ بەڵگە دارە.
- 715- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: ناو هێنانی خەڵك بە ئاشکرا ستایش کردنیەتی.
- 716- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: تاوان لەسەر تاوان دڵی مرۆڤ ڕەش دەکات.

Scanned with CamScanner

- 717- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** جارێ پیاوێکی لەسەر گۆڕستان دیت خواردنی دەخوارد گوتی: ئەوە مونافیقە، چونکە مەرگ لەنێو چەوانیەتی خۆراك دەخوات.
- 718- **ئامۆژگاری حزیفە. دەگێڕنەوە.** گوتی: هەموو بەیانیانو ئێواران بانگکەرێ دەڵێ: ئەی مرۆڤ کۆچبکەن! کۆچبکەن!
- 719- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: گەورەترین جیهاد جیهادی ئارەزووە.
- 720- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: گەورەترین کەس لەڕۆژی دوایی کە پاداشتی هەیە موسڵمانی تەمەن درێژە.
- 721- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: زۆر (استغفر الله) بکەن لەباژێڕو گەڕەکو ماڵو سەرنانو خۆراك، چونکە نازانن خودا لەکێ لێتان خۆش دەبێ.
- 722- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: وا دەبێ لەبەر بوونی تاوانێ، پیاو لەشەو نوێژ جیادەبێتەوە.
- 723- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: هاوەڵی خراپ تووشی مەزەندەی خراپت دەکات.
- 724- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: یەکێك لەگزیکردن ئەوەیە: نهێنی دۆستانت ئاشکرا بکەی.
- 725- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: نیفاقی ئەوەیە زمانتو دڵو ناوەوەو دەرەوەو چوونو هاتنت جیا بێ.

Scanned with CamScanner

- 726- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: پیاوی نەرم لەکاتی تورەیی دەناسرێ. تا تورە نەبێ نازانی نەرمە.
- 727- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: کەسێك لەبەر بێ فیزی بەرگی خوری لەبەر بکات. ئەوا خودا ڕوناکی چاوو دڵی زۆر دەکات. ئەگەر بۆ فیز پۆشی ئەوە لەدۆزەخ سووری دەکاتەوە.
- 728- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: کەسێك قسەی خەڵك بۆتۆ بهێنێ، قسەی تۆش بۆ ئەوان دەبات.
- 729- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: خەڵك لە دواڕۆژدا هەر کاتێ حەز بکەن سەیری خودا دەکەن.
- 730- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: سوێندم بە خودا هەر کەسێك پارەی لەلا گەورە بێ، خودا بچوکی دەکات.
- 731- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** گوتی: پیاو دەبێتە زانا، نابێتە خوداپەرست. خودا پەرست دەبێ بەڵام وادەبێ هۆشیار نییە.
- 732- **ئامۆژگاری حەسەنی عەلی: دەگێڕنەوە.** گوتی: سێ کەس میوانی خودان: ئەوەی دەچێتە مزگەوت، ئەوەی دەچێتە سەردانی دۆستی، ئەوەی دەچێتە حەج. بە مەرجێ نیازیان خودا بێ.
- 733- **ئامۆژگاری حەسەنی عەلی: دەگێڕنەوە.** گوتی: مرۆڤ بە سێ کەسەرەوە دەمرێت، یەکەم: لەسامان کۆکردنەوە تێر ناخوات، هەموو هیوایەکی نایەتە دی، ئەنجامی نازانێت تا دەمرێت.

Scanned with CamScanner

- 734- **ئامۆژگاری حەسەنی عەلی: دەگێڕنەوە.** گوتی: چوونە مزگەوت بە هەمیشەیی ئەم سوودانەی هەیە: دەست کەوتنی دۆستی چاك، دابەزینی بەخشندەی خوداو زانستی بەسوود، قسەی چاكو دوورکەوتنەوە لەخراپە، دوورکەوتنەوە لەتاوان لەترسی خودا.
- 735- **ئامۆژگاری حەسەنی عەلی: دەگێڕنەوە.** گوتی: ئەگەر گەورێی بەبێ هۆزت دەوێ، سامی بێ چەکت لەتاوان دەوێ بڕۆ بۆ خوا پەرستی.
- 736- **ئامۆژگاری حەسەنی عەلی: دەگێڕنەوە.** گوتی: سوێند بەخودا، دیومە ئەوانەی کەوتنە دوو دوارۆژ، جیهانیان دەست کەوت. بەڵام ئەوانەی کەوتنە دوو جیهان، دوا ڕۆژیان دەست نەکەوت.
- 737- **ئامۆژگاری حەسەنی عەلی: دەگێڕنەوە.** گوتی: ڕووگرژی لەگرفت سەختترە.
- 738- **ئامۆژگاری حەسەنی عەلی: دەگێڕنەوە.** گوتی: شۆردنی دەست لەپێش نان خواردن هەژاری لا دەبات، لەپاش نان خواردن خەم لادەبات.
- 739-995- **پێشەوا عومەرو دۆزەخ. دەگێڕنەوە:** دەیگوت: دۆزەخ گەرمیەکەت سەختە. دوورو قوڵی. پێی لەئاسنی سۆرکراوەیە.
- 740- **ئامۆژگاری حەسەنی عەلی: دەگێڕنەوە.** گوتی: لەڕۆژی دوایی بانگکەرێ بانگ دەکات هەرکەسێك پاداشتی لەلای خودایە، باوەری بگرێتەوە. تەنها چاکە کاران هەڵدەسنەوە.

Scanned with CamScanner

• 741- **ئامۆژگاری حەسەنی عەلی: دەگێڕنەوە.** گوتی: ڕژد ئەو کەسەیە لەسلاو کردن ڕژدە.

• 742- **ئامۆژگاری حەسەنی عەلی: دەگێڕنەوە.** گوتی: گریان لەترسی خودا، لەدۆزەخت ڕزگار دەکات.

• 743- **ئامۆژگاری حەسەنی عەلی: دەگێڕنەوە.** گوتی: لەئایین شارەزابن، وەك عەرەبە نەخوێندەوارەکان مەبن.

• 744- **ئامۆژگاری حەسەنی عەلی: دەگێڕنەوە.** گوتی: پێنج شت گرنگە: هۆش، ئاین، ئەدەب، شەرمو رووخۆشی.

• 745- **ئامۆژگاری حەسەنی عەلی: دەگێڕنەوە.** گوتی: خراپترین پاشا ئەوەیە ترسنۆك بێ، ڕژد بێ، بەرامبەر ڕەشو رووتان دڵ ڕەق بێ.

• 746- **ئامۆژگاری حوسێنی عەلی. دەگێڕنەوە:** گوتی: لەپێنج شت، شەیتان ناتوانێ فێڵ لەمرۆڤ بکات:

1- لەگەڵ خودای خۆی ڕاست بێ.

2- زۆر یادی خوا بکات.

3- چی بۆ خۆی پێ خۆشە، ئەوەشی بۆ موسڵمان پێ خۆشیێ.

4- نالەو شین نەکات لەکاتی گرفت.

5- بەبەشی خۆی ڕازی بێ.

• 747- **ئامۆژگاری حەسەنی عەلی: دەگێڕنەوە.** گوتی: سلاو کردن هەفتا پاداشتی هەیە، یەکێك لەو هەفتایە بۆ کابرای سلاو لێ کراوە.

• 748- **ئامۆژگاری حەسەنی عەلی: دەگێڕنەوە.** گوتی: مەرگی بە

Scanned with CamScanner

ئازادی، چاکترە لەمەرگی ریسوایی.

- 749- **ئامۆژگاری حەسەنی عەلی: دەگێڕنەوە.** گوتی: ئەی مرۆڤ تۆ رۆژێ هەندێك لەڕۆژەکە بڕوا، لەتۆ ڕۆیشتوە.
- 750- **ئامۆژگاری حەسەنی عەلی: دەگێڕنەوە.** گوتی: کەسێك سورەتی القدر لەنوێژێکی فەرز بخوێنێ، بانگکەرێ بانگ دەکات ئەی بەندەی خودا، خودا لەتاوانەکانت خۆشبووە، جا کاری چاك بکە.
- 751- **ئامۆژگاری سەعید جبیر. دەگێڕنەوە: گوتی:** ئەو کەسانەی کە سوپاسی خودایان کردووە، لەخۆشیو لەناخۆشی دەچنە بەهەشت.
- 752- **ئامۆژگاری سەعید جبیر. دەگێڕنەوە:** گوتی: نیشانەی گیرابوونی نزا، کردنی نزایە بەشیرینی.
- 753- **ئامۆژگاری سەعید جبیر. دەگێڕنەوە:** گوتی: لەجیهاندا خەم لە هیچ شت ناخۆم. تەنها لەسوژدە ئەگەر نەم بردبێ.
- 754- **ئامۆژگاری سەعید جبیر. دەگێڕنەوە:** لێیان پرسی کێ خوداناسە؟ گوتی: ئەوەی بیر لەتاوانی خۆی بکاتەوە، بێزی لەخۆی ببێتەوە.
- 755- **ئامۆژگاری سەعید جبیر. دەگێڕنەوە:** گوتی: بەفیڕۆدانی سامان ئەوەیە لەتاوانی خەرج بکەی.
- 756- **ئامۆژگاری سەعید جبیر. دەگێڕنەوە:** گوتی: پشت بەستن بە خودا کۆی باوەڕە.
- 757- **ئامۆژگاری سفیانی ثوري. دەگێڕنەوە:** گوتی: تاوان دەردە، زانا

Scanned with CamScanner

دەرمانە، ئەگەر زانا خۆی خراپ بوو، دەرمان لەکێ یە!؟

- 758- **ئامۆژگاری سفیانی ثوري. دەگێڕنەوە:** گوتی: جیهان بۆ جەستە، دواڕۆژ بۆ دڵ.
- 759- **ئامۆژگاری سفیانی ثوري. دەگێڕنەوە:** گوتی: قەرد بۆ شەو خەمە، بۆ ڕۆژ ریسواییە، ئەگەر خودا یەکێ ڕیسوا بکات دەیکاتە خەناوکە لەملی.
- 760- **ئامۆژگاری سفیانی ثوري. دەگێڕنەوە:** گریان 10 بەشە 9ی بۆ دنیایە. یەکێکی بۆ خودایە، ئەوەی بۆ خودایە، ئەگەر ساڵێ جارێ بێ زۆرە.
- 761- **ئامۆژگاری سفیانی ثوري. دەگێڕنەوە:** بیدعە لەلای شەیتان خۆشەویسترە لەتاوان، چونکە تاوان تۆبەی هەیە، بەڵام بیدعە تۆبەی نییە.
- 762- **ئامۆژگاری سفیانی پوری. دەگێڕنەوە:** ئەگەر یەکێ: لەئێوە گوێی لەبیدعەیەك بوو، با بڵاوی نەکاتەوە.
- 763- **ئامۆژگاری سەلمانی فارسی. دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر دەتوانی خۆڵ بخۆ، بەڵام مەبە گەورەی دووکەس.
- 764- **ئامۆژگاری سەلمانی فارسی. دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەو زانایەی ئامۆژگاری خەڵك ناکات، وەك گەنجینەیەکە خێری لێ نەکرێ.
- 765- **پیاو چاکێك و دڵ: دەگێڕنەوە:** پیاو چاکێك فەرموویەتی: ئەگەر پێم بڵێن عەجیب ترین شت لای تۆ چییە؟ دەڵێم: دڵێ کە خوا

Scanned with CamScanner

بناسێ، لەپاشاندا تاوان بکا.

- 766- **ئامۆژگاری تاوس. دەگێڕنەوە:** پیاوێ هاتە لای و گوتی: نزامان بۆ بکە؟ گوتی: ترسێ لەدڵم دانییە کە نزای پێ بکەم.
- 767- **ئامۆژگاری تاوس. دەگێڕنەوە:** گوتی: خودا پەرستی گەنج تەواو نابێ، تا ژن نەهێنێ.
- 768- **ئامۆژگاری تاوس. دەگێڕنەوە:** گوتی: شیرینی جیهان تاڵی دوارۆژە، تاڵی دنیا شرینی دوارۆژە.
- 769- **ئامۆژگاری عائیشە. دەگێڕنەوە:** گوتی: ئێوە لەخودا پەرستیەك بێ ئاگان کە مل کەچی یە.
- 770- **ئامۆژگاری عائیشە. دەگێڕنەوە:** گوتی: یەکەم بیدعە کە لەپاش پێغەمبەر(ﷺ) ڕویدا تێر خواردن بوو.
- 771- **ئامۆژگاری عائیشە. دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر شەوی قەدر ببینم تەنها داوای لێ خۆشبوون دەکەم لەخودا.
- 772- **ئامۆژگاری عائیشە. دەگێڕنەوە:** گوتی: بەختەوەری بۆ ئەو کەسەی کە (استغفر الله) لەنێو پەڕاوی زۆرە.
- 773- **ئامۆژگاری عەبدوڵلای عەباس. دەگێڕنەوە:** گوتی: چوار شت قازانجە راست گۆیی، شەرم، ڕووخۆشی، سوپاسگوزاری خودا.
- 774- **ئامۆژگاری عەبدوڵلای عەباس. دەگێڕنەوە:** گوتی: تاوانی بچووك ئەوەیە بە خەڵك بگرژیەوە. تاوانی گەورەش پێی پێ بکەنی.
- 775- **ئامۆژگاری عەبدوڵلای عەباس. دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر پیاو

Scanned with CamScanner

واز لەنێر بازی نەهێنێ، لەگۆڕەکەی دەبێتە بەراز.

- 776- **ئامۆژگاری عەبدوڵڵای عەباس. دەگێڕنەوە:** گوتی: گەورێق لەجیهاندا بە خێرکردنە، لەدواڕۆژ بە تەقوایە.
- 777- **ئامۆژگاری عەبدوڵڵای عەباس. دەگێڕنەوە:** گوتی: هۆش لەئەدەب چاکترە، چونکە هۆش لەخوداوەیە، بەڵام ئەدەب بەندە کۆی کردۆتەوە.
- 778- **ئامۆژگاری عەبدوڵڵای عەباس. دەگێڕنەوە:** گوتی: خانوی بەهەشت بە ئەندازەی ئەستێرەی ئاسمانە، زێیەکانی بە ئەندازەی ئاسمانە، زێیەك هەیە لەبەهەشت بە ناوی زێ ی ڕەحمەت بە نێو هەموو بەهەشت دادەچێ.
- 779- **ئامۆژگاری سفیانی ثوري. دەگێڕنەوە:** دەیگوت من زۆر دلشادم بەشەو، چونکە چاوم بە کەس ناکەوێت.
- 780- **ئامۆژگاری سفیانی ثوري. دەگێڕنەوە:** ڕۆژێ دادێ بەسەر خەڵك جەستە زیندوەو دڵیش مردوو.
- 781- **ئامۆژگاری سفیانی ثوري. دەگێڕنەوە:** گوتی: پێم خۆشە تیرێ لەپیاوێ بدەم، نەك قسەیەکی پێ بڵێم.
- 782- **ئامۆژگاری سفیانی ثوري. دەگێڕنەوە:** سەیری سەرو سیمای خەڵکی باژێڕ مەکەن، چونکە دڵیان گورگە.
- 783- **ئامۆژگاری سفیانی ثوري. دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەو پیاوەی کە دەیەوێ شارەزابێ لەزانستی ئایین، لەسەرەتادا با لەماوەی 20 ساڵ

Scanned with CamScanner

خۆی فێره ئاداب بکات.

- 784- **ئامۆژگاری سفیانی ثوري. دەگێڕنەوە:** گوتی: کەسێك بیری مەرگ بکاتەوە گۆڕەکەی بۆی دەبێتە باخ. ئەگەر بیری لێ نەکاتەوە بۆی دەبێتە چاڵی دۆزەخ.
- 785- **ئامۆژگاری سفیانی ثوري. دەگێڕنەوە: گوتی:** کەسێك دەروونی خۆی بناسێ، بە قسەی خەڵك تێك ناچێ، کە قسەی پێ بڵێن.
- 786- **ئامۆژگاری عەبدوڵڵای عەباس. دەگێڕنەوە:** گوتی: زانست و سامان کەمو کوڕی خاوەنەکەی دەشارنەوە، بەڵام هەژاری و نەفامی ئاشکرای دەکەن.
- 787- **ئامۆژگاری عەبدوڵڵای عەباس. دەگێڕنەوە:** گوتیان: چۆن ئەوەندە زیرەکی؟ گوتی: بە هۆی زمانێکی بە پرسیارو دڵێکی هۆشیار.
- 788- **ئامۆژگاری عەبدوڵڵای عەباس. دەگێڕنەوە:** گوتیان: کێت لەهەموو کەس خۆشتر دەوێت؟ گوتی: ئەو کەسەی لەتەکم دانیشتوە.
- 789- **ئامۆژگاری عەبدوڵڵای عەباس. دەگێڕنەوە:** گوتی: کاری ناڕەوا ناخۆشترە لەگواستنەوەی کێو لەشوێنێ بۆ شوێنێکی تر.
- 790- **ئامۆژگاری عەبدوڵڵای عەباس. دەگێڕنەوە:** گوتی: ئەگەر کەسێك یەك تاکە نوێژ نەکات، کە دەچێتە لای خودا، خودا لێی تووڕەیە.
- 791- **ئامۆژگاری عەبدوڵڵای عەباس. دەگێڕنەوە:** گوتی:

Scanned with CamScanner

خۆشەویسترین بەندە لەلای خودا، ئەو بەندەیە کە غەریبە.

- 792- **ئامۆژگاری عەبدوڵڵای عومەر. دەگێڕنەوە:** گوتی: بەڕاستی کە لەهەموو کەسێك خودا پتر رقی لێ بێتەوە: پیاوی تانەچی‌و نەفرەت چی یە.
- 793- **ئامۆژگاری عەبدوڵڵای عومەر. دەگێڕنەوە:** گوتی: چاکە کارێکی سانایە، ڕووخۆشی‌و قسە نەرمیە.
- 794- **ئامۆژگاری عەبدوڵڵای عومەر. دەگێڕنەوە:** گوتی: نیشانەی ژنی دۆزەخی ئەوەیە، بەرامبەر پیاوی پێ دەکەنی‌و کە پیاوەکەی ڕۆیشت گزی لێ دەکات.
- 795- **ئامۆژگاری عەبدوڵڵای عومەر. دەگێڕنەوە:** گوتی: فرمێسکێ بڕێژە بۆ خودا چاکترە لەکردنە خێری 1000 دینار.
- 796- **ئامۆژگاری عەبدوڵڵای عومەر. دەگێڕنەوە:** گوتی: هەموو بیدعەیەك گومڕایی یە، هەرچەندە خەڵك بە چاکی لەقەڵەم بدەن.
- 797- **ئامۆژگاری عەبدوڵڵای عومەر. دەگێڕنەوە:** گوتی: پیاو هەر شتێکی لەدونیا دەست بکەوێت، پلەیەکی دوارۆژی پێی کەم دەبێ.
- 798- **عەبدوڵڵای مەسعودو قورئان خوێندنی دەگێڕنەوە:** جارێ پێغەمبەر(ﷺ) پێی گوت قورئانم بۆ بخوێنە؟ ئەویش گوتی: قورئان بۆ تۆ هاتووتە خوار، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: من پێم خۆشە گوێم لەخەڵك بێت، کاتێ خوێندی پێغەمبەر(ﷺ) دەگریا.
- 799- **سەودا خۆشی. دەگێڕنەوە:** جارێ حەسەنی بەصری ولاخێکی

Scanned with CamScanner

به چوارسەد درهەم فرۆشت لەکاتی پارە وەرگرتن کابرا گوتی: یا شێخ گوتی: 100 درهەم مەدە. ئەمجارە کابرا گوتی: یا شێخ. شێخ گوتی: قەیناکە 100 درهەمی تریش مەدە.

- 800- **ئامۆژگاری عەبدوڵڵای مەسعود. دەگێڕنەوە:** گوتی: شەیتانی باوەڕدار لاوازە.
- 801- **هاوبەشی بچوك. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئایا دەزانن هاوبەشی بچوك چی یە؟ گوتیان: نەء پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ڕووپامایی (الریاء)!!
- 802- **کێ دڵسۆزە. دەگێڕنەوە:** لەزانایان فەرموویانە: دڵسۆز ئەو کەسەیە: کە چاکەی دەشارێتەوە، هەروەك خراپەی دەشارێتەوە.
- 803- **سێ درۆزن. دەگێڕنەوە:** سێ کەس لەلای خودا دەست بە قسە دەکەن، یەکەم دەڵێت: من لەپێناوی تۆ شەهید بووم. خودا دەفەرمووێ: درۆ دەکەی بۆ ناوو دەنگ خۆت بە کوشتدا. دووهەم دەڵێ: من خێرم زۆر کردووە. دەڵێ: درۆ دەکەی بۆیە خێرت دەکرد هەتا پێت بڵێن: خێرکەری. سێهەم دەڵێ: من ئامۆژگاری خەڵکم دەکرد، خودا دەفەرمووێ درۆدەکەی دەتویست بڵێن: زاناو زیرەکی. خودا پەناماں بدات. امین.
- 804- **فێڵ لەخودا مەکە. دەگێڕنەوە:** پیاوێ هاتە لای پێغەمبەر(ﷺ) گوتی: ڕزگاری لەچی دایە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: فێڵ لەخودا مەکە. گوتی: چۆن فێڵ لەخودا دەکرێ؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:

Scanned with CamScanner

خوداو پێغەمبەر(ﷺ) کارێکیان داناوە تۆ بەنیازی بەریایی ئەنجامی بدەی.

- 805- **دیاری پێغەمبەر(ﷺ) بۆ عەرەبێ. دەگێڕنەوە:** جارێ عەرەبێ نوێژی دەکرد لەپاش نوێژەکە گوتی: ئەی خودای کە چاو نات بینی. مەزەندە تێکەڵت نابێ.پێناسەی تۆ بە کێ دەکرێ؟ خۆت گرانی کێوەکانو ئەندازەی ئاوی باران‌و پشکی باران‌و گەڵای داران‌و تاریکی شەوو ڕوناکی ڕۆژ، هەرخۆت دەزانی دوا تەمەنم چاك بکەو دوا کاتم چاك بکە، پێغەمبەر(ﷺ) بە پیاوێکی گوت بڕۆ بانگی بکە، کە هات پێغەمبەر(ﷺ)گوتی: تۆ لەچ هۆزێکی؟ گوتی: هۆزی (سعسەعە) هەندێ زێڕی پێدا گوتی: دەزانی بۆ ئەو زێڕەم پێدای؟ گوتی: چونکە خزمین. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: راستە، بەڵام نزاکانت زۆر جوان بوون.
- 806- **ئامۆژگاری جنید. دەگێڕنەوە:** فەرموویەتی: خودا ڕقی لەکەسێ دەبتەوە نە کاری دونیا بکات، نە خودا پەرستی.
- 807- **پێغەمبەر(ﷺ)و جویریەی خێزانی. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) جارێ لەڕۆژی هەینی چووە لای گوتی: بەڕۆژووی؟ جوەیریە گوتی: بەڵێ. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دوێنێ پێ بووی گوتی: نەء. گوتی: ڕۆژی شەممە پێدەبی گوتی: نەء. پێغەمبەر(ﷺ) گوتی: کەواتە ڕۆژووەکەت بشکێنە.
- 808- **ئامۆژگاری ئیبن تیمیە. دەگێڕنەوە:** فەرموویەتی: بە ڕاستی

Scanned with CamScanner

ئەگەر دڵ تامی باوەڕی کرد، خودا پەرستی بە دڵسۆزی کرد، هیچ لەلای ئەو لەو کارە چاکترو باشتر نییە.

- 809- **ئامۆژگاری ئیبراهیمی وەلید. دەگێڕنەوە:** جارێ لەسەر پشتی ئەسپەکەی کەوتە خوار. قاچی شکا پیاوێ بۆ دڵدانەوە چووە لای گوتی: ئەگەر گرفتی دونیا نەبوایە، ئێمە بە موفلیسی دەچووینەوە بارەگای خودا.
- 810- **پێغەمبەر(ﷺ)و عوقبەی ابی معیطي تاوانبار. دەگێڕنەوە:** جارێك پێغەمبەری(ﷺ) داوەت کرد. پێغەمبەر(ﷺ) گوتی: نانت ناخۆم. تاکو موسڵمان نەبی. عوقبە موسڵمان بوو. لەپاشاندا ئەو هەواڵەی بۆ امیەی خلفی تاوانبار گێڕایەوە کە دۆستی بوو. امیە گوتی: مادام تۆ موسڵمان بووی قسەت لەگەڵ ناکەم. تا تف لەپێغەمبەر نەکەیتو شتی پیسی پێدا نەدەیت. جا عوقبەی نەفام وای کرد. خودا فەرمووی ڕۆژێ دادێ، دەستی خۆی دەگەزێ.
- 811- **ئامۆژگاری ئیبن عەباس. دەگێڕنەوە:** جارێ پیاوێ وتی: ئامۆژگاریم بکە؟ گوتی: تەقوای خودا بکەو لەسەر ئیسلامەتی بەردەوامبەو پەیڕەوی ئەمانە بکە. نەك بیدعە.
- 812- **ترسی ئەبوبەکر لەخودا. دەگێڕنەوە:** فەرموویەتی ئێمە هەفتا دەرگەمان جێ دەهێشت، لەترسی ئەوەی، نەوەك بکەوینە نێو حەرام.
- 813- **ئارامی لەکاتی سەرەتای گرفتە. دەگێڕنەوە:** جارێ پێغەمبەر(ﷺ) بەلای ژنێ تێپەڕی. لەسەر گۆڕی کوڕەکەی دەگریا.

Scanned with CamScanner

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئارام بە. ژنە نەیزانی پێغەمبەرە گوتی: ئەوەی بە سەر من هاتووە بە سەر تۆ نەهاتووە. پێغەمبەر(ﷺ) رۆیشت لەپاشا بە ژنەکەیان گوت ئەوە پێغەمبەرە. ژنەکە یەکسەر چووە مالّی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: نەمزانی تۆی. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئارامی لەکاتی یەکەمە.

- 814- **شێوە پێکەنینی پێغەمبەر(ﷺ). دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ)لەکاتی پێکەنین هەرگیز زمانی موبارەکی دەرنەکەوتوە. بەڵکو تەنها خەندەی لێوانی هەبوو. (ب.م).
- 815- **کەرامەتی ئەولیا. دەگێڕنەوە:** خودا لەفەرموودەی قودسی بە پێغەمبەری(ﷺ) راگەیاندووە، کەسێك بە گژ وەلی دابچێ، با بە گژ خودا دابچێ. بەندە بە ئەنجام دانی فەرزەکان. هەر لەخودا نزیك دەبێتەوە، تا لەسەر سوننەتەکان بەردەوام بێ. جا ئەگەر بەردەوام بوو دەبمە چاوی کە شت پێ دەبینی. دەبمە گوێکەی کە شت پێ دەبیسێ. دەبمە دەستی کە دەستی هەبێ. دەبمە پێی کە پێی بڕوات. ئەگەر هەر شتێ داوا بکات پێی دەدەم. داوای پاراستن بکات لەهەر شتێ دەیپارێزم. (ب)
- 816- **سەرکردەی هەق خواز. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی لەژێر سایەی خودایە کە لەو ڕۆژ جگە لەسایەی خودا هیچ سایەکی تر نییە. هەروەها لەسەر مینبەری نورە، ئەم فەرموودە هەموو گەورەیەك دەگرێتەوە وەك باوك، سەرکردە.

Scanned with CamScanner

• 817- **پـــه یمان نەشـــکاندن. دەگێڕنـــەوە:** لـــەجابر فـــەرمووی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەگەر سامانی بەحرەین بۆ مـان هـات ئـەوەو ئەوەت دەدەمێ. دەڵـێ پێغەمبـەر(ﷺ) مـەرگی خـودای بـە جـێ هێنـا ئەبوبەکر لەجێی دانیشت، گوتی: پێغەمبەر(ﷺ) پەیمانی قـەردی لەسـەر کێ هەیە؟ جابر گوتی: من. دەڵێ چونکە سامانی بەحرەین هـات ئـەبو بەکر 500 درهەمی بۆ ژمارد.لەپاشاندا گوتی: ئەوەنـدەی تـریش بـە. (ب.م)

• 818- **ئامۆژگاری ناوە ناوە دەبێت. دەگێڕنـەوە:** ئیبن مەسعود هـەموو پێنج شەممەیەك ئامۆژگاری یارانی دەکرد. گوتیان پێمان خۆشـە هـەموو ڕۆژێ بـێ ی گـوتی: مـن وەك پێغەمبـەر(ﷺ) دەکـەم. چـونکە ئێـوە سستو بێزار دەبن. (ب.م)

• 819- **ترسی ئەنساران لەفەتوادان. دەگێڕنـەوە:** لەئیبن لیلی دەڵـێ: جارێ 120 یاوەری ئەنساریم دی، پرسیارێکیان ئاراسـتە کـردن، ئـەو دەیوت بڕۆ لای ئەوە، ئەوی تر دەیوت بڕۆ لای ئەوە، تا کـابرا هاتـەوە لای پیـاوی یەکـەم، کەچـی هـەموویان شـارەزابوون، بـەڵام لـەخودا دەترسان.

• 820- **ئامۆژگاری ئیبن مەسعود. دەگێڕنەوە:** ئیبن مەسعود فەرموویەتی: کەسێ هەر پرسیارێکی لێ بکەن فەتوا بدا، ئەوا شێتە.

• 821- **ئامۆژگاری قـاسمی محمد. دەگێڕنەوە:** جارێك پیاوێ هاتـە لای بۆ پرسیارێ، ئەویش وەرامی نەدایەوە، کابرا وازی لـێ نـەدەهێنا قاسـم

Scanned with CamScanner

گوتی: تۆ تەماشای ریشی درێژو دەوروبەرم مەکە ئاوەدانە، سوێند بە خودا نازانم.

- 822- **ئامۆژگاری مالك. دەگێڕنەوە:** فەرموویەتی: ئەو پیاوەی فەتوا دەدا لەسەرەتادا، دەبێ خۆی ئامادەبکات، بۆ بەهەشت، یا دۆزەخ.
- 823- **زانست قورسە. دەگێڕنەوە:** جارێ پیاوێ پرسیاری لەپێشەوا مالك کرد. ئەویش گوتی: نازانم، کابرا گوتی: ئەو پرسیارە ئاسانە. پێشەوا مالك گوتی: ئەی قورئان نا فەرموێ: (انا سنلقي عليك قولا ثقيلا). واتا: زانست هەمووی زەحمەتە، قورسە، گرانە، سانا نیە.
- 824- **ئامۆژگاری زانای عێراق. دەگێڕنەوە: جارێ** پرسیاریان الشعبی کرد. گوتی: نازانم. گوتیان تۆ زانای عێراقی، چۆن شەرم ناکەی دەڵێی نازانم، گوتی: ئەی فریشتەش نەیانگوت: لا علم لنا. واتا: ئێمە نازانین.
- 825- **وەرام نەدانەوەی پرسیار. دەگێڕنەوە:** پیغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: کەسێك پرسیاری لێ بکرێ، ئەویش وەرامەکەی بشارێتەوە، خودا بە لغاوی ئاگر، لغاوی دەکات.
- 826- **خۆت چاك بکە. دەگێڕنەوە:** ئیبن مەسعود فەرموویەتی: خراپترین کەس ئەو کەسەیە، کە بڵێی لەخودا بترسە، بڵێ جارێ تۆ خۆت چاك بکە.
- 827- **پێشەوا عومەرو پیاوێ. دەگێڕنەوە:** جارێ پیاوێ بە پێشەوا عومەری گوت: لەخودا بترسە!یەکێ گوتی: تۆ چۆن قسە بە میری موسڵمانان دەڵێی. پێشەوا عومەر گوتی: لێی گەڕێن، ئەگەر پیاوی ئاوا

Scanned with CamScanner

هەبێ، پیاوی وەك منیش پێی ناخۆش نەبێ، ئەوە نیشانەی چاکەیە.

- 828- **قارونی تاوانبار. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: قارونی تاوانبار کاتێ لەماڵ چووە دەر زۆر لەخۆبایی بوو، خۆی خاوێن‌و باوێن کردبوو، کە چی خودا ڕقی لێ گرت‌و لەزەوی بردە خوار. تا ڕۆژی دوایی لەزەوی دەچێتە خوار لەبنەڕەت ئەو قارونە هەژار بوو. خودا ناس بوو، بە موسی پێغەمبەری گوت: نزام بۆ بکە دەوڵەمەند بم. کەچی کە دەوڵەمەندبوو گوتی: ئەو ماڵەم بە زانستی خۆم پەیدا کردووە!(ب.م)
- 829- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** فەرموویەتی مرۆڤ: هەموو ڕۆژی دوو سێ جار قنگی بە پیسایی، بەئاو دەشوات. ئینجا نازو فیز لەسەر خەڵك دەکات.
- 830- **خۆشەویستی دۆستان. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: لەدەوروبەری تەختی خودا کورسی دانراوە، تاقمە کەسێك لەسەری دانیشتوون رووبان وەك مانگی چواردەیە، لەکاتێ خەڵك دەترسێن، ئەوان ترس‌و خەمیان نییە، خودا بەبێ پرسیار دەیانباتە بەهەشت، یاران گوتیان ئەوانەکێن گوتی: ئەو کەسانەن کە یەکتریان لەبەر خودا خۆش دەوێ. (ئەبو هریرە)
- 831- **چاکترین چاك. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی دەزانن چاکترین چاك کێ یە؟ گوتیان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی خودایە. چاکیش منم، لەنێو نەوەکانی ئادەم. هەروەها کەسێکە فێرە

Scanned with CamScanner

زانست بێو بلاوی بکاتەوە. یا لەڕێی خودا شەهید بێ.

- 832- **سوودەکانی نەخۆشی. دەگێڕنەوە:** سەلمانی فارسی نەخۆش کەوت. پێغەمبەر(ﷺ) چووە لای گوتی: تا نەخۆش بی خودات لەبیرەو تاوانت ڕەش دەبنەوەو نزات گیرایە.
- 833- **تاوانبار. دەگێڕنەوە:** نوح پێغەمبەر(ﷺ) 950 ساڵ شەوو ڕۆژ ئامۆژگاری گەلەکەی کرد. کۆمەڵێکی کەم باوەڕیان پێ کرد. جا لەخودا پاڕایەوە، کە بە لافاو لەناویان ببا، ئەوەبوو کوڕەکەی باوەڕی پێ نەبوو، ئەویش لەبەر سۆزی باوکایەتی گوتی: کوڕم وەرە سواری کەشتی بە. خودا فەرمووی: چۆن بەوە دەڵێی کور ئەوە پیاوێکی خراپە، ئینجا کوڕەی نەفام دەیگوت من دەچمە سەر چیا، تا خۆی بە فەتارەت دا.
- 834- **چاکی وەیسی قەرەنی. دەگێڕنەوە:** کاتێ نەخۆش دەکەوت، پێدەکەنی دەیگوت: خودایە ئەو پلە بەرزەت چۆن بە من داوە!
- 835- **زانستو تەمەنی لوقمان. دەگێڕنەوە:** لوقمانی حەکیم 12 هەزار زانستی زانیوە. تەمەنی هەزار ساڵ بوە، شوانی داود پێغەمبەر بووە، لەپێش ئەوەی داود ببێتە پێغەمبەر فەتوای دەدا. بەڵام دوایی وازی لێ هێنا، کوڕە پووری ئەیوب پێغەمبەر بوو. حەبەشی بووە. لێوی گەورە بووە. لەقورئاندا سوورەتێ بە ناوی ئەو هەیە.
- 836- **نەخۆشی موسڵمانو کافر. دەگێڕنەوە:** لەسلمانی فارسی جارێ چووە لای نەخۆشێ گوتی: نەخۆشی موسڵمان گوناهەکانی ڕەش

Scanned with CamScanner

دەبنەوە بە هۆی نەخۆشی، بەڵام کافر وەك وشتری چەموشە کە کاتێ خاوەنەکەی دەیبەستەوەو بەرەڵڵای دەکات دەچێتەوە سەر چەموشی جاران.

- 837- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** فەرموویەتی: موسڵمان لە دونیا لەخودا دەترسی، لەدواڕۆژ ئاسایشە، مونافیق لەدونیا لەخودا ناترسی، لەقیامەت نائاسایشە.
- 838- **درۆزن لەدۆزەخە. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: نەکەن درۆ بکەن. چونکە درۆ بۆ خراپەتان دەبات، خراپەش بۆ دۆزەخ، ئەگەر بەردەوام بن، لەلای خودا بە درۆزن لەقەلەم دەدرێن.
- 839- **درۆکردن لەگەڵ منداڵ. دەگێڕنەوە:** لەو کاتەی عوبەیدوڵڵای عامر منداڵ دەبێ، دایکی بانگی دەکات وەرە پێت بدەم. پێغەمبەر(ﷺ) دەڵێ چی پێدەدەی دەڵێ قەسپ. پێغەمبەر دەڵێ دەزانی ئەگەر پێت نەدا بوایە، لەلای خودا بە درۆزن لەقەلەم دەدرای. (د. البیهقی)
- 840- **چاکترین بەخشین. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: هیچ بەخششێ چاکتر نییە لەئامۆژگاری باوك بۆ منداڵ.(ت)
- 841- **مافی باوك لەسەر منداڵ. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: مافی باوك لەسەر منداڵ ئەوەیە ناوێکی جوانی لێ بنێو فێرە ئادابی چاکی بکات.(البیهقی)
- 842- **دەروونی ئارام. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ئەی خودایە دەرونم ئارام بکە، باوەڕم بە دیتنت بێ، ڕەزامەند بم بە کارت،

Scanned with CamScanner

قەناعەتم هەبێت بە ڕۆزیت.

- 843- **چوار وشەی جوان. دەگێڕنەوە:** پیاوێك لەهەموو خوێند خانەکانی ئەندەلوس، ئەم چوار وشەی دەنوسی زانستی زانا، دادی پادشا، نزای پیاو چاك، گەورێتی ئازار.
- 844- **چاکی داودی تائی. دەگێڕنەوە:** لەپاش مەغریبێ ڕەبیع چووە لای، دیق کەمێ نانی ڕەقی لەپێشە لەگەڵ ئاوی گەرم. ڕەبیع گوتی: بۆ کوندەیەك دانانێیت، گوتی: ئەگەر نانی ڕەق نەخۆیتو ئاوت گەرم نەبێو جلت دڕنەبێ، ئەی چیت بۆ قیامەت داناوە.
- 845- **سێ کاری چاك. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: کەسێ خوداو پێغەمبەری(ﷺ) لەهەموو کەسێ خۆشتر بووێ، هەموو کەسێکی لەبەر خودا خۆش بووێ، پێی ناخۆش بێ لەدین هەڵگەڕێتەوە، هەروەك پێی ناخۆشە بکەوێتە نێو ئاگر، ئەوە تامی باوەڕی کردووە.
- 846- **دوو جەژن لەئیسلامدا هەیە. دەگێڕنەوە:** کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) چووە مەدینە خەڵکەکە یاریو وازییان دەکرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوە بە بۆنەی چی یە؟ گوتیان: جەژنە. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خودا دوو جەژنی چاکتری پێداون جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزو قوربان.
- 847- **گرنگێتی شیو کردن. دەگێڕنەوە:** لەپێشەوا عەلی گوتی: ئەگەر کۆمەڵە برادەرێکم داوەت بکەم، لام چاکترە لە ئازاد کردنی بەندەیەك.

Scanned with CamScanner

• 848- **پێشەوا عەلی لەجەژنانە. دەگێڕنەوە:** جارێ پیاوێ لەجەژنی ڕەمەزان چووە لای پێشەوا عەلی، سەیری کرد وا نانی وشك دەخوات، گوتی: باشە بەو جەژنە شتێ نییە بیخۆیت؟ پێشەوا گوتی: ئەو ڕۆژە جەژنە کەپیاو تاوانی تیادا نەکات.

• 849- **منداڵی عومەری عەبدولعەزیز لەجەژنانە. دەگێڕنەوە:** جارێ کوڕێکی عومەری عەبدولعەزیز لەڕۆژی جەژن کراسێکی خراپی لەبەر دابوو، لەبەر سۆزی باوکاتی گریا، کوڕەکە گوتی: باوکە لەو کاتە بگرییێ کە خودا لێمان نارازی بێو لەگەڵ تۆو دایکم خراپ بم.

• 850- **کۆڕی بێ زکر. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: هەر کۆمەڵێ لەکۆڕێ، یادی خودا نەکەن تا هەڵسان، ئەوە ئەو کۆڕە لەلای خودا بێ نرختر لەکەلاکێ، کە لەدوارۆژ ئاخی لەسەر هەڵدەکێشن.(د)

• 851- **ئاخی بەهەشتیان. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: بەهەشتییەکان ئاخ لەسەر ئەو کاتانە هەڵدەکێشن،کە یادی خودایان تیادا نەکردووە.(ابن انس)

• 852- **هەموو کەسێ تێنووە. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: هەموو کەسێك تێنوە لەوکاتەی لەدونیا دەردەچێ.جگە لەو کەسەی کە یادی خودای کردووە.

• 853- **ئامۆژگاری ئەنەس لەبارەی زکر. دەگێڕنەوە:** انس فەرموویەتی زکری خودا نیشانەی باوەڕە. ڕزگاربوونە لەنیفاق. شورەیە لە دژی

Scanned with CamScanner

شەیتان.پارێز گارییە لەدۆزەخ.

- 854- **ئامۆژگاری مالیکی دینار. دەگێڕنەوە: فەرموویەتی:** کەسێك بە یادی خودا هۆگر نەبێ، ڕانستی کەمە، دڵی کوێرە، تەمەنی بە فیڕۆچوە.
- 855- **ئامۆژگاری حەسەنی بەصری. دەگێڕنەوە:** فەرموویەتی: تامو چێژ لەم سێ شتەیە: قورئان خوێندن، نوێژ، یادی خودا.
- 856- **زمانت بە زکر تەڕ بکە. دەگێڕنەوە:** پیاوێ هاتە لای پێغەمبەر(ﷺ) گوتی: من پیر بووم و، فەرمانەکانی ئیسلام زۆربوونە، چاکترین شتم پێ بڵێ، پێغەمبەر فەرموویەتی: هەمیشە زارت بە یادی خودا تەڕبێ.
- 857- **ئەو زەویەی زێڕی لەژێرە. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: پیاوێ لەپێش ئێوە زەویەکی فرۆشت، کابرای کڕیار جەڕە زێڕێکی لەژێر دۆزیەوە. بە کابرای فرۆشیاری گوت: من زێڕم لەتۆ نەکڕیوە، با بۆ خۆت بێ، ئەوی تر دەیوت من زەویەکەم بە زێڕەوە فرۆشتوە، لەسەر ئەو کێشەیە چوونە لای حاکم. حاکم گوتی: ئێوە منداڵتان هەیە، یەکێك گوتی: کوڕێکم هەیە، ئەوی تر گوتی: کچێکم هەیە، حاکم کچەکەی دا کوڕەکە. (ب.م)
- 858- **یارمەتی سێ کەس لەسەر خودایە. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: یارمەتی ئەم سێ دەستەیە هەقە لەسەر خودا: یەکەم بەندەی نامە پێدراو، خەباتگێڕی ئیسلام، وئەو کەسەی ژنی هێناوە.(أ.ن.ت)

Scanned with CamScanner

• 859- **سوودی ژن هێنان. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ئەی دەستەی لاوان ژن بهێنن چونکە بۆ چاو باشەو، بۆ دامەن شورەیە، کەسێ: کە توانای نەبوو، بابەڕۆژووبێ چونکە ڕۆژوو ئارەزوو کەم دەکاتەوە.

• 860- **سێ حەسوود. دەگێڕنەوە:** جارێ سێ حەسوود بەیەك گەیشتن یەکێ: گوتی: من لەبەر حەسوودیم پێم خۆش نییە، چاکە لەگەڵ کەس بکەم، گوتیان: تۆ چاکی، دووهەم گوتی: پێم خۆش نییە کەس چاکەم لەگەڵ بکات، سێهەم بە دووهەمی گوت: تۆ چاکی، سێهەم گوتی: پێم خۆشە هەموو کەسێك یەك نیعمەتی نەمێنێ!یەکەمو دووهەم گوتیان: تۆ لەهەر دووکمان خراپتری.

• 861- **کوڕی داکە ڕەشێ.** دەگێڕنەوەك جارێ ئەبو ذر بە بلالی گوت: کوڕی داکە ڕەشێ، پێغەمبەر(ﷺ) گوێی لێ بوو زۆر دڵ تەنگ بوو، ڕووی سوور هەڵگەڕا، جا ئەبو ذر گوتی: بلال پێت لەسەر سەرم دابنێ.

• 862- **عومەری عەبدولعەزیزو أبا قلابە. دەگێڕنەوە:** جارێ عومەری عەبدولعەزیز بە أبا قلابەی گوت: ئامۆژگاریم بکە، گوتی: لەسەردەمی ئادەم، تا ئێستا هیچ گەورەیەکی ئیسلام نەماوە جگە لەخۆت. عومەر گوتی: زیاتر. گوتی: ئەگەر خودا لەگەڵت بێ لەکێ دەترسی، ئەگەر لەگەڵت نەبی، پەنا بۆ کێ دەبەیت! عومەر گوتی: بەسە.

• 863- **ئازایەتی ئەنەسی نضر. دەگێڕنەوە:** لەجەنگی ئوحود

Scanned with CamScanner

دەیگوت: ئەی معاذ بە خودای کەعبە، من بێنی بەهەشت دەکەم، خۆی ئامادەکرد بۆ جەنگ -80- و هەندێك شمشێرو تیریان لێدا، جەستەیان هەموو پارچە پارچە کرد، کەسێك نەبوو تەرمەکەی بناسێتەوە، جگە لەخوشکێکی ئەویش بەهۆی سەری پەنجەکانی ناسیەوە! (ب.م)

- 864- **ئازایەتی حنظلە. دەگێڕنەوە:** لەشەوو ڕۆژی زاوایەتی بانگی جیهاد درا. لەبەرەبەیانی ڕۆژی هەینی حنظلە، ڕووی لەغەزا کردو زرێی بەستو شمشێری هەڵگرتو بۆ غەزا چوو. جەنگی ئوحود بوو. وای لەو جەنگە گەورەیە حنظلە ڕووی لەئەبو سفیان کرد بیکوژێ، بەڵام ئەبو سفیان بانگی کافرەکانی کردو دەوریان لێ داو شەهیدیان کرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: فریشتەی خودا شۆردیان یاران تەماشای سەریان کرد تەڕ بوو. پرسیاریان لەخێزانەکەی کرد گوتی: کە لەماڵ چوە دەر غوسلی لەسەر بوو..

- 865- **ئامۆژگاری عومەری خەتاب. دەگێڕنەوە:** فەرموویەتی: کاتێ پیاوێ دەبینم بەرگی جوانی پۆشیوە، بێنی خۆشی لەخۆی داوە، پرسیار دەکەم ئەو پیاوە چ کار دەکات؟ کاتێك دەڵێن هیچ، لەبەر چاوم دەکەوێت!.

- 866- **شۆردنی سێ شت. دەگێڕنەوە:** لەپیاو چاکان دڵ بە خودا پەرستی بشۆ، دەروون بەگریان ، گیان بە یادی پەروەردگار.

- 867- **پێنج کاری چاك. دەگێڕنەوە:** سەعیدی زەید فەرموویەتی: موسڵمان پێویستە ئەم پێنج کارە ئەنجام بدات.: خودا ناسین، هەق

Scanned with CamScanner

ناسین، کار بۆ خودا، کار کردن لەسوننەت، خواردنی ڕەوا.

- 868- **باوەڕ بە ئازاری گۆڕ. دەگێڕنەوە:** زانایان دەڵێن: ئەگەر پیاوێك لەنێوانی دوو پیاوی خەوتو دابنیشێ یەکێ: خەونی خۆش ببینی، ئەوی تر خەونی ناخۆش، ئەو پیاوەی لەنێوانیان دانیشتوە ئاگای لەهیچ نییە. ئازاری گۆڕیش ئاوەهایە.
- 869- **أبا زرعەو وەلیدی عبدالملیك. دەگێڕنەوە:** جارێ (أبا زرعە) چوە لای ئەو پاشایە. پاشا گوتی: تۆ قورئان خوێنی ئامۆژگاریم بکە. گوتی: ترسم لەخۆم نەبێ. وەلید گوتی: نەء أبا زرعە. گوتی: داود پێغەمبەر، پێغەمبەری خودا بوو، پادشاش بوو، ئینجا خودا پێی گوت: تۆ پادشای بە دوای نا هەق مەکەوە دوایی گومڕا دەبی. ئەنجامت دۆزەخ دەبێ.
- 870- **بێ فیزی. دەگێڕنەوە:** جارێ پێغەمبەر(ﷺ) بە هاوەڵەکانی فەرموو: بۆچی تامی باوەڕو پێوە نابینم، گوتیان تامی باوەڕ چی یە؟ فەرمووی: شەرم.
- 871- **پاداشتی منداڵ مردن. دەگێڕنەوە:** کاتێ بەندە منداڵێکی دەمرێ. خودا بە فریشتەکان دەفەرموێ: بەندەی من لەداخی منداڵەکەی چی دەگوت؟ دەڵێن: خودایە سوپاسی تۆی دەکرد، فەرموێ: بڕۆن خانوێك بۆ بەندەی من دروست بکەن لەبەهەشت، ناوی لێ بنێن خانووی (سوپاس).
- 872- **نزایەکی موسا پیغەمبەر(ﷺ). دەگێڕنەوە:** موسا پێغەمبەر

Scanned with CamScanner

ماوەی چل ساڵی برد، ئینجا خودا نزای گیرا کرد، کە زاڵ بوو، بە سەر فیرعەونو دارو دەستەی، واتا نزاکەی چل ساڵی برد ئینجا گیرا بوو.

- 873- **نزایەکی نوح پێغەمبەر. دەگێڕنەوە:** نوح پێغەمبەر ماوەی 950 ساڵ لەشەوو ڕۆژدا بانگەوازی کرد ، ئینجا هەر وەڵامیان نەدایەوە، خودا بە لافاو لەناوی بردن، واتا نزاکەی 950 ساڵی برد، ئینجا گیرا بوو.
- 874- **تەوبە کردن. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: موسڵمان کاتێ تاوان دەکات وا دەزانی کێوی لەسەر سەرە بەڵام مونافیق وادەزانێ مێشولەیەك بە لای تێپەڕیوە.(ب)
- 875- **ڕەچەڵەك داد نادات. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: خودا بەهەشتی دروست کرد بۆ یەکێ: کە بیناسی جا با بەندەیەکی حەبەشی بێ، دۆزەخی دروست کرد بۆ یەکێك نەیناسێ، جا با قورەیشی بێ. (الإمام زين العابدين).
- 876- **پارە فرتێنەیە. دەگێڕنەوە:** جارێ حەسەنی بەصری منداڵێکی دیت لەنەوەی پێشەوا عەلی لەژێر دیواری کەعبە ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد. گوتی: مولکی ئایین چییە؟ منداڵەکە گوتی: وەرع. گوتی: فرتێنەی ئایین چییە؟ منداڵەکە گوتی: پارەیە.
- 877- **هەموو کەسێك چوار چاوی هەیە. دەگێڕنەوە:** خالدی معدان فەرموویەتی: هەموو کەسێك چوار چاوی هەیە، بە دووچاوی دونیا دەبینێ، بە دووچاوەکەی تر قیامەت دەبینێ.

Scanned with CamScanner

• 878- **منداڵی چاك. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر هەموو بەیانیەك باوان لەمنداڵی ڕازی بێ، ئەوا دوو دەرگەی بەهەشت لەو منداڵە دەبنەوە، هەروەها ئێوارانیش دوودەرگە، ئەگەر ناڕازی بن ئەوا دوو دەرگەی دۆزەخ لەبەیانیان، دوو دەرگەش لەئێواران. ئەگەر یەکێکیان ناڕازی بێ، ئەوە دەرگەیەك. (زید الأرقم).

• 879- **پێناسەی زوهد. دەگێڕنەوە:** پیاوێ هاتە لای (حاتم لاصم) گوتی: سەرەتای زوهد چیە؟ گوتی: متمانە بە خودا. گوتی: ناوەندی چیە؟ گوتی: ئارامی. گوتی: دواییەکەی چیە؟ گوتی: کارکردن بۆ خودا بە دڵسۆزی.

• 880- **دڵ لەدووشت گە نجە. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: پیاو لەدووشت دڵی گەنجە: خۆشەویستی دنیاو هیوا درێژی

• 881- **پاڵەوانی خودا** . دەگێڕنەوە: جارێ پێغەمبەر بەلای هەندێ هاوەڵ تێپەڕی بەردێکی گەورەیان بەرز دەکرد، فەرمووی ئەوە چییە؟ گوتیان: ئێمە لەسەردەمی نەفامی بەو بەردەمان دەگوت بەردی پاڵەوانان فەرمووی من پاڵەوانتان پێ دەڵێم پاڵەوان ئەو کەسەیە لەکاتی ڕقو قین دەروونی خۆی لەدەست بێ.

• 882- **کەی دەبیە زانا؟ دەگێڕنەوە:** لەپیاو چاکان پیاو بە سێ شت دەبێتە زانا: یەکەم: بە کەم سەیری پیاوی لەخۆی کەم زانستتر نەکات، دووهەم: حەسوودی بە پیاوی لەخۆی زانا تر نەبات، تا بە هیچی دابنێ، سێهەم: زانستەکەی بۆ پارەو پوول نەبێ.

Scanned with CamScanner

• 883- **شێوەی غەیبەت کەر. دەگێڕنەوە:** لەپیاو چاکان شێوەی ئەو کەسەی غەیبەت دەکات، وەك پیاوێکە ئاگرێکی گەورەی کردبێتەوە، لەهەموو لایەك چاکەی تێ هەڵداتە ناو. هەروەها ئەگەر ناوی کەسێکیان لای تۆ هێنا، ئەوا تۆ دووهەم غەیبەت کەری!!

• 884- **پێنج کاری گرنگ. دەگێڕنەوە:** لەپێشەوا عەلی: پێنج کار تا بە تەواوی ئەنجامی نەدەی ناچێتە ئاسمان: ڕێزی موسڵمان، شوکری نیعمەت، مافی باوان، ڕێزی زانا، خودا پەرستی.

• 885- **گەمەی تاوڵە. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: شێوەی ئەو کەسەی کە تاوڵە دەکات وەك پیاوێکە بچێ دەست نوێژ بە کێمو زوخاو بشوا، ئینجا نوێژ بکات. (أ).

• 886- **چوار پرسیاری قیامەت. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: هیچ کەسێ لەپردی سیرات نا پەڕێتەوە تا چوار پرسیاری لێدەکەن: تەمەنت لەچ خەرج کرد. گەنجیت لەچی خەرج کرد. سامانت لەچی دەستت کەوتو چۆن خەرجت کرد، بەزانستەکەت چ کارت کرد. (ت. البیهقی).

• 887- **چوار شت کەمیان زۆرە. دەگێڕنەوە:** لەجعفری محمد، چوار شت کەمیانو زۆریان وەك یەکە: ئاگر، ناکۆکی، هەژاری، نەخۆشی.

• 888- **پاداشتی ذکري لا الـه الا الله . دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: هەرکەسێك لا الـه الا الله ی گوتبێ لەئاگری دۆزەخ دەردەچێ، ئەگەر بە ئەندازەی یەك دەنکە گەنم، یا زەرەیەك باوەڕی

Scanned with CamScanner

هەبووبێ. (ب).

- 889- **زاناو پاشا. دەگێڕنەوە:** لە ئەبو ئەسوەدی دۆلی فەرموویەتی: شتێ لەزانست گەورە ترنییە، پادشا گەورەی کۆمەڵە، بەڵام زانا گەورەی پادشاشە.
- 890- **ئامۆژگاری لوقمانی حەکیم. دەگێڕنەوە:** دەیگوت: ڕۆڵە تاوانەکانت لەنێوانی چاوانت دابنێ، تا مەرگی خودا بە جێ دێنی،چاکەکانیش لەلای یەکێکە هەموویان لەبیر ناکات.
- 891- **ئازایەتی سێ هاوەڵ. دەگێڕنەوە:** لەجەنگی یەرموك فارسی هشامو، عەکرەمەی ئەبو جەهلو، سهیل عەمر بریندار بوون، ئاو گێڕێ ئاوی گیرا، ئەوانیش لەبەر سۆزی خۆشەویستی هەریەکە دەیگوت: با فیسار ئاوەکە بخواتەوە، تا هەرسێکیان شەهید بوون، کەسیان ئاوەکەیان نەخواردەوە!
- 892- **هارونە ڕەشیدی عێراقو مالیك. دەگێڕنەوە:** کاتێ هارونە ڕەشید چووە حەج، بە یەکێکی گوت بڕۆ بانگی بکە، پێم خۆشە مالك بێتە لام گوێ لەقسەکانی بگرم، مالك گوتی: من دەچمە لای بەڵام فەرموودەکان ناچنە لای، هارون چووە لای، گوتی: با کەس لەگەڵمان دانەنیشێ مالك گوتی: ئایین تەنها بۆ منو تۆ نەهاتووە گشتی یە.
- 893- **خەمی نزامە نەگ گیرا بوون. دەگێڕنەوە:** لەپێشەوا عومەر دەیگوت: من خەمی گیرا بوونی نزام نیە، خەمی نزاکردنم هەیە، واتا: گرنگ ئەوەیە نزا بکەی.

Scanned with CamScanner

• 894- **گـه نجێکی عێراقـی. دەگێڕنـەوە:** جارێکیـان وەفـدێك لەعێراقەوە چوە لای عومەر عەبدولعەزیز، عومەر گـوتی: کامـەتان بـە تەمەنتڕن با ئەو قسەبکات. گەنجەکـە گـوتی: پاشـا ئەگـەر حـوکم بـە تەمەن، بێ لەتۆ بە تەمەنتر هەیە بـۆ پاشـایەتی!. عومـەر گـوتی: ڕاسـت دەکەی.

• 895- **ئامۆژگـاری حەسـەنی بەصـری. دەگێڕنـەوە:** فەرموویـەتی: سزادانی زانایان لەلای خودا دڵ مردنە، جا کە دڵی مرد، هۆی ئەوەیە: بە کاری قیامەت دونیای کڕیوە!!

• 896- **ئامۆژگاری عومەرخەتاب دەگێڕنەوە:** نامەیەکی بۆ ئەبو موسـای ئەشعەری نووسی: ئەگەر بتـوانی هـەموو چـاکەیەکت لەرەزامەندییـە ، ئەگینا ئارامبە!!

• 897- **خەرجکردنی پارە لەخراپە. دەگێڕنەوە:** لەپیاو چـاکان ئەگـەر یەك درهەم لەخراپە خەرج بکەی، ئەوە زیـادە ڕەویـت کـردوە، بـەڵام ئەگەر پڕ بە زەوی لەچاکە خەرج بکەی، ئەوە زیادە ڕەوی نییە.

• 898- **دەوری دڵ لەجەستە. دەگێڕنـەوە:** پێغەمبـەر(ﷺ) فەرموویـەتی: پارچە گۆشتێ لەجەستە هەیە، ئەگەر چاك بوو، جەسـتە هـەمووی چـاك دەبێ، ئەگەر خراپ بوو، جەستە هەمووی خراپ دەبێ، ئەویش دڵە.

• 899- **نوێژ بەبێ فاتحە نـابێ. دەگێڕنـەوە:** پێغەمبـەر(ﷺ) بـە ئـەبو هورەیرەی فەرموو: برۆ لەنێو خەڵك بانگ بکە، خودا نوێژ بـەبێ فاتحـە قبول ناکا.

Scanned with CamScanner

• 900- **سزاو بەخشندەیی خودا. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر باوەڕدار بزانێ سزای خودا چەندە؟ هەرگیز چاوی لەبەهەشت نەدەبوو. ئەگەر بێ باوەڕ بزانێ بەخشندەیی خودا چەندە، هەرگیز لەبەهەشت نائومێد نەدەبوو!!

• 901- **شێوەی باوەڕدار. دەگێڕنەوە:** وەك نەخۆش و پزیشك ئاوایە. کە پزیشك دەڵێ ئەو خواردنە باشە ئەوە خراپە، ئەوە جارێ مەخۆ، خوداش نامەی خۆی بۆ باوەڕدار ڕەوانە کردووە، ئەوە ڕەوایە، ئەوە ناڕەوایە.

• 902- **تۆ کارت بە خودا نییە. دەگێڕنەوە:** جارێکیان پیاوێك لەتەنیشت عبداللەی مبارەك نوێژی کۆمەڵی دەکرد، کە لە نوێژ سلاوی دایەوە، پیاوەکە ڕۆیشت(عبدالله)ش بە توندی کراسی گرت و گوتی: باشە تۆ کارت بە خودا نییە، بۆچی لەپاش نوێژەکەت نزاو پاڕانەوە ناکەیت.

• 903- **ئامۆژگاری جنید. دەگێڕنەوە:** فەرموویەتی: دڵسۆزی شتێکی شاراوەیە لەنێوان خوداو بەندە..! نە فریشتە دەزانێ کە پاداشتەکەی بنووسێ، نە شەیتان دەتوانێ خراپی بکات، نە هەواو ئارەزووی خاوەنەکەی دەتوانێ بیگۆڕێ.

• 904- **خودا ڕقی لەچوار کەسە. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: خودا ڕقی لەفرۆشیاری سوێند خۆر، هەژاری لووت بەرز، پیرەمێردی دامەن پیس، پاشای ناهەقە.(ن).

• 905- **بێنی بەهەشت ناکات. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی:

Scanned with CamScanner

کەسێك فێرە زانستێ بوو لەبەر خودا، لەپاشاندا بە هۆی ئەو زانستە کەوتە دوو دونیا، ئەوە بۆنی بەهەشت ناکات.(د)

- 906- **ئەوەندەت بەسە. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) بە عبدالله ی خبیی گوت: هەموو بەیانیەك و ئێوارەیەك سورەتی(الإخلاص، المعوذتین) سێ جار بخوێنە ئەوەندەت بەسە.
- 907- **بانگی برات مەکە بە کافر. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر موسڵمانێ بڵێ: هەی کافر، یا فاسق ئەوە ئەگەر کابرا کافرو فاسق نەبێ بۆ خۆی دەگەڕێتەوە. (ب).
- 908- **سێ ڕەوشتی ئەولیا. دەگێڕنەوە:** لەیەحیای معاذ، یەکەم متمانەی هەر بە خوایە، دووهەم خۆی لەبەر خودا پێ دەوڵەمەندە، سێهەم لەهەموو شتێ دەگەڕێتەوە لای ئەو.
- 909- **سەرۆك قەردی موسڵمانان دەداتەوە! دەگێڕنەوە:** لەسەردەمی عومەری عەبدولعەزیز، کاربەدەستێکی هەبوو لەباکووری ئەفریقیا نامەی بۆ ڕەوانە کرد. قوربان سەروەت و سامانی موسڵمانان زۆر بووە چی لێبکەم؟ عومەر گوتی: قەردی قەرداران بدەوە، گوتی: قەردارەکان خانوو وڵاخ و نوێنیان هەیە؟ عومەر گوتی: ئەوە شتێکە پێویستە هەموو کەس هەیێ.
- 910- **زیانەکانی دامەن پیسی. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: دامەن پیسی شەش زیانی هەیە، سیانیان لەدونیا: نەمانی نرخی دامەن پیس و، تووش بوونی هەژاری و، تەمەن کورتی، سیانیش

Scanned with CamScanner

لەدواڕۆژ، ڕقو قینی خوداو، لێپرسینەوەی خراپو، ئازاری دۆزەخ. (السيوطي).

- 911- **دامەن پیسی باوەڕ لادەبا. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: دامەن پیس کاتێ دامەن پیسی دەکات باوەڕی نییە. 2- دزیکەر کاتێ دزی دەکا باوەڕی نیە. 3- ئارەق خۆر کاتێ ئارەق دەخواتەوە باوەڕی نیە. (ب.م).
- 912- **گەورەترین دامەن پیسی. دەگێڕنەوە:** پرسیاریان لەپێغەمبەر(ﷺ) کرد، گەورەترین تاوان چی یە؟ فەرمووی: هاوبەشی دانانە بۆ خودای تاكو تەنها، گوتیان لەپاشاندا فەرمووی: دامەن پیسی کردن لەگەڵ ژنی هاوسێ.
- 913- **بلاوبوونەوەی دامەن پیسی. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: گەلی من هەر لەنێو چاکە دان تاكو دامەن پیسیان لەنێو بلاودەبێتەوە، کە بلاوبۆوە خودا هەموویان ئازار دەدا، باشو خراپ.
- 914- **سێ ڕەوشت لەسێ کات دەزانرێ. دەگێڕنەوە:** لوقمانی حەکیم گوتی: ڕۆڵە پیاوی نەرم لەکاتی توڕەیی دەناسرێ پیاوی ئازا لەکاتی جەنگ دەناسرێ، برادەریش لەکاتی پێویستی.
- 915- **ئامۆژگاری پێشەوا عوسمان. دەگێڕنەوە:** کەسێك دونیا بەندیخانەی بێ، گۆڕ بەهەشتیەتی، ئەگەر دونیا بەهەشتی بێ، گۆڕ بەندیخانەیەتی. ئەگەر پشت لەدونیا بکات، خودا لەدواڕۆژ پاداشتی دەداتەوە.

Scanned with CamScanner

• 916- **زەردی شەیتان و قازا نجی ئادەم. دەگێڕنەوە:** لەیوسف فەرموویەتی: ئادەم چونکە مل کەچ بوو، تووشی لێبووردن و ڕێز بوو لەلای خودا، بەڵام شەیتان چونکە لەخۆ بایی بوو تووشی زیان بوو.

• 917-**شادی لەکاتی مەرگ. دەگێڕنەوە:** لەعەبدوڵڵای حماد دەڵێت: لەسەرە مەرگ چوومە لای بشري منصور، زۆر شادو دڵخۆش بوو، گوتم تۆ وا لەسەرە مەرگی ئەوەندە روو خۆشی؟ گوتی: سبحان الله وا لەنێو زۆردارو دزو پیاو کوژان دەڕۆم دەچمەوە لای خودا، چۆن دڵخۆش نەبم!.

• 918- **پێغەمبەر(ﷺ) لەکاتی مەرگی ئیبراهیمی کوڕی. دەگێڕنەوە:** کاتێ ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر(ﷺ)مەرگی خودای بەجێهێنا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی ئیبراهیم ئێمە لەبەر تۆ خەمدارین، چاومان ئەشك دەرێژێ، دڵمان خەمدارە، قسەیەك ناڵێین خودا پێی ناخۆش بێت.

• 919- **جوانی پیاو لەزمانەوەیە. دەگێڕنەوە:** جارێکیان پێغەمبەر(ﷺ) بە عەبباسی مامی فەرموو: جوانی تۆ دڵی خۆشکردوومە، مامی گوتی: جوانی پیاو چی یە؟پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: زمانە.

• 920- **هەموو شتێ ئاشکرا دەبێ. دەگێڕنەوە:** جارێکیان داود پێغەمبەر خەریکی ئاسنگەری بوو، لوقمان خەریك بوو بڵێ ئەوە چی دروست دەکەی؟بەڵام دەنگی نەکرد. دوای کەمێك داود زرێیەکی دروست کردو هەر خۆی گوتی: زرێیەکی جوانە! لوقمان گوتی: کڕو کەبی

Scanned with CamScanner

دانایيه، بەڵام بکەری ئەو شتە کەمن.

- 921- **ئامۆژگاری پێشەوا عومەر بۆ کوڕەکەی. دەگێڕنەوە:** لەسەرە مەرگ بەعبدالله ی کوڕی گوت: ڕەوشتی باوەڕ ئەمانەیە: ڕۆژو گرتن لەگەرما، دوژمن کوشتن بە شمشێر، ئارامی لەکاتی ناخۆشی، دەست نوێژ لەکاتی ساردی، زۆر نوێژکردن لەکاتی هەورو باران، ئارەق نەخواردنەوە.
- 922- **وەڵامی عبدالله ی عەباس و مەسروق. دەگێڕنەوە:** پرسیاریان لەعبدالله ی عەباس کرد. ئایا پیاوێ نەزری کردبێ کوڕەکەی سەر ببڕێ لەجیاتی سەربڕین گوناه شۆری چی یە؟ فەرمووی: سەربڕینی سەد وشتر. مەسروق زانایەکی شوێن کەوتوو بوو گوتی: وەڵامەکەی هەڵەیە هەر مەڕێکە. چونکە خۆ لەکوڕی کابرا لەئیسماعیل پێغەمبەر گەورەتر نیە، کە گوناه شۆری بەرانێك بوو!.
- 923- **خراپەو چاگە. دەگێڕنەوە:** لەپیاو چاکان ئەگەر خودا بەندەیەکی مل کەچ کرد، ئەوە خودا پەرست دەبێ، قەناعەتی دەبێ، شارەزا دەبێ لەئایینو یەقینی بەهێز دەبێ. ئەگەر بەندەکەش مل کەچی نەکرد، ئەوە سامانی خۆش دەوێ، هیوای درێژ دەبێ، خەریکی دنیا دەبێ، تووشی ئارەزوو دەبێ.
- 924- **وانەی تێرو پڕ. دەگێڕنەوە:** عیسا پێغەمبەر بە هاوەڵەکانی گوت: کابرایەك رووت بێ چی لێ دەکەن؟ گوتیان: بەرگی لەبەر دەکەین، گوتی: نەخێر کە باسی یەکێك دەکرێ، بۆ زاری باس کەرەکە

Scanned with CamScanner

ناگرن، ئەوە بەرگ لەبەر کردنە.

- 925- **چۆنیەتی واز هێنان لەدەعیە. دەگێڕنەوە:** سەعدی وەقاص گوتی: ڕۆڵە: واز بهێنە لەدەعیە، بۆ واز هێنان بیر بکەوە لەئەو خودایەیتۆی هێناوەتە بوون، لەپاش هاتنی هەجەل، بۆ لای خۆی دەیباتەوە.
- 926- **خەم نەخواردن. دەگێڕنەوە:** لەپێشەوا عەلی لە ئەشعەثي قیسی گوتی: ئەگەر ئارام بگری لەسەر گرفتێ ئەوا پاداشتت بۆ دەنووسرێ، لەگەڵ پێنووسی خۆدا چی ناگوترێ. بەڵام ئەگەر ئارامگری ئەوا تاوانت بۆ دەنووسرێو لەگەڵ پێنووسی خودا چی ناگوترێ.
- 927- **شاردنەوەی ناخۆشی. دەگێڕنەوە:** لەکەعب گوتی: لەتەوراتدا نووسراوە، هەر کەسێك گرفتی خۆی لەلای خەڵك باس بکات، ئەوە سکاڵای لەخودا کردووە.
- 928- **سوودی گرفت. دەگێڕنەوە:** جارێ عەرەبێك بەلای ماڵێکدا تێپەڕی، ماڵەکە شینو گریانیان بوو، گوتی: ئەوە بۆ؟ گوتیان یەکێکیان مردووە، گوتی: ئەوانە رقیان لەقەزای خودا دەبێتەوەو لەپاداشتی دوور دەکەونەوە.
- 929- **پێشەوا عومەرو فرۆشیار. دەگێڕنەوە:** هەموو جارێ دەچووە بازڕ، گۆچانێکی لەدەست دابوو، پرسیاری لەدوکاندارەکان دەکرد، ڕەوا چۆنە؟ نارەوا چۆنە؟ ئەگەر نەیانزانیبوایە لێی دەدان!.
- 930- **دەردو دەرمان بەدەست خودایە، دەگێڕنەوە:** لەئیبراهیم

Scanned with CamScanner

پێغەمبەر فەرمووی: خودایە دەرمان کێ داناوە؟ خودا فەرمووی: من ئیبراهیم گوتی: ئەی دەرد؟ خودا فەرمووی: من، ئیبراهیم گوتی: کەواتە بۆ بچینە لای پزیشك خودا فەرمووی : پزیشك رەوانە کراوی منە.

- 931- **بازرگانی ڕاستگۆ. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (التاجر الصدوق المسلم مع الشهداء يوم القيامة). ابن ماجە. واتا: بازرگانی موسڵمانی ڕاستگۆ لەدواڕۆژدا لەگەڵ شەهیدەکانە.
- 932- **پاداشتی کاسبکار. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ئەو کەسەی بێوەژنو هەژار بەخێو دەکات، وەك ئەو کەسەیە کە خەبات دەکا لەڕێی خوداو لەشەوو ڕۆژدا بەڕۆژووە. (ابن ماجه).
- 933- **نەرمی لەتێکەو لێکەدا. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: بەخشندەیی خودا لەو پیاوەی لەکاتی کڕینو فرۆشتنو قەرد دانەوە نەرمە. (رحم الله عبدا سمحا اذا باع سمحا اذا اشترى سمحا اذا اقتضى). (ابن ماجه).
- 934- **فرۆشیاری سوێند خۆر. دەگێڕنەوە:** جارێ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خودا لەڕۆژی دوایی قسە لەگەڵ سێ کەس ناکاتنو سەیریشیان ناکات، ئازارێکی بە ئێشیان بۆ هەیە. ئەبو ذەر گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەوانە کێن بە فتارەت چوون؟ فەرمووی: ئەوەی جلی شۆڕ لەبەر بکاتنو خێر بە مننەت بکاتو لەکاتی فرۆشتن هەتا لێی بکڕن سوێند بخوات.. (ابن ماجه).

Scanned with CamScanner

• 935- **مافەکانی میوان: دەگرێنەوە:** لەپیاو چاکان مافی میوان سێ شتە: خۆراکی رەوای لەپێش دابنێی- چاودێری کاتی نوێژەکانی بکەی- داوای هیچ شتێکی لێ نەکەی.

• 936- **نزای چوونە باژێر. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: کاتێ چوونە باژێرِ ئەم نزایە بکەن: لا اله الا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد وهو حي لا يموت بيده الخير وهو على كل شيء قدير. هەزار هەزار خراپەی رِەش دەبێتەوە، خانوویەکی لەبەهەشت بۆ دروست دەکەن.

• 937- **هەندێ لەکارو پیشەی پێغەمبەران. دەگێڕنەوە:** ئادەم پێغەمبەر جووتیاری کردووە. حەوای خێزانی خوری رِێس بووە، ئیدریس پێغەمبەر جل دوورین‌و خۆش نووسی کردووە، نوح‌و زەکەریا پێغەمبەر دارتاش بوونە، هودو صالح پێغەمبەر بازرگان بوونە، ئیبراهیم پێغەمبەر جوتیارو دارتاش بووە، ئەیوب جووتیار بوە، داود پێغەمبەر ئاسنگەر بووە، موساو شعیب‌و محمد شوان بوونە سلاوی خودایان لەسەر بێت.

• 938- **پێشەوا عەلی‌و قورِکێشان. دەگێڕنەوە:** جارێکیان برسیەتی زۆر کاری لێدەکات. لەدەوروبەری مەدینە دەگەرِێ، تا تووشی ژنێ دەبێ، کە خۆلێکی زۆری کۆ کردۆتەوە. دەیەوێ بە کرێکارێ بیکاتە قورِ، پێشەوا عەلی لەگەلی رِێککەوت هەر سەتلێ بە دەنکە خورمایەك، تا شازدە سەتلی بۆ کردە قورِ، لەپاشاندا دەستی پفکەی لێهات، چیدی کاری پێنەکرا، چووە لای پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) زۆر کەیفی

Scanned with CamScanner

خۆش بوو، بە ئەو کارەی پێشەوا عەلی، هەندێ خورماشی لەگەڵ خوارد.

- 939- **جوتیار پشتی بە خودا بەستاوە. دەگێڕنەوە:** جارێکیان پێشەوا عومەر لەیەمەن، بە لای کۆمەڵە کەسێك تێپەڕی فەرمووی: ئێوە چین؟ گوتیان ئێمە پشتمان بە خودا بەستاوە؟ گوتی: درۆ دەکەن، ئەو کەسە پشتی بە خودا بەستاوە، کە دەنکە گەنمێك ماوەی(5-6) مانگ لەژێر زەوی دەشارێتەوە، تاکو بەرهەمێکی بکەوێتە دەست.
- 940- **پێغەمبەر(ﷺ) ئیشی بۆ پیاوێك دۆزی یەوە. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) بەپیاوێکی ئەنساری هەژاری گوت: باشە چیت لەماڵدا هەیە؟ گوتی: تەنها جلێك، هەم بۆ ڕاخستن هەم بۆ لەبەرکردن لەگەڵ جامێك، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بڕۆ بیان بهێنە، کە هێنای فەرمووی: ئەی یاران ئەو جلەو قاپە بە چەند دەکڕن یەکێك گوتی: درهەمێ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کێ زیادی دەکات؟ یارێك گوتی: دوو درهەم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بڕۆ درهەمێك خەرج بکە بۆ ماڵۆ پاشان ئەو درهەمەش بە تەور بدە دارێکی ئەستوورو چاکی بەدەستی پیرۆزی لەتەورەکە قایم کرد فەرمووی: هەتا پانزە ڕۆژ نەتبینمەوە، دوای پانزە ڕۆژ کابرا هاتەوە لای پێغەمبەر(ﷺ) (10) درهەمی ئیش کردبوو، ئینجا فەرمووی: دەرۆزە ڕووی پیاوەتی دەبا.
- 941- **خودا پەرستی کارنەکەر. دەگێڕنەوە:** یاران لەلای پێغەمبەر(ﷺ) باسی پیاوێکیان کرد کەوا زۆر نوێژکەرو رۆژوو گرو

Scanned with CamScanner

قورئان خوێنە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی کێ نانو ئاوی پێدەدا گوتیان: هەموومان، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: هەمووتان لەئەو چاکترن.

- 942- **کارکردن بۆ منداڵی ساوا پەسندە. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: کار بە ژنو منداڵی ساوا مەکەن، چونکە ژنەکە ئەگەر کارەکەی پێ ئەنجام نەدرا، نەوەك تووشی دامەن پیسی بێ، منداڵیش ئەگەر شتەکەی نەفرۆشرا، نەوەك دزی بکات، فەرمووی: ژن با نان بکاو خوری بڕیسێ(واتا کاری بە پەنجە بۆ ژنان).
- 943- **ئامۆژگاری لوقمان لەبارەی کار. دەگێڕنەوە:** فەرمووی: ڕۆڵە، کاری ڕەوا بکە چونکە، هەر کەسێك کار نەکاتو هەژار بێ تووشی سێ نەخۆشی دەبێ: یەکەم ئایینەکەی نەرم دەبێ، هۆشی کەم دەبێ، پیاوەتی دەڕوات.
- 944- **هەندێ کاری پێغەمبەر(ﷺ). دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) بە خۆی لەبازاڕ کەلو پەلی خۆی هێناوەتەوە ماڵ، ولاخی ئالیك داوە، ئاردی لەگەڵ خێزانەکانی لێکردووە ، خۆڵی کێشاوە لەڕۆژی خەندەق، هەتا هەموو سینەی خۆڵۆ تۆز بوو، خشتی کێشاوە بۆ دروست کردنی مزگەوت، هەروەها دیواری کردووە، لەپاشان منداڵەکانی خالد یارمەتیان داوە، ئەویش نزای بۆ کردوون.
- 945- **موسا پیغەمبەر. دەگێڕنەوە:** جارێکیان پێغەمبەر(ﷺ) سورەتی(القصص)ی دەخوێندەوە. تا گەیشتە باسی موساو شعیب پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: موسا پێغەمبەر لەبەر خاتری خواردنی

Scanned with CamScanner

ڕۆژانەی خۆیو دامەنی (8 یا 10) ساڵ شوانەتی کرد. تا شعیب کچەکەی خۆی بداتێ. (ابن ماجه).

- 946- **ڕێزی کرێکار لەلای پێغەمبەر(ﷺ). دەگێڕنەوە:** جارێکیان پیاوێکی چوستو چاپوك بەلای پێغەمبەر(ﷺ)و یاران تێپەڕی، یاران گوتیان خۆزگە ئەو پیاوە، بۆ غەزا دەچوو نەك کرێکاری، پێغەمبەر فەرمووی: یاران ئەو پیاوە ئەگەر منداڵی ساوای بەخێوبکا، یا دایكو باوك ئەوەش غەزایە. ئەگەر بۆ ناوو دەنگیش کاربکات ئەوە بۆ شەیتانە. (الطبراني).
- 947- **عەبدولرەحمانی عەوفو تێکەو لێکە. دەگێڕنەوە:** لەو کاتەی عەبدولرەحمانی عەوف چووە مەدینە واتا کاتی کۆچکردن، پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ سەعیدی ڕەبیع کردیە دۆستو سەعید گوتی: لەماڵو ژن هاوبەشم بە. کامە ژنی منت دەوێ بۆتی تەڵاق دەدەم. کامە سامانت دەوێ پێتی دەدەم، گوتی: نەخێر تەنها باژێرم نیشان بدە. سەعید بردیە باژێر، لەباژێر وشتری دەکڕیو دەفرۆشت لەماوەیەکی کەم حەفت سەد وشتری قازانج کرد.
- 948- **پێشەوا عەلی لەجەژنانە. دەگێڕنەوە:** جارێ پیاوێ لەجەژنی ڕەمەزان چووە لای پێشەوا عەلی سەیری کرد، وا نانی وشك دەخوا!.
- 949- **یەکەمین بەندیخانەی موسلمانان. دەگێڕنەوە:** یەکەمین کەسێ بەندیخانەی کڕی پێشەوا عومەر بوو، لەصفوان أمیەی کڕی بە چوار هەزار درهەم.

Scanned with CamScanner

• 950- **کەراماتی ئەولیا. دەگێڕنەوە:** جارێ پێشەوا عومەر بە حەنزەلە گەیشت گوتی: ئەوە بە گورجی بۆ کوێ دەچیت؟ گوتی: بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) ڕەوشتێکم هەیە پێم وایە نیفاقە، عومەر گوتی: منیش ئەو ڕەوشتەم هەیە، منیش لەگەڵت دێم کە چوونە لای پێغەمبەر(ﷺ) گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە کە لەلای تۆ دەبین زۆر چاکو باشین کە دەڕۆین، لەبەر گرفتی کارو خێزانو تێکەوڵێکە دینداریەکەمان وەك ئێستا نیە. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: سوێندم بە خودا ئەگەر ئێوە لەهەموو کاتێ وەك ئەوکاتەی لای من بن ئەوا فریشتەی خودا تەوقەتان لەگەڵ دەکا، بەڵام خودا پەرستیەکەی ئێوە دەم دەمییە!.

• 951- **پێشەوا بوخاریو زانستی. دەگێڕنەوە:** شەوێك لەشەوان نووسینەوەی دەکرد، چراکەی دەکوژاوەو هەڵی دەگیرساندەوە، نزیکەی بیست جاری خایاند کوژانەوەی چراکەی، ئەوهەڵی دەگیرساندەوە.

• 952- **نازو نیعمەتی خودا. دەگێڕنەوە:** لە الطبراني، نازو نیعمەتی خودا لەلای کۆمەڵە کەسێك، ئەگەر کاروباری هەژارانیان پێك هێنا ئەوە باشە، ئەگینا خودا نازو نیعمەتەکەیان دەداتە یەکێکی تر.

• 953- **سکت بە سێ کەس بسووتێ. دەگێڕنەوە:** لەپیاو چاکان، سکت بە سێ کەس بسووتێ: گەورەیەك گەورێتی نەمابێ، دەوڵەمەندێ هەژار بووبێ، زانایەك نەفام گاڵتەی پێبکەن.

• 954- **لە پێش لەدایکبوونتان چاکەم کردووە. دەگێڕنەوە:** عەرەبێك

Scanned with CamScanner

بە کوڕەکانی گوت: لەتەمەنی گەورەیی‌و بچووکیتان چاکەم لەگەڵ ئێوە کردووە. هەروەها لەپێش ئەوەی لەدایك بن، گوتیان دەزانین لەکاتی بچووکی، ناوێکی جوانت لێناوین هەروەها لەکاتی گەورێتی چاکەت هەیە، بەڵام لەکاتی پێش لەدایکبوونمان چاکەت چی یە؟ گوتی: دایکێکی چاکم بۆ هێناون.

- 955- **مرۆڤو فریشتەو شەیتان. دەگێڕنەوە:** لەدانایەك خودا فریشتەی دروست کردووە هۆشیان هەیە، ئارەزوویان نیە، شەیتانی دروست کردووە هۆشی نیە، ئارەزووی هەیە، مرۆڤی دروست کردووە هۆش‌و ئارەزووی هەیە، ئەگەر مرۆڤ زاڵ بێ لەسەر ئارەزوو ئەوە لەفریشتە چاکترە. ئەگینا لەشەیتان خراپترە.
- 956- **پێنج پرسیارم لە700 زانا کرد، یەك وەڵامیان دامەوە. دەگێڕنەوە:** شقیق ئیبراهیم دەڵێت: ئەم پێنج پرسیارەم لە700 زانا کرد، یەك وەرامیان دامەوە. گوتی: کێ عاقلە؟ گوتیان: ئەوەی دونیای خۆش نەوێ، گوتم کێ زیرەکە؟ گوتیان: ئەوەی دونیا هەڵی فریوێنێ، گوتم: کێ رژدە؟ گوتیان: ئەوەی بەشی هەژاران نادات، گوتم: کێ زانایە؟ گوتیان: ئەوەی داوای زیادە نەکات.
- 957- **زەکات بۆ لەش ساغ ناپەسەندە. دەگێڕنەوە:** لەحەجی مالئاوایی دوو پیاوی ساغ‌و دەوڵەمەند هاتنە لای پێغەمبەر(ﷺ). پێغەمبەر(ﷺ) لەو کات زەکاتی دەدا هەژاران، کە تەماشای کردن. لەپاشاندا چاوی هێنایە خوارو فەرمووی: ئەگەر دەتانەوێ زەکاتتان

Scanned with CamScanner

دەدەمێ، بەڵام بەشی دەوڵەمەندو لەش ساغ لەزەکاتدا نییە. (د.ن).

- 958- **سامانی کیسراو قەیسەر نامێنێ. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کیسرا نامێنێ، قەیسەر نامێنێ. بەو خودایەی گیانی محمدی لەدەست دایە. ئێوە گەنجینەی ئەوان بە زەکات دەدەن لەپێناوی خودا.!
- 959- **قەردی مردووی نەبووە لەسەر پێغەمبەرە(ﷺ) دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: من بۆ باوەڕداران لەدەروونی خۆیان لەپێش ترم، هەرکەسێك لەوان مرد قەردی لەسەر بوو، نەیبوو بۆی بدەنەوە قەردەکە لەسەر منە، ئەگەر سامانی جێهێشت ئەوە بۆ میراتگری خۆیەتی. (ب.م).
- 960- **خێرکردن بە خزمان. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: خێرکردن بە هەژاران لەلای خودا پاداشتێکی هەیە، بەڵام ئەگەر خزم بوو ئەوە دوو پاداشتی هەیە: یەکێك لەبەر خزمایەتی، ئەوی تر لەبەر هەژاری.(أ.ت.ن)
- 961- **پێشەوا مالیك. دەگێڕنەوە:** دەیگوت: زوهد ئەوە نیە سامانت نەبێ، زوهد ئەوەیە خەیاڵی سامان نەکەی، ئەو پیاوە لەشاری پێغەمبەر پێڵاوی لەبەر نەدەکرد، بە سواری وڵاخ نەدەڕۆیشت لەبەر ڕێزی بەرامبەر پێغەمبەر. دوا وشە کە لەزاری پیرۆزی دەرچوو ئایەتی قورئان بوو (لله الأمر من قبل ومن بعد). پەرتووکەکەی داینا بە ناوی الموطأ، یەکەم پەرتووکە لەسەر سوننەتی پێغەمبەر کە دانراوە.هۆی دانانی پەرتووکەکەی ئەوەبوو خەلیفە جعفر منصور لەحەج تووشی بوو گوتی:

Scanned with CamScanner

پەرتووکێ دابێ موسڵمانان سوودی لێ وەربگرن. لەپاشاندا خەلیفە مەهدی لەحەج تووشی بوو، پێنج هەزار دیناری پێدا، هەروەها هەزار دیناریش بە فەقێیەکان، گوتی: پێم خۆشە لەهەموو شارەکانی ئیسلام بڵاوی بکەیەوە، بەڵام مالك ڕازی نەبوو گوتی: قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەرو قسەی هاوەڵان پەرتو بڵاوبۆتەوە. فەتوا بە پێی کاتو شوێن گۆڕانی بە سەر دادێ!! ئەو پەرتووکە نزیکەی چل ساڵ خەریکی بوو، جارێ پرسیاریان لێ کرد ئایا تەڵاقی بە تۆبزی دەکەوێت؟ گوتی: نەء، ئەم قسەیە لەنێو خەڵك بڵاوبۆوە، تا گەیشتە خەلیفە جعفری سلیمان گوتیان مەبەستی مالك هەر تەڵاق نیە، بەڵکە خەلیفایەتی ئێوەش کە بە تۆبزی بوونەتە خەلیفە دروست نییە، بانگی مالیکی کرد، مالك گوتی: بەڵێ خەلیفە هەر شتێ بە تۆبزی بێ دروست نییە!

- 962- **شێوازی تەقوا. دەگێڕنەوە:** لەپیاوێکیان پرسی تەقوا چۆنە؟ گوتی: کەسێك بە ناو دڕکو داردا بڕوات چۆن دەڕوات؟ گوتیان زۆر بە وردیو ئاگاداری گوتی: کەواتە ئەوە تەقوا بوو.
- 963- **عوتبەی ڕەبیعەی تاوانبار. دەگێڕنەوە:** یەکەمین کەس لەجوامێران موسڵمان بوو ئەبو بەکر بوو، لەئەو کات کافرەکان زۆر بەهێز بوون. چونکە دووسێ موسڵمان هەبوو، لەسەر ئەو زەویە پانو بەرینەدا. بەپێ بەسەر ئەبوبەکر دەکەوتن. عوتبە بە دوو نەعلەی گەورە لەسەرو ڕووی ئەبوبەکری دەدا. چاوو ڕووی ئەبوبەکر لەیەك

Scanned with CamScanner

دەکرانەوە لەبەر زام، شینو مۆر بوون، ئینجا هەر دەیگوت: پێغەمبەر ماوە. چی بە سەر هات؟!

- 964- **نێوانی پێشەوا عومەرو کار بەدەستێ.** دەگێڕنەوە: پیاوێ لەمزگەوت گوتی: قورت بە سەر عومەر بۆ دۆزەخ، پێشەوا عومەر گوتی: لەبەر چی؟ گوتی: سەرکارێکت هەیە لەمصر چ کارێ تۆ فەرمانی پێ دەکەی جێ بەجێ ی ناکات، پێشەوا عومەر گوتی: ئەگەر راست بکەی سزای دەدەم گوتی: بە دوایاندا نارد، گوتی: لێم گەڕێت دوایی دێمە لای عومەر، گوتیان ئەگەر نێی خانوەکەت بە سەردا دەسوتێنین، هێنایانە لای عومەر، پرسیاری لێ کرد کابرا گوتی: بەڵێ وام کردووە عومەر گوتی: کەواتە ئەوە گۆچانو 300 مەڕ بڕۆ بە شوان هەر کەسێ ئارەزووی لەشیربوو، با بخوات. جگە لەخێزانی عومەر بابخوات کابرا گوتی: قوربان تەنها ئەمجارە لێم گەڕێ، جارێکی دی کاری ئاوا ناکەم، جا پاشان عومەر ناردیەوە مصر بووە پیاوێکی چاك.
- 965- **نێوانی بەندەو شەیتان. دەگێڕنەوە:** لەپیاو چاکان، ئەگەر زانای بەزانستەکەت خۆت هەڵ مەدەوە، ئەگەر خودا پەرستی دەکەی ڕیایی مەکە، ئەگەر باوەڕت تەواوە واز لەڕای خۆت بیهێنە، ئەگەر لەسەر ئیسلام بەردەوامی، ڕزدو سوور مەبە لەسەر دنیا.
- 966- **کاری ساناو گران. دەگێڕنەوە:** لەپیاو چاکان، لەهەموو کارێ پشت بە خودا ببەستە ، ئەگەر گرانیش بێ، کارەکەت سانایە، بەڵام

Scanned with CamScanner

ئەگەر پشت بە خودا نەبەستی ئەگەر کارەکەت، ئەگەر ساناش بێ گرانە.

- 967- **خراپترین کەس. دەگێڕنەوە:** خراپترین کەس زانایەکە زانستی بفرۆشتە کاربەدەستی خراپ، کار بەدەستیش دواڕۆژ بفرۆشی بە دونیا.
- 968- **کێ ئازەڵە. دەگێڕنەوە:** کەسێك گوێی لەقورئان بێ نەترسێ، تاوانی بە بیر بێتەوە بیر نەکاتەوە، ئامۆژگاری وەرنەگرێ، لەکارەسات دڵ تەنگ نەبێ، لەلای زانایان فێر نەبێ، ئەوە ئازەڵە.
- 969- **رەچەڵەکی سەلمان. دەگێڕنەوە:** هەر جارێ بە سەلمانی فارسیان بگوتبوا باوکت کێ یە؟ دەیگوت، ئیسلام چونکە پێغەمبەر پێی فەرموو بوو، سەلمان تۆ لەئێمەی.
- 970- **سەلاحەددین و کەنیسە. دەگێڕنەوە:** لەدیمەشق کەنیسەیەك هەبوو، پارەیەکی زۆری لێ خەرج کرابوو، بە ناوی کەنیسەی مەریەم، سەلاحەددین نەی هێشت وێرانی بکەن گوتی: خودا فەرموویەتی: تۆبزی کردن لەئیسلام بوون نییە. هەروەها عومەریش وێرانی نەکردووە.
- 971- **سەلاحەددین و بەتریرك. دەگێڕنەوە:** (بەتریرك) قەشە دەبێ، لەکاتی ئازاد کردنی شارەکەی جێ دێلێ یەك مەنجەلی لا دەبێ، پڕ دەبێ لەزێڕ سەلاحەددین دەڵێ، موسڵمانینە دە لێ بگەڕێن، ئەوە پیاوی ئایینە!!
- 972- **پەیام تەواو بوو. دەگێڕنەوە:** جارێ پێشەوا ئەبو بەکرو عومەر لەپاش مەرگی پێغەمبەر(ﷺ)،چوونە لای (أم أيمن) دەگریا گوتیان لەبەر

Scanned with CamScanner

چیتە ئەم گریانە گوتی: پەیامی خودا تازە تەواو بوو!!

- 973- **رژدی. دەگێڕنەوە:** ڕۆژێ خوشکی عومەری (عەبدولعەزیز) گوتی: ئەگەر ڕژدی جل بێ لەبەری ناکەم. ئەگەر ڕێ بێ پیایدا نارۆم، ئەگەر چرا بێ لەبەری دانانیشم.
- 974- **نێوانی شەیتان و ئادەم.:** لەپیاو چاکان دەگێڕنەوە شەیتان لووت بەرزی کرد لەسەر ئادەم بۆیە نەفرەتی لێ کرا، ئادەم ڕشت بوو، لەسەر داری گەنم بۆیە لەبەهەشت دەرکرا، (قابیل) حەسوود بوو، بۆیە یەکەم کەس بوو کە مرۆڤێکی کوشت، ئەویش برای خۆی بوو.
- 975- **هەموو شتێ لەبەر خودابی. دەگێڕنەوە:** جارێ پێشەوا عەلی لەگەڵ کافرێ ڕووبەڕوی یەکتر بوون، پێشەوا عەلی لەپاش کەمێك کافرەکەی لەعەردی دا، کافرەکە تفی لەپێشەوا عەلی کرد. پێشەوا عەلی گوتی: بەرەڵلای بکەن، کافرەکە گوتی: لەبەر چی؟ گوتی: ئێستا ئەگەر بت کوژم لەبەر ڕقەکەمە، کافرەکەش لەبەر ئەم قسەیە موسڵمان بوو.
- 976- **درەخت شایەتی بۆ پێغەمبەر داوە. دەگێڕنەوە:** جارێ پێغەمبەر تووشی عەرەبێ بوو گوتی: وەرە موسڵمان بە گوتی: من **باوەڕت** پێ ناکەم، پێغەمبەر ڕووی لەدارێ کرد بە ناوی داری سومرە، دارەکە هاتە لای پێغەمبەر(ﷺ) گوتی: تۆ پێغەمبەری.
- 977- **نێوانی عیسا پێغەمبەرو شەیتان. دەگێڕنەوە:** جارێ شەیتان بە عیسای گوت: تۆ دەڵێی ئەوەی خودا نوسیوویەتی دەبێ، باشە بۆ

Scanned with CamScanner

خۆت لەسەر ئەو کێوە فڕێ نادەی؟ عیسا گوتی: هەی نەفرەت لێ کراو خودا دەبێ بەندە تاقی کاتەوە، بەڵام چۆن دەبێ بەندە خودا تاقی بکاتەوە؟.

- 978- **موسا پێغەمبەرو خودا. دەگێڕنەوە:** جارێ موسا فەرموویەتی: خودایە هۆی چی یە مێشولە واز لەپیاو ناهێنێ؟ خودا فەرمووی: مێشولە دەڵێ خودایە سەری ئەو پیاوە مێشولە بوایە، سەد هەزار مێشولەی دەکەوتێ، هەمووش زکری تۆیان دەکرد.
- 979- **هاوەڵێکی ئازا. دەگێڕنەوە:** لەجابر فەرموویەتی لەجەنگی (أحد) پیاوێ هەندێ قەسپی لەدەست دابوو گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەگەر من لەسەر ئایین بکوژرێم پاداشتم چی یە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرموو: بەهەشت. کابرا لەخۆشیان قەسپەکەی تێ هەڵداو چووە شەڕو شەهید بوو. (م)

980- **ئازایەتی ئەبو دجانە. دەگێڕنەوە:** جارێ پێغەمبەر شمشێرێکی لەدەست دابوو فەرمووی: کێ دەیەوێ هەریەکەیان دەیگوت من، لەپاشاندا فەرمووی: کێ هەقی دەدا، تەنها ئەبو (دجانە) دەستی درێژکرد، ئەو فەرمودەیە لەجەنگی أحد بوو، ئەبو دجانە سەری چەند کافری بە شمشێرەکە پەل دا.(م)

- 981- **جۆرەکانی برادەر. دەگێڕنەوە: لەمأمون فەرموویەتی:** سێ جۆرە برادەر هەیە: یەکەم وەك خۆراکە کە لەهەموو دەمێ دەخورێ، دووهەم وەك دەرمانە لەهەندێ دەم بە سوودە، سێهەم وەك دەردە

Scanned with CamScanner

لەهەموو کاتێ بێ سوودە.

- 982- **ئامۆژگاری لوقمان بۆ کوڕەکەی. دەگێڕنەوە:** جارێ کوڕەکەی گوتی: باوکە چاکترین ڕەوشت چی یە؟ گوتی: ئایین، گوتی: ئەگەر دوو ڕەوشت بوون، گوتی: ئایینو سامان، گوتی: سێ بوون، گوتی: ئایینو سامانو شەرم، گوتی: ئەگەر چوار بوون، گوتی: ئایینو سامانو شەرمو ڕوخۆشی، گوتی: ئەگەر پێنج بوون، گوتی: ئایینو سامانو شەرمو ڕووخۆشیو خێرکردن، گوتی: ئەگەر شەش بوون، گوتی: کوڕم ئەوەندە بەسە.
- 983- **ئادابی قوربانی لەڕۆژی جەژندا. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: کەسێك بە تەمای قوربانی بێ، با دە ڕۆژ لەپێش جەژن نینۆك و پرچی نەکات. (م).
- 984- **قوربانی نەکردن لەڕۆژی جەژن. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: کەسێك دەوڵەمەند بێو قوربانی نەکات، با نزیکی نوێژی جەژن نەکەوێت.
- 985- **نزای سێ کەس گیرا نابێ. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: نزای سێ کەس گیرا نابێ: کەسێك پەلە بکات، نزاکەی تاوانی تیادا بێ، بڕانی ڕەحمی تیادا بێ. (م)
- 986- **سێ کەس تکا دەکەن. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: لەدوارۆژدا سێ کەس تکایان گیرایە لەبارەگای خودادا، پێغەمبەران، زانایان، شەهیدان.

Scanned with CamScanner

• 987- **نێوانی پێشەوا عەلی و عومەر بە هۆی زاوایەتی. دەگێڕنەوە:** کاتێ پێشەوا عومەر کەلسومی کچی پێشەوا عەلی لەخۆی مارەکرد گوتی: خەڵکینە پیرۆزەم لێ بکەن. ئەوەش ئەوە نیشان دەدا، کەوا نێوانیان بەهێز بووەو بۆ بەهێزی تری چووە بە هۆی زاوایەتی.

• 988- **نێوانی پێشەوا عومەرو عەلی لەدادگا.** دەگێڕنەوە: پێشەوا عەلی یەکێ بوو لەئەو ئەنسارو موهاجیرانەی کە عومەر لەکاتی کێشەپرسی پێ دەکردن، بگرە عەلی یەکەم کەس بوو کە پرس و ڕای لێ وەر دەگیرا.

• 989- **پێشەوا عومەر حوسێنی خۆش ویستووە. دەگێڕنەوە:** جارێ پێشەوا عومەر بە حوسێن دەڵێ فلان کارم بۆ بکە. ئەویش تووشی عەبدوڵلای عومەر دەبێ، عەبدوڵلا دەڵێ تازە باوکم ئەو کارەی بە من نەکردووە چۆن بە تۆی دەکات؟ حوسێن لەبەر دوو دڵی دەگەڕێتەوە لای پێشەوا عومەر. پێشەوا عومەر دەڵێ ها چیت کرد؟ حوسێن دەڵێ تۆبەعەبدوڵلای کوڕت نەکردووە! عومەر دەڵێ کوڕم تۆ لەلای من خۆشەویستری لەعەبدوڵلای کوڕم!

• 990- **ڕێزی عومەر لەلای عەلی. دەگێڕنەوە:** جارێ پێشەوا عومەر بە هەشتاوی دەڕۆیشت عەلی گوتی: ئەوە بۆ کوێ دەچی؟ عومەر گوتی: وشترێکی زەکات بزر بووە دەیدۆزمەوە، عەلیش بە دوای کەوت لەگەڵی بدۆزتەوە عومەر گوتی: ئەگەر ڕەشە وڵاخێ لەزێی فوڕات بزر بێ، خودا لەڕۆژی دوایی تۆڵەکە لەعومەر وەردەگرێتەوە.

Scanned with CamScanner

• 991- **پێشەوا عومەر حوسێنی خۆش ویستووە. دەگێڕنەوە:** جارێ بەرگی دا هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)تەنها حەسەنو حوسێن مانەوە گوتی: بڕۆن بەرگ بۆ ئەوان لەیەمەن بهێنن، چونکە ئەم بەرگانەی لێرە هەنە بۆ ئەوان دەست نادات. کە هێنایان گوتی: ئێستا دڵم داکەت.

• 992- **عەلی نزای بۆ عومەر کردووە. دەگێڕنەوە:** جارێ لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆز، پێشەوا عەلی بەلای مزگەوت تێپەڕی گوتی: ئەی عومەر خودا گۆڕت ڕوناك بکاتەوە. هەروەك مزگەوتەکانت ڕۆناك کردەوە.

• 993- **دانانی ساڵی کۆچی بە هۆی عومەرو عەلی بوو. دەگێڕنەوە:** کاتێ پێشەوا عومەر ویستی ساڵنامەی ئیسلامەتی دابنێ، هەندێ کەس گوتیان با لەسەری ساڵ دەست پێ بکەین، لەئەو ڕۆژەی کە محمد بووەتە پێغەمبەر. یا لەدایك بووە، پێشەوا عەلی گوتی: نەخێر خۆشترین ڕۆژ ئەو ڕۆژەیە، کە پێغەمبەر لەزەوی کوفر کۆچی کردووە بۆ زەوی ئیسلام، ڕاست پێشەوا عومەر قسەکەی عەلی پەسەند کرد.

• 994- **نێوانی عومەرو لەبارەی مەعنی زائدە. دەگێڕنەوە:** کاتێ مەعن تەزویری کردبوو لەسەر ئەموستیلەکەی چووبوو پارەی لەخەڵکی کوفە سەند بوو. جا کە گرتیان هێنایانە لای عومەر هەندێ گوتیان: بیکوژە، هەندێ گوتیان لەقنارەی بدە. پێشەوا عەلی دەنگی نەکرد، پێشەوا عومەر گوتی: ئەی باوکی حەسەن بۆ دەنگ ناکەی، گوتی: من دەڵێم لێی بدە، عومەر بە قسەی ئەو
لێی داو بەندی کرد.

• 995- **پێشەوا عومەرو دۆزەخ. دەگێڕنەوە:** دەیگوت: دۆزەخ

Scanned with CamScanner

گەرمیەکەت سەختە، دوورو قوولی، پڕی لەئاسنی سۆرکراوە.

- 996- **هەناسەی دۆزەخ. دەگێڕنەوە:** دۆزەخ لەبەر زۆری گەرما لەبەر خودا پاڕایەوە فەرمووی: خودایە دوو هەناسەم پێ بدە، خودا دوو هەناسەی پێدا یەکێك بووە زستان، ئەوەی تر بووە هاوین.
- 997- **گەنجێکی خواناس. دەگێڕنەوە:** جارێ کچە دیانێ حەزی لەکوڕە موسڵمانێ دەکرد. ڕۆژێ گوتی: دەبێ بێیە لام، موسڵمانەکە دەستی لەسەر ئاگر داناو دەستی سووتا. یەکسەر کچەکە زێڕاندیو موسڵمان بوو.
- 998- **خۆپاراستن لەدۆزەخ. دەگێڕنەوە:** پێغەمبەر فەرموویەتی: کاتێ بەندە دەڵێ خودایە لەئاگری دۆزەخ بم پارێزە، خودا دەڵێ بەندەی من خۆی پاراستووە بەمن، دەیپارێزم لەئەو داوایەی کە کردویەتی.
- 999- **گرانەتا. دەگێڕنەوە: پێغەمبەر فەرموویەتی:** گرانەتا لەهەناسەی دۆزەخە، بە ئاو ساردی بکەنەوە.
- 1000- **پیاوچاکێك و گەرماو. دەگێڕنەوە:** جارێ پیاو چاکێ دەچێتە گەرماو هەندێ ئاو بە خۆی دادەکات، بەڵام چ ئاوێ، ئاوێکی گەرم، لەپاشاندا بیر دەکاتەوە کەوا خەڵکی دۆزەخ ئاوەکەیان چەندەها جار گەرمترو پیس ترو بەردەوامترە!!.

Scanned with CamScanner

تێبینی/ هێماکان

ب= بوخاری

م= موسلیم

ت= تورمزی

د= ئەبو داود

ن = نەسائی

أ = ئیبن ماجە

سوپاس بۆ خودا بەرگی یەکەم تەواو بوو چاوەڕێی بەرگی دووهەم بن (انشاء الله)

Scanned with CamScanner